# کرێکارانی جیهان یه کگرن!

# ئیکۆنۆمیسته کان نوێنه ری زانستی بۆرژوازین

---

## نوسینی: ن . ف . عه بدوڵا

ئاباری

١٩٩٣

### ڕوونکردنه وه یه ک

---

ئه وه ی له دوو توێی ئه م نامیلکه یه دایه ، تێزی ڕه خنه یه کی زانستیانه ی مارکسیستانه یه، له تێزی ئایدیالیستانه ی ئیکۆنۆمیسته کان.
ئه م ڕه خنه یه، زیاتر و زیاتر په یوه سته به ڕه خنه گرتن له فکری کۆمۆنیزمی کرێکاری.که منسوری حیکمه ت ده ربڕی سه رخه تی ئه و فکره ئیکۆنۆمیسته یه. ئه م ڕه خنه یه زیاتر له و نامیلکه یه ی منسوری حیکمه ت ده دوێت که له ژێر ناونیشانی (سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا) یه.
وه بڵاوکردنه وه ی سیمینارێک که بۆ ئه و نامیلکه یه ی منسوری حیکمه ت گیرابوو له لایه ن منسور خۆیه وه ئه ویش له ژێر ناونیشانی ( ده ر باره ی سیاسه تی ڕیکخستنی کرێکاریمان ) بڵاوکردبووه وه.

# ناوه ڕۆک

---------

باﺑﻪ ت | لاپه ڕه
---|---


1- پێشه کیه کی کورت........................................................3—4

2- ئیکۆنۆمیزم و سیاسه ت........................................................4—16

3- حیزب و ڕێکخستن........................................................16—29

4- ئه ڵقه ی کرێکارانی کۆمۆنیست و شێوه ی ڕێکخستنیان......................29--35

5- باشبوونی واقعی ژیانی پرۆلیتاریا........................................35--39

6- مارکسیزم و شۆڕشی کرێکاری........................................40—51

7- ڕێکخسینی سیاسی و شوێنه کان له جیهاندا..............................51--56

8- کۆمۆنیزم یان ئیکۆنۆمیزم........................................57--59

9- پاشکۆیه ک........................................................60--78

# ئیکۆنۆمیسته کان نوێنه ری زانستی بۆرژوازین

## پێشه کییه کی کورت

-------------

قسه و باسێک که له سه ر خه باتی ئابووری هه بێت، ئێمه له گه ڵ ناوبردنی ئه و مه فهوومه به مادییه ت بینینی له ژیانی ڕۆژانه ی چینی کرێکاردا ته نها ئه وه مان دێته به ر چاو که کێشمه کێشی نێوان پرۆلیتاریا و خاوه ن کاره.

به سه ر که وتن گه یشتنی ئه و خه باته، ته نها ڕیفۆرمێک به ده ست دێت. ئه و کاره که خه باتی ئابووری تیادا ده کرێت به میحوه ری سه ره کی خه بات ته نها له نه قابه یه کدا پیاده ده کرێت.

ئه گه ر ئێمه جولانه وه یه کی ماددی مه وجوود له کۆمه ڵگای ئه ورووپادا ببینین و لامان ڕۆشن بێت، که سه ندیکا کرێکاری یه کان یان یه کێتی یه کرێکاری یه کان له ئه ورووپادا ته نها خاڵێک که به ده ستی یه وه بده ن بۆ چینی کرێکار ئه ویش ڕیفۆرمێکی بچووکه بۆ کرێکاران که ئه مه ش له چاو پێشکه وتنی ته کنه لۆجیای پیشه سازی له ئه ورووپا و له زۆرێک له وولاتانی تری جیهاندا هیچی وانی یه. هه ر ئه م سه ندیکا و یه کێتی یه کرێکاریانه وه ک به ر به ستێک ڕێگرن له به رده م ڕه وتی دژایه تی چینایه تی و به رینی ئه و دژایه تی یه بۆ چینی کرێکار له به رامبه ر خاوه ن کار و ده وڵه تدا بچووک و به رته سک ده که نه وه.

به کورتی ئاو ده که ن به سه ر ئه و ئاگره ی که له نێوان چینی کرێکار و بۆرژوازی دا په ره ده ستێنێ، ئه و ئاگره ی که بۆ یه ک لابوونه وه ی جێگیربوونی باری ئه خلاقی و فه لسه فی و ئایدیۆلۆژی کۆمه ڵایه تی چینه کانی ناو کۆمه ڵ تین ئه سه نێت و به یه ک دیویدا ئه خات.

هه روه ها خه باتی ئابووری به و شێوه یه ی که له لای ئیکۆنۆمیسته کان هه یه. ناکرێت و نابێت به هه موو ئه ساسێکی جووڵانه وه ی چینایه تی چینی کرێکار.

هه ر له سه ره تای دروست بوونی دوو چینه كه ی ناو كۆمه ڵ ( پرۆلیتاریا و سه رمایه دار ) خه باتی ئابووری بۆ چینی كرێكار  به چاره سه ری ته واوه تی دژایه تی چینایه تی چینی كرێكار و سه رمایه دار نه گه یشتووه.

واته بۆ لابردنی په یوه ندی كار و سه رمایه له سه ر شانی پرۆلیتاریا به نه تیجه ی كۆتایی نه گه یشتووه. هه روه ها گۆڕانی كۆمه ڵایه تی مێژووی به شه ریه ت له سه رده می سه رمایه داری دا به خه باتی ئابووری به ده ست نایه ت.

هه روه ها بۆ گۆڕانی نیزامی سه رمایه داری پێویست به كاری سیاسی و شۆڕش گێڕی پرۆلیتاریا ده كات، بۆ ئه م كاره شۆڕش گێڕی یه پێویست به ووشیاركردنه وه ی پرۆلیتاریا ده كات، بۆ ئه وه ی بتوانێت خۆی له و كایه كۆمه ڵایه تی یه دا بناسێنێت و كاره كانی به باشی جێ به جێ بكات.

*****************************************************************************************

## ئیكۆنۆمیزم و سیاسه ت

------------------------

ئیكۆنۆمیزم خاسیه تی بیركردنه وه ی ئابووری یه كانه، واته ئابووری زانه بۆرژوازیی یه كان بۆ پیرۆز ڕاگرتنی نیزامی سه رمایه داری، ئابووری زانه كان به به رده وامی له هه وڵی ئه وه دان كه هه موو ژیانی پرۆلیتاریا له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا په یوه ست بێت به خه باتی ئابووری یه وه، ئه ویش وه ك كاركردی هاوبه شی  كاری سه رمایه داری بۆ ئه وه ی بچوكترین جوڵانه وه ی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا له هیچ ناوچه یه ك له ناوچه كانی دنیادا سه رهه ڵنه دات و كێشه ی نێوان پرۆلیتاریا و سه رمایه داران وه ك خۆی بمێنێت بێ ئه وه ی دژایه تیه كه توندوتیژ بكرێته وه.

واته به مانایه كی تر ئیكۆنۆمیسته كان به به رده وامی هه وڵ ئه ده ن كه پرۆلیتاریا دووربكه وێته وه له سیاسی بوونی خۆی وه ك سیاسی یه كی سه رده م، بۆ ئه وه ی گیانی ڕووبه ڕوو

بوونه وه ی كۆمه ڵایه تی گه وره له سه رده می سه رمایه داری دا له جموجۆڵدا نه بێت و خه فه بكرێت.

كه واته خاسیه تی بیركردنه وه و جوڵانه وه ی پڕۆلیتاریا لای ئیكۆنۆمیستێك ئه بێت  ته نها و ته نها هه ر په یوه ست بوون بێت به خه باتی ئابووری یه وه كه بۆ خۆی ئه م خه باتی ئابووری یه ته نها ده ستنیشان كه ری كێشه یه كی بچووكی پڕۆلیتاریا و خاوه ن كاره و نه بووه ته كێشه ی گه وره ی كۆمه ڵایه تی پڕۆلیتاریا و سه رمایه دار، وه ك نیزام و كۆمه ڵگایه ك.

 كێشه ی كۆمۆنیسته كان له گه ڵ خودی نیزامی سه رمایه داری دا كێشه یه كی مێژوویی گه وره یه كه كۆمۆنیسته كان به دوای به ده ست هێنانی په یوه ندیه كی  كۆمه ڵایه تی نوێوه ن، كه ئه م كێشه یه له سه رده می نیزامی سه رمایه داری دا وه ك جووڵانه وه یه كی سیاسی پڕۆلیتاریا كێشه یه كی سه روه ر قووڵتر و گرنگتره.

بالێره وه بێینه سه ر ئه و ده ربڕینانه ی كه منسوری حیكمه ت له نووسینێك له نووسینه كانی دا ده ربڕیوون" منسور له لایه كدا ئاوا باس له خه باتی پڕۆلیتاریا ئه كات و ئه ڵێت(( خه باتی ئابووری چینی كرێكار كۆڵه كه یه كی سه ره كی و حه یاتی خه باتی چینایه تی یه و زه مینه ی سه ره كی ئاگاداربوونی كۆمه ڵانی به رینی چینی كرێكاره له سیمای چینایه تی خۆیان. ل٤ "سیاسه تی رێكخستنمان له نێو كرێكاراندا" ))

ئه گه ر به ئاگایی یه وه سه رنج له دنیا بده ین، ئه بینین كه دنیا وه ك دنیایه كی واقعی و ماددی، كێشمه كێشی هه موو ڕۆژه ی پڕۆلیتاریا و سه رمایه داران كێشه ی بچووك و جوزئی خه باتی چینایه تی تیادا ده ر ده كه وێت، كه ئه ویش خه باتی ئابووری پڕۆلیتاریایه.

ئه م كێشه یه به نیسبه ت كۆمه ڵگای سه رمایه داری یه وه كێشه یه كی زۆر بچووكتره له و كێشه گه وره مێژوویی یه ی كه هه یه.  چوونكه داواكاری پڕۆلیتاریا له خه باتی ئابووری دا ناچێته سه ر داواكاریه كان كه تا مۆخ ڕۆبچێته خواره وه بۆ جه سته ی سه رمایه داران و نیزامه كه یان.

ئه م داواكاريانه له ڕيفۆرميكى بچووك واوه تر ناچێت، ئه م داواكاريانه هه ر له سه ره تاى دروستبوونى ئه م دوو چينه وه تێڕوانين ئه بينين كه داواكاريه كان له مێژووى جووڵانه وه ى كرێكارانى جيهاندا هيچ جياوازى يه كى بچووك و گه وره له نێوانياندانيه له مێژوويه كه وه كه ئه م داواكاريانه هه يه مێژووى سه رهه ڵدانى ئه م دوو چينه يه كه واته هه تا جووڵانه وه يه ك سه روه ڕ سياسى نه بێت چ جووڵانه وه يه كى ئابوورى كرێكاران ده ستى بۆ له ناوبردنى كارى به كرێ بردووه ؟

كه واته جووڵانه وه ى كرێكاران وه ك <u>خه باتى ئابوورى كۆڵه كه ى حه ياتى خه باتى چينايه تى پڕۆليتاريا نى يه.</u> خه باتى ئابوورى جوزئى خه باتى چينايه تى چينى پڕۆليتارياية.

له به ر ئه وه ى كێشه ى خه باتى ئابوورى له نێوان پڕۆليتاريا و سه رمايه داران دا، كێشه يه كى زۆر بچووكتره له و كێشه يه كه پڕۆليتاريا بووه ته هه ڵگرى په يامه كه ى له مێژووى به شه ريه تدا.

ئه گه ر به ووردى بڕوانين له خه باتى ئابوورى كرێكاران، له جوڵانه وه ى ئه و خه باته دا هه موو مه يلوو بۆچوونه كانى ناو كرێكاران هه ر له سه نديكاليسته كانه وه تا ناسيۆناليست و مه زهه بى يه كان هه ر هه موويان وه ك يه ك هاوكار و هاوخه باتى ئابوورين، بێ ئه وه ى كه ئه ويان به ويان بزانێت كه ئه مه وه ك جووڵان وه ك بۆچوون چه نده كوشنده يه له ڕێگا ئاگاداربوون له واقعى كۆمه ڵايه تى خۆيان له چوارچێوه ى نيزامى سه رمايه دارى دا.

واته خه باتى ئابوورى بۆ پڕۆليتاريا نابێته سيماى ئاگاداربوونى ته واوه تى له په يوه ندى ... كۆمه ڵايه تى سه رمايه دار و پڕۆليتاريا له نيزامى سه رمايه دارى دا.

ئه گه ر پڕۆليتاريا له خه باتى ئابووريى يه وه ئاگادارى سيماى چينايه تى خۆى ببوايه، ئه وا ئه بوايه له سه رده مانێكى زۆر زووه وه بێ بوونى كۆمۆنيسته كان له سه رتاسه رى دنيادا شۆڕش به رقه رار بوايه. چونكه هه ر ئاگاداربوونێكى كۆمۆنيستانه ى پڕۆليتاريا، له ژيان و گوزه رانى له نيزامى سه رمايه دارى دا، ئيتر پڕۆليتاريا ئه وه پێ ده زانێت كه گۆڕانى ته واوه

تی له ژیانی دا، له به رپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی زانستی دایه، له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا.

به ڵێ ئه م جیاوازیانه ی له نێوان ئیکۆنۆمیستێک و کۆمۆنیستێک دا جیاوازیی یه له به سیاسی کردنی پرۆلیتاریا و تجرید کردنی گیانی سیاسیانه له پرۆلیتاریا دا. که تجرید کردنی گیانی سیاسیانه له پرۆلیتاریا خاسیه تی مه نهه ج و کاری، ئیکۆنۆمیسته کانه.

مارکس له کاری به کرێ و سه رمایه دا ئه ڵێت: په یوه ندی ئابووری بنه مایه له خه باتی چینایه تی چینی کرێکاردا.

په یوه ندی ئابووری بریتی یه له ژێرخانی کۆمه ڵایه تی سه رمایه داری، واته په یوه ندیی کار و سه رمایه له نیزامی سه رمایه داری دا ده ست نیشانی خه باتی چینایه تی ئه کات.

واته خه باتی چینایه تی پرۆلیتاریا له سه رده می نیزامی سه رمایه داریدا مه وجووده.

ئیتر ئه م په یوه ندیی یه چۆن ئه گۆڕێت ئه مه ش بۆخۆی جێگای لێکۆڵینه وه یه، ئه ویش گۆڕانکاری جه وهه ری یه له کۆمه ڵگای سه رمایه داری دا.

مارکس ناڵێت خه باتی ئابووری کۆڵه که ی حه یاتی یه، به ڵکو ئه ڵێت: په یوه ندی ئابووری بنه مای خه باتی چینایه تی یه.

خه باتی ئابووری و په یوه ندی ئابووری دوو باری جیاوازن له تێڕوانین و له واقع دا.

خه باتی ئابووری جووڵانه وه یه کی عه فه وی کرێکارانه له گه ڵ سه رمایه داراندا، په یوه ندی ئابووری په یوه ندی پرۆلیتاریا له نیزامی سه رمایه داری یه وه ده ست نیشان ده کات.

مه نسوری حیکمه ت که ده ڵێت خه باتی ئابووری کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی یه ئه یه وێت وه ک ووردە بۆرژوازی یه ک گیانی سیاسی بوون له پرۆلیتاریادا بمرێنێت، که خه باتی سیاسی کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی یه.

ئه م جۆره له بیرکردنه وه و دروست کردنی ئه و گیانه له جووڵانه وه ی پرۆلیتاریادا قازانجی گه وره ی بۆ بۆرژوازی و نیزامه که ی تێدایه. که ئه مه ش بۆ به پراکتیک کردنی هه ڵوێستی پرۆلیتاریا له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا سه روه ر تێڕوانینێکی بۆرژوازی یانه یه.

هه روه ها ڕیزگرتنێکی زۆر به به هایانه له جووڵانه وه ی عه فه ویانه ی پڕۆلیتاریا و که م کردنه وه ی ده ورروو کاری گه ری سیاسیانه ی ئینسانه ووشیاره کۆمۆنیسته کان له ناو پڕۆلیتاریادا گرنگی یه کی که می نی یه بۆ به هێزبوونی ئیتۆریته ی ئایدیۆلۆژیه تی بۆرژوازی له نێوان کرێکاراندا یان له سه ر کرێکاران.

هه روه ها یه کێک له و تێکه ڵ و پێکه ڵی یه ی که ئیکۆنۆمیسته کان به ده ستی ئه نقه ست بێت یان به زانیاری یه وه بێت ئه یکه ن. ئه وه یه که خه باتی ئابووری ئه که نه ئه وه ی که ووجوودی سیاسی پڕۆلیتاری تیا نیشان ئه درێت.

که ئه مه ش بۆ خۆی گه مژه یی یه کی زۆر بێ په رده یه که خه باتی ئابووری به خه باتی سیاسی پڕۆلیتاریا له قه ڵه م بدرێت. خه باتی ئابووری ته نها کێشه ی نێوان کرێکاران و سه رمایه داره ( خاوه ن کار ). که ئه مه ش کێشه یه کی بچووکی کێشه کۆمه ڵایه تی یه کان واوه ترناچێت. به ڵام کێشه ی سیاسی پڕۆلیتاریا، کێشه یه له گه ڵ هه موو نیزامی سه رمایه داری دا. وه داواکاری له خه باتی ئابووری دا له پێناو سه عات کارێکی که م و کرێ یه کی زیاتر. له وه به ولاوه ناچێت که له ڕیفۆرمێک زیاتربێت ئه مه ش هه ر له ساڵانی زۆر له وه و پێشه وه ئه م کاره کۆتایی پێ هاتووه که ئیتر ڕیفۆرم بۆ کرێکاران ئه وه نی یه بێجگه له سووڕانه وه نه بێت له ئه ڵقه یه کی به تاڵدا.

ئه گه ر ئێمه ڕه ووتی به ره و پێش چوونی کۆمه ڵیش ببینین ئه و داواکاریانه نه چوونه ته ئه و ئاسته ی که پڕۆلیتاریا له ڕیفۆرمێکدا گۆڕانکاری یه ک به ده ست بهێنێت. به ڵام ووجوودی سیاسی پڕۆلیتاریا به دوای ئه وه وه یه یان ستراتیجی بریتی یه له نه مانی کاری به کرێ.

هه روه ها شه ڕی بنه ڕه تی پڕۆلیتاری ووشیار دابه زینی کرێ نی یه به ڵکو له ناوبردنی نیزامی کاری به کرێ یه ئیتر له نێوان دوو جۆر له پڕۆلیتاریادا که یه کێکیان خه باتی ئابووری به کۆڵه که ی حه یاتی ئه زانێت و ئه ویتریان پڕۆلیتاریای ووشیار به بیری مارکسیزم، له داواکاری یه کاندایه. که ئه ویش له لای سه ره وه ڕوونم کردوه ته وه. که واته خه باتی ئابووری بریتی نی یه له ووجوودی سیاسی پڕۆلیتاریا.

مه نسوری حیکمه ت له سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا ده ڵێت: (( خه باتی ئابووری بریتی یه له نه فسی موجوودییه تی سه ربه خۆی چینی کرێکار و بنه ڕه تی ترین و هه میشه یی ترین شکڵه کانی خۆنواندنی ئه و چینه و نیشاندانی ووجوودی سیاسی ئه و چینه یه به رامبه ر به بۆرژوازی و سه رمایه." سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا"– ل٤ )).

خه باتی ئابووری نابێته ووجوودی سه ربه خۆی چینی کرێکار چونکه کرێکار که داوای کرێی زیاد ده کات، یان سه عات کاری که م ده کات. له زۆر زۆر حاڵه تی دا سه رنه وی که ره بۆ سیاسه تی بۆرژوازی یان له ژێر ڕکێفی سیاسه تی بۆرژوازی دا کار ده کات هه روه ک چۆن خه باتی ئابووری له میانه ی نه قابه کان و سه ندیکاکان و یه کێتی کرێکارییه کاندا ئه چێته ڕێوه یان عه فه ویانه به ڕیاده کرێت.

هه روه ها کاتێک ئه م جۆری کارکردنه ئه کرێته کاری سه ره کی بۆ پرۆلیتاریا، ئه مه ش ئه داتی ده ستی بۆرژوازیی یه و ده وری کاریگه ریشی له جۆری کار و دامه زراندنی دا هه یه و، دابڕاندنی پرۆلیتاریای تیادا به ر جه سته ده کاته وه له کارکردنی سیاسیانه ی پرۆلیتاریا له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا..

<u>واته خه باتی ئابووری نه فسی موجوودییه تی سه ربه خۆیی پرۆلیتاریا نی یه له کۆت و به ندی سیاسه تی بۆرژوازی.</u>

که واته به رامبه ر کارێک که بۆرژوازی کارکه ری بێت. ده بێت پرۆلیتاریا بوونی سه ربه خۆیی خۆی بپارێزێت که کۆت و به ندی سیاسه تی بۆرژوازی له ڕێچکه کاری بۆرژوازیانه بۆ ئه وه ی بتوانێت ئه رکه بنه ڕه تی یه کانی خۆی له گه ڵ سه رمایه داری و نیزامه که ی دا ڕوو به ڕوو بکاته وه. که ئه ویش چه کداربوونه، به بیروبڕوای مارکسیزم له هه موو حاڵه تێکدا، بۆ له به یین بردنی هه موو دیدو بۆچوونێکی غه یره واقعی و مه زهه بی و ناسیۆنالیستی و ڕاسیستی و فاشیستی له دیدو کرده وه کانی دا. خه باتی ئابووری به به رده وامی ووجوودی هه یه له نێو کرێکاراندا. به ڵام ئه وه ی که به شکڵێک ته واو کامل نی یه، داواکاری سیاسی یه له لایه ن پرۆلیتاریاوه بته وێت و نه ته وێت به به رده وامی له ناو کرێکاراندا داواکاری

ڕیفۆرم بوونی هه یه. به ڵام کاتێک که کۆمۆنیسته کان به شداری ئه که ن له ناو، ئه و خه باته دا(خه باتی ئابووری) نابێت خه باتی ئابووری بیکه نه کۆڵه که ی خه باتی چینایه تیان، به ڵکو ئه بێت کاری سیاسی به بڕوای مارکسیزم له نێویاندا په خش بکه ن بۆ ئه وه ی هه رچی زووتر و زیاتر ڕوو له گه شه ی سیاسی بکه ن و داواکاریی یه کانیان زۆر له وه به ولاوه بچێت که بۆرژوازی زۆر ناکۆک نی یه له گه ڵیدا.

وه هه روه ها ئه وه ی که کرێکار بۆ له خه باتی ئابووری دا به شداری کرد ئیتر بۆ ئه و ئینسانانه ناتوانیت بڵێیت کۆمۆنیسته هه تا ڕووترین کرێکاریش بێت. به ڵام به پێچه وانه وه ووشیاری کۆمۆنیستی هه بوو ئه وا ئه م داواکاریانه ی له خه باتی ئابووری دا له لایه ن ئه وکرێکاره ووشیارانه وه، ناکرێته کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی.

مه نسوری حیکمه ت زۆر ئیکۆنۆمیستانه ئه ڕوانێته ئه و هه ڵسووڕانه و وه داواکاریی یه کانیان هه ر له و ئاسته به ر ته سکه دا ئه هێڵێته وه که بۆرژوازی و سه رمایه داران پێیان ناخۆش نی یه.

مه نسوری حیکمه ت ده ڵێت: (( خه باتی ئابووری کۆڵه که ی خه باتی چینایه تی و به شی جیانه بووه وه ی خه باتی کۆمۆنیستی یه حووزوری هه ڵسوڕاوانه و، له م مه یدانه دا به شێکه له ته عریف و پێناسه ی ئێمه وه ک کرێکار و کۆمۆنیست بێجگه له ده وره شۆڕشگێڕه کان.– ل٤ ( ئه ودیو ) ل " سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاران دا")).

خۆزگه جارێک ئه م کۆڵه که یه ببوایه به چڵێک. به ڵام نابێت به چڵێک بۆ مه نهه جی ئیکۆنۆمیسته کان. له به ر ئه وه ی هه ر ده ست بردنێکی پرۆلیتاریا بۆ ده سه ڵاتی سیاسی به رژه وه ندی ئه مانیشی تێدا ده که وێته مه ترسی له ناوچوونه وه.

له به ر ئه وه کاری ئیکۆنۆمیسته کان ته نها ئه وه یه له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا، پرۆلیتاریا چه واشه بکه ن له شۆڕشی خۆی وه کارێک بکرێت که خه باتی ئابووری به س بێت بۆ پرۆلیتاریا زه مینه ی شۆڕش خۆش نه بێت بۆ له ناوچوونی سیسته می سه رمایه داری.

به و ووته یه ی مه نسوری حیکمه ت بێت ئه بێت ته نها کارێک که سیاسی بێت به ته نها له سه رده مه شۆڕشگێڕه کاندا بکرێت. به ڵام بۆ کۆمۆنیسته کان ئه م جۆره کارکردنه مایه ی شه رمه زاریی یه. چونکه پێوویسته به به رده وامی کۆمۆنیسته کان ووشیاری له باره ی ژیان و گوزه رانی پرۆلیتاریا به خشن پێیان، که تاقه ڕێگا چاره ته نها شۆڕشه و به س ئه ویش به وه ی که بتوانن له ئه ساسه وه بینای شۆڕش دروست بکه ن به و ئوسوڵ کاره، تایبه تی یه ی خۆیان.

که کاتێکیش کۆمۆنیسته کان له گه ڵ پرۆلیتاریا هاوکار ده بن هه ر به خاتری ئه وه یه که ئاینده ی شۆڕش نزیک به کرده وه ی بکه نه وه. نه وه ک له خه باتی ئابووری دا ئیتر ڕابگه یه نرێت ئه مه کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی پرۆلیتاریایه.

له به شێکی تری قسه کانیدا مه نسوری حیکمه ت ده ڵێت: (( له به شی هه ره زۆری ژیانی چینی کرێکاردا خه باتی ئابووری زیاترین ووزه ی خه بات کارانه ی کرێکاران بۆ خۆی ته رخان ده کات له نێو دڵی ئه م خه باته دا ڕابه رانی شۆڕشگێڕی کرێکاران په روه رده ده بن. وه چینی کرێکار له سیما و مه وجوودییه تی سه ربه خۆو له هێزی خۆی ئاگادار ده بێ. ل٤ " سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا")). ئه گه ر به ووردی له م به شه ی سه ره وه بڕوانین ئه وا ئه بێت جۆری ئاگاداربوونی کرێکاران له حاڵ و وه زع و گوزه رانی ژیانی خۆی له میانه ی خه باتی ئابووریی یه وه ئه بێت چی بێت؟

بێ گومان بێجگه له و ئاگاداربوونه وه یه نه بێت که کرێکاران کێشه ی ڕۆژانه ی هه یه له گه ڵ سه رمایه داران دا بۆ به ده ست هێنانی نانێکی زیاده که نانی زیاده نی یه له سیسته می سه رمایه و کاری به کرێ دا.

هیچ ئاگاداربوونێک نی یه له خه باتی ئابووری دا، به رامبه ر به و ئاگاداربوونه ی که پرۆلیتاریایه کی ووشیار هه یه تی له باری ژیان و گوزه رانی خۆی و هاوچینه کانیه وه که لێره دا پرۆلیتاریا به کارێکی سیاسی، یان زیاتر و ڕۆشنتر بڵێین به خه باتی سیاسیه وه په یوه ست ئه بێت و دامه زراندنی په یوه ندی سۆسیالیستی به رهه م هێنان ستراتیژی ئه بێت.

ئه م ئاگاداربوونه له گه ڵ ئه و ئاگاداربوونه ی تر جیاوازه، له ڕووی به ده ست هێنانی ئه ڵته رناتیفی له کۆمه ڵگای سه رمایه داری دا له هه ردوو باره که دا. که کرێکاران کاری خۆیانی له گه ڵدا ده که ن.

وه هێزی پرۆلیتاریا له خه باتی ئابووری دا هێزێکی گه وره ی ئه وتۆ پیشان نادات وه ک ئه و هێزه ی پرۆلیتاریا له خه باتی ئابووری دا ته نها بۆ به ده ست هێنانی ڕیفۆرمێکه و هیچی تر، یان داواکاریی یه کی ئیسلاحیانه یه و هیچی تر.

به ڵام وه ک داواکاری سیاسی پرۆلیتاریا و کاری سیاسی پرۆلیتاریا به ده ست هێنانی ده سه ڵاتی سیاسی پرۆلیتاریایه بۆ بنه بڕکردنی چه وساندنه وه یه له سه ر پرۆلیتاریا.

ئه م دوو ناوه ڕۆکه زۆر له یه کتره وه جیاوازن ئه وه ی که پرۆلیتاریا ئیسلاحێکی بچووکی بۆ ئه کرێت له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا له سایه ی خه باتی ئابووریی یه وه و ئه وه ی که پرۆلیتاریا خۆی سه رچاوه کانی به رهه م هێنان به ده سته وه ده گرێت له کایه ی کۆمه ڵایه تی ده سه ڵاتی خۆی دا.

وه له بۆته ی خه باتی ئابووری دا ڕابه رانی شۆڕشگێڕیان به واتایه کی تر کرێکارانی کۆمۆنیست له خۆوه و بێ کارکه ر دروست نابن هه تا کارکه ری بیری سۆسیالیزمی زانستی وه ک ووشیاریی یه کی سیاسی له سه ریان نه بێت. واته کارکه ری بیری سۆسیالیزمی زانستی وه ڕه گه زێکی فه عال بۆ دروستکردنی ئه م ڕابه ره شۆڕشگێڕه ده ورگێڕی سه ره کی یه.

له زۆر کاتی دا خه باتی ئابووری جووڵانه وه یه کی عه فه وی ده رده که وێت، به ڵام له هه موو کاتێکدا ئه م جووڵانه وه یه(خه باتی ئابووری) سروشتی پێکه وه ژیانی دوو جه مسه ره جیاوازه کۆمه ڵایه تی یه که ی کۆمه ڵگای سه رمایه داری یه.

هه روه ها ڕه گه زی به ئاگای کۆمۆنیست له ژیانی کۆمه ڵایه تی پرۆلیتاریادا له ناوه ندی خه باتی ئابووری دا ڕابه رانی کۆمۆنیست په روه رده ده کات. وه زیاترین ووزه ی خه باتکارانه ی پرۆلیتاریا له نیزامی سه رمایه داری دا، خه باتی سیاسی یه نه ک ئابووری به مانا گشتی و به خاسیه ته تایبه تی یه کانی یه وه.

خه باتی ئابووری له گه ڵ ژیانی پرۆلیتاریا و سه رمایه دار دایه. ئه و کایه کۆمه ڵایه تی یه ی، ئه م کاره ی تێدایه نیزامی سه رمایه داری یه که به به رده وام خه باتی ئابووری پرۆلیتاریا هه یه. به ڵام ووزه یه ک به مانا کۆمه ڵایه تی و سیاسی یه که ی ووزه یه کی بچووکه خه باتی ئابووری له به رامبه ر خه باتی سیاسی دا.

چونکه خه باتی سیاسی پرۆلیتاریا هاوبه شی خه باتی ئابووری ده کات، به ڵام نایکاته کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی، وه زۆرترین ووزه ی خه باتکارانه ی کرێکارانی کۆمۆنیست له و ناوه نده دا به دوای خه باتی ئابووریی یه وه ناڕوات، چونکه کرێکارانی کۆمۆنیست زۆرترین ووزه ی خه باتکارانه ی خۆیان ده خه نه پێناو جووڵانه وه یه کی سیاسی سه ربه خۆی خۆیان، وه بۆ به ده ست هێنانی ده سه ڵاتی سیاسی خۆیان، زۆرترین ووزه ی خه باتکارانه ی خۆیانی بۆ سه رف ده که ن.

ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست ته یفێکی ته واو سیاسی یان به واتایه کی تر هه ڵوێست گیری سیاسی ڕۆشنی ڕۆژانه ی خۆیان هه یه له به رامبه ر نیزامی سه رمایه داری دا.

ئه گه ر ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست ته یفێکی ته واو سیاسی نه بن ئه وا ده بێت ئه م ته یفه وه ک.. نه قابیه ک یان ئیکۆنۆمیستێک یان تریدیۆنیستێک یان سه ندیکالیستێک له کار و کرداری ڕۆژانه یاندا هه ڵوێست بگرن.

ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست و هه موو ته یفه کانی تر وه ک یه ک بن له تیۆر و پراکتیکیاندا.

به ڵام ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست عونسوری ووشیار و به ئاگای ناو کرێکارانن بۆ زیاتر گه شه دارکردنی جووڵانه وه ی سیاسی له ناو کرێکاراندا. هه روه ها بۆ زیاتر ڕوون کردنه وه ی ته واوه تی ئه م باره جیاوازیانه له ناو ته یفه جیاوازه کاندا ئه بێت بزانین که ته یفی کرێکارانی تریدیۆنیست ته یفێکی ئیسلاح خوازن، به ڵام کاری سیاسی ناکه ن و ڕه فزیشیان نی یه.

كه واته هه ر وه ك لينين ده ڵێت: (( سياسه تى تريديۆنى بۆ چينى كرێكار به ووردترين شێوه بريتى يه له سياسه تى بۆرژوازيه ت." ته ئكيد هى لينين)ه. بۆ چينى كرێكار. ص ١١٢"ماالعمل. دارتقدم)).

به ڵام سياسه تى ته يفى كرێكارانى كۆمۆنيست سياسه تى داواكردنى به ده ست هێنانى يه ك سه رده مى مێژوويى يه بۆ كۆمه ڵگاى مرۆڤايه تى ئه ويش سۆسياليزم و كۆمۆنيزمه كه ديكتاتۆريه تى پرۆليتاريا فه راهه م كردنى ئه و سه رده مه يه هه روه ها بۆ هه موو ته يفه كانى ترى..

ووردە بۆرژواز و ڕيفۆرميست و ئيكۆنۆميسته كان و باڵه كانى ترى بۆرژوازى و ته يفى كرێكارانى كۆمۆنيست جياوازيى يه كه ى سه ره وه ڕاستن.

بۆ زياتر بينينى تێڕوانينى ئيكۆنۆميستانه ى مه نسورى حيكمه ت ئه وا به شێك له ووته كانى ده خه مه به ر چاو كه ده ڵێت: (( ده بێ ئه م ته يفه" ته يفى كرێكارانى كۆمۆنيست " به كرده وه له شكڵ و شێوه ى دياريكراودا ڕێكبخرێ. ته يفى كرێكارانى كۆمۆنيست ناتوانێ و نابێ وه ك ڕه ووتێك كه ته نيا سياسى بێ– وه يا به زۆرى ببيبنيته وه پشت به سونه ت و نه ريتى له خۆوه دامه زراو و جۆره يه كگرتوويه كى ناوخۆيى به ڕێكه وت و كاتى و ئاماتووری ببه ستێ" سياسه تى ڕێكخستنمان له نێو كرێكاراندا" ل١١ )). ئه مه ى كه له به ر چاودايه له بيروبۆچوونى بۆرژوازيانه ناچێت به ولاوه كه داخوازى هێشتنه وه ى گيانى پرۆليتاريايه به وگيانه ئيسلاحيانه ى كه له ژيانى ڕۆژانه ى كرێكاراندا ئه بينرێت.

به ڵام كاتێك كه ته يفى كرێكارانى كۆمۆنيست ناولێ ئه نێين و به كرده وه ده بيبينين. ئه وا ده گه ينه ئه و ڕاستى يه كه ئه م ته يفه پڕ چه كه به بۆچوونى ماركسيزم و جيهان بينى قووڵى له باره ى ژيان و گووزه رانى پرۆليتارياوه هه يه.

به پێى ئه وساته ى كه پرۆليتارياى پێ گه يشتووه هه ڵسه نگاندنى وورد و واقعى هه يه. ئه م ته يفه يه ك ستراتيژ له به رده مى دا هه يه كه ئه ويش ده سته ڕاگه يشتنى مرۆڤايه تى يه به

کۆمۆنیزم . ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست ئه وه ی لا ڕۆشنه که کێشه ی سه روه ڕ له گه ڵ یه ک نیزامی کۆمه ڵایه تی دا هه یه که نیزامی سه رمایه داری یه.

هه روه ها ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست، ئه وه ی لا ڕۆشنه که کۆتایی هێنان به م چه وسانه وه و نا عه داله تی یه ته نها به له ناوچوونی نیزامی سه رمایه داری یه و، به ده ست هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمه که مرۆڤایه تی له کۆتی چه وساندنه وه ڕزگاری ده بێت. به ڵام بۆ ئه م کاره یان ئه م په یوه ندی یه کۆمه ڵایه تی یه پێویست ده کات، که پرۆلیتاریا سه روه ڕ جووڵانه وه یه کی سیاسی پان و به رین له هه موو جیهاندا به رجه سته و کارگوزار بکات.

که واته ئه م کاره که له سه ر شانی ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست و هه موو پرۆلیتاریا ڕاوه ستێت. ئیتر به زه رووریه ت ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست ته یفێکی سیاسی ده بن. به ڵام ئه وه ی که کرێکارانی کۆمۆنیست کرداری ووشیاربوونه وه ی پرۆلیتاریا له هه موو ناوه نده کاندا ئه بات به ڕێوه و کاری لێبڕاوانه ی تێدا ده کات، ته نها به خاتری زیاتر و زووتر سیاسی بوونه وه ی پرۆلیتاریایه.

کاتێک، ته یفێک کارێکی سیاسی له سه ر شانی ده بێت و کرداری سیاسی ئه نوێنێ ئیتر چۆن ئه بێت ئه م ته یفه سه روه ڕ سیاسی نه بێت.

وه لێره وه ده گه ینه ئه و بڕوایه ی که هه موو کرێکارێک کۆمۆنیست نی یه و به ڵام هه موو کۆمۆنیستێک کرێکارێکی ته واو ووشیاره ( مه به ستم کۆمۆنیسته واقعی یه کانه ). به ڵام ووشیاری سیاسی له ناو خه باتی ئابووری دا دروست نابێت، به ڵکو له ده ره وه ی خه باتی ئابووری یه وه دروست ده بێت. له ده ره وه ی بازنه ی په یوه ندی یه کانی نێوان کرێکار و خاوه ن کاردا دروست ده بێت.

که واته ئه بێت بگه ینه ئه و به ر ئه نجامه ی که هه موو کۆمۆنیستێک سیاسه ت کارێکی سه رده می بۆرژوازی و سه رمایه داری یه. وه ئه و کاته ی که ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست به ته یفێکی ته واو سیاسی نابینرێت یان ئه یانه وێت که هه موو کارێکی عه فه وی کرێکاری به کارێکی ووشیارانه و کۆمۆنیستانه له قه ڵه م بده ن. ئه مه ش بێجگه له خزمه ت کردنی گه

وره به بۆرژوازی هیچ کارێکی تری تێدا نامێنێته وه هه روه ها به تیۆر و پراکتیکیش بۆرژوازیانه یه.

که واته کاری ئیکۆنۆمیسته کان له میانه ی نیزامی سه رمایه داری دا به تیۆر و پراکتیکی دابڕاندنی پرۆلیتاریایه له کاری سیاسی و هه وڵدان بۆ دوورخسته وه ی پرۆلیتاریا له کاری ووشیاری سیاسی له نێو خۆیانداو خۆش باوه ڕکردنی پرۆلیتاریا به کۆمه ڵێک ڕیفۆرمی بچووک و به کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی دانانی خه باتی ئابووری له لای پرۆلیتاریا.

ئه مه وه ک ڕۆن دانی پرۆلیتاریا له سمێڵی پرۆلیتاریا خۆی. دان نان به وه ی که کارێکی خێرخوایانه ی بۆ پرۆلیتاریا کردووه.

سه روه ڕ ئه م کاره خزمه تی گه وره یه به سه رمایه داران و نیزامه به کرێ که ی. وه هه روه ها هه ڵه یه کی گه وره یه بۆ پرۆلیتاریا که کاری شۆڕشگێڕی بخه یته پاڵ کاری پیشه یی.

*******************************************************************************************

## حیزب و ڕێکخستن

---

حیزب وه سیله ی ڕێکخستنی پته وو یه ک برِوای پرۆلیتاریایه، وه سیله ی به ده سه ڵات گه یشتنی پرۆلیتاریایه، وه سیله ی ووشیاری سیاسی پرۆلیتاریایه. هه روه ها حیزب ڕابه رایه تی جووڵانه وه ی عه فه ویانه ی کرێکاران ده کات و شێوه ی ڕێکخستنێکی به دیسپلینی پێ ده دات و ئاسۆی ڕۆشن ئه خاته به رده م په رچه می ئه م جووڵانه وه یه. حیزب کار له هه موو ناوه نده کاندا ئه بێت بکات بۆ ئه وه ی ستراتیژی خۆی به رجه سته بکاته و عه مه لی بکاته وه، حیزب ڕێکخستنی سیاسیانه ی پرۆلیتاریایه که داواکاری سیاسی تیادا به رز ئه بێته وه و به یه ک جه سته و یه ک ده نگ و یه ک برِوا به رووی کۆمه ڵیدا ئه کاته وه.

کاتێک حیزب ئه بێته حیزبێکی کۆمۆنیستی بۆ پرۆلیتاریا که هه ڵگری ستراتیژو ئامانجی مێژوویی پرۆلیتاریا بێت. یان زیاتر کارکردن بۆ به ده ست هێنانی ئه و په یامه مێژوویی یه که پرۆلیتاریا له سه رشانی یه تی به نه تیجه ی بگه یه نێت. ئه ویش به ده ست هێنانی ده وری جیهانی پرۆلیتاریایه له کۆتی کرێ گرته یی. مه نسوری حیکمه ت له سه ر به کرێکاربوونی حیزب ئاوا باس لێ ده کات,

ده ڵێت: (( ئێمه ئه م سونه ته ی خه باتی دژی کۆمۆنیستی ڕه ت ده که ینه وه، وه ئه وه که ئه و ته یفه به ئیکۆنۆمیزم تاوانبارمان ده که ن به ڵگه یه ک ده زانین که نیشانده ری ئه و ڕاستییه یه که حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕووی چینی کرێکاره و سه ر به و چینه یه."سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا" ل٤ )). ئه گه ر سه ندیکایه ک ببینین له ڕووی ئه ندامیێتی یه وه زۆرینی ئه ندامانی ئه و سه ندیکایانه کرێکارانی ڕشته جیاجیاکانی ناو کۆمه ڵن. به ڵام ئه م سه ندیکایانه سه ربه ڕه ووت و ئایدیۆلۆژیه تی بۆرژوازین. که واته هه ربه ئه ندام بوونی کرێکار له حیزبدا نابێته ئه وه ی که حیزب ڕووی واقعی خۆی له نێو کرێکاراندایه. هه روه ها نموونه له سه ر ئه حزابه جیاجیاکانی بۆرژوازی بهێنینه وه لێره و له جیهاندا زۆرانێک له کرێکاران ئه ندام گیری حیزبه کانن کاری هه ڵسووڕاوانه شی تێدا ده که ن. له گه ڵ ئه وه شدا ئه م کارانه کاری دژ به حه قیقه تی سیاسی بوونی خۆیه وه یه تی. هه ر له بۆچوونه کانی مه نسوره وه پلیمک بکه ین ئه وا ده گه ینه ئه و نه تیجه یه ی که ئه م جۆره حیزبانه ی به ناوه ڕۆک سه ندیکان حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریانین, ، به ڵکو حیزبی بۆرژوازین. ئه و بۆچوونه ی مه نسوری حیکمه ت له پرۆلیتاریالیزمێکی درۆزنانه به ولاوه هیچی ترنی یه. که واته هه ربه ئه ندام بوون له و جۆره حیزبه ی که ئه بێته حیزبی ئیسلاحات، کارێک که تیایدا بۆ پرۆلیتاریا مه وجوودبێت کاری مه نهه جی بۆرژوازی یه. سه ندیکایه کیش سه ر به چینی کرێکاره، به ڵام داواکاری بۆرژوازیانه ی تیادا ده برێت به ڕێوه. که حیزب سه ربه و چینه ده بێت یان نابێت، مه نهه جی سیاسی و به رنامه ی و پراکتیکی ئه

و حیزبه ده ست نیشانی واقعی سه ربه چینه کانی ده کات. کاتێک که حیزب میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕانی خه باتی ئابووری ئه بێت ئیتر حیزب ئه بێت به حیزب له پێناو ڕیفۆرمدا.

مه نسوری حیکمه ت له به شێکی نووسینه کانی دا ئه ڵێت: (( ئه و جه ره یانه ی وا ئیدیعای کۆمۆنیزم ده کات. ئه گه ر نه توانێ له نێو دڵی خه باتی ئابووری دا جێگای خۆی بکاته وه ئه و جه ره یانه ی نه توانێ پێشڕه وانی خه باتی کرێکاران بگرێته به ر ئه و جه ره یانه ی نه توانێ له م مه یدانه ی خه باتدا ڕێگا که ره وه و ڕێکخه رو ڕابه ربێ هه رگیز ناتوانێ جه ره یانێکی کرێکاری بێ. کۆمۆنیزمی کرێکاری له ئێران و حیزبی کۆمۆنیست به تایبه ت ده بێ خه باتی ئابووری بکه ن به میحوه رێکی سه ره کی ی هه ڵسوڕانی خۆیان."سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا" ل٤ )).

له م به شه ی سه ره وه دا بۆمان ده رده که وێت که مه نسوری حیکمه ت هه موو کارو هه ڵسوڕانی حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری که ئێستا بوونی هه یه  هه موو جه ده ل و پلیمکه کانی حیزب که هه بێ سه روه ڕ یه کێش و قه باره ی  دیدێکی ئیکۆنۆمیستی به ولاوه هیچی تر نه بێت. ئه مه ش ته واو هاوتایه له گه ڵ ئه و بۆچوونه ی " برنشتین" دا که ئه یویست حیزب بگۆڕێت  له حیزبێک بۆ شۆڕشی کۆمه لایه تی بۆ حیزبێکی دیموکراتی بۆ ڕیفۆرمی کۆمه لایه تی که لینین له " ماالعمل " دا زۆر به باشی  و به ووردی  لێی دواوه و خستوویه تی یه ژێر میکرۆسکۆبی بیروبۆچوونه کانیه وه لێره دا ئه وه ده رده که وێت ئه و حیزبه ی که مه نسوری حیکمه ت داوای ده کات و کاری تێدا ده کات. نامۆنابێت به بۆرژوازی و سه رمایه داران. چونکه حیزب خه باتی ئابووری پڕۆلیتاریا ناتوێنێته وه له بۆته ی حیزبی کۆمۆنیستدا، به ڵکو حیزبی کۆمۆنیست له بۆته ی خه باتی ئابووری پڕۆلیتاریادا ئه توێنێته وه. ئه مه ش وه ک کاری ڕابه رایه تی حیزبی کۆمۆنیست لای مه نسوری حیکمه ت و ڕێچکه و ڕێبازی سیاسیانه ی حیزب وه ک تیۆر و میتیۆد ئه کاته کاری ڕۆژانه ی پڕۆلیتاریا له به رامبه ر خه باتی ئابووری دا. نابێت حیزبی کۆمۆنیست دابه زێت بۆ کاری پیشه یی به ڵکو ئه بێت کاری پیشه یی سه رکه وێت بۆ ئاستی کاری حیزبی و سیاسی پڕۆلیتاریا. ئه بێت حیزب هه

ڵسێت به کاری سیاسی زیندوو ئه ویش به هاندانی سیاسی زیندوو. واته ئه و سیاسه ته سائیده ی که له کۆمه ڵدا هه یه به پێی ظرفیه ته که ی له به رامبه ری دا کاری سیاسی کۆمۆنیستی بکرێت...

هه روه ها که مه نسور باس له وه ده کات که ئه بێت حیزب پێشڕه وانی خه باتی ئابووری کرێکاران بگرێته به رو له هه مان کاتیشدا خه باتی ئابووری ئه کاته میحوه ری سه ره کی هه ڵسوڕانی حیزب. ئیتر به ته واوه تی ئه وه ده رده که وێت  که  مه نسوری حیکمه ت حیزب ده کاته سه ندیکایه ک یان وه ک سه ندیکایه ک کار و نه زه ری تێدا ئه برێته ڕێوه. به ڵام حیزبی کۆمۆنیست کاتێک پێشڕه وانی خه باتی ئابووری کرێکاران ئه گرێته به ر یه که م کار، بۆ حیزب ئه وه یه که ئه بێت ئه و ده زگا فیکریه ی که ڕابه رایه تی کاروکرداری ده کات هه ڵبوه شێنێته وه له بۆچوونی ئیکۆنۆمیستانه یان ڕیفۆرمیستانه بۆ دیدێکی ڕه ووشتی واقعی و کردارێکی ئسووڵی کۆمۆنیستی. ئێمه ده مانه وێت ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست به مانا کۆمۆنیستیه که ی زۆربێت. نه ک ته یفی کرێکارانی کۆمۆنیست بۆ ئاستی ئینسانی پیشه یی دابه زێنین که وه ک نه قابه یه کی لێبێت. له هه موو حاڵه تێکی دا جمووجۆڵی حیزبی کۆمۆنیست نه بووه ته ڕێکخه رو ڕابه رو ڕێگاکه ره وه له خه باتی ئابووری دا. که وه ک مه نسوری حیکمه ت باسی لێده کات. مۆدێلێکی کۆنی حیزبی بۆرژوازی یه و له سه رده مێکی تازه دا سه رهه ڵده ئه دات. ئه گه ر حیزب حیزبی کۆمۆنیست بێت و خواست و داواکانی له خواست و داوا مێژوویی یه که ی پڕۆلیتاریا جیاوازنه بێت.

حیزب ده بێت له ناوخۆو ده ره وه ی حیزبدا ئه و ڕێچکه و ڕێگایانه تێک بشکێنێت که له خواستێکی بۆرژوازی به ولاوه هیچی تری تێدانی یه بۆ پڕۆلیتاریا. خه باتی ئابووریش که کرا به میحوه ری سه ره کی هه ڵسوڕانی حیزب ئه بێته یه کێک له و ڕێچکه بۆرژوازیانه ی که له حیزبدا ڕێچکه به ستوو ده کرێت. ئه توانیت بڵێیت ئه و ڕێکخراوانه یان حیزبانه که ئه م بۆچوونانه ی تێدابێت بڵێیت جه ره یانێکی کرێکاری بۆرژوازی یه، هه روه کو چۆن کۆمۆنیزمی کرێکاری له ئێران و عێراقدا سه روه ڕ ئیکۆنۆمیزمی کرێکاری یه. واته یه ک جووڵانه وه و یه

ک دیدی وورده بۆرژوازی دیموکرات خوازه وه باشترین و به هێزترین ڕێکخستن بۆ پرۆلیتاریا ڕێکخستنی حیزبی یه وه یان ڕێکخستنی سیاسیانه ی پرۆلیتاریایه. چونکه پرۆلیتاریا شه ڕی ووردو بچووکی نێوان پرۆلیتاریا و خاوه نکار ئه باته یه ک ئاستی به رین و مێژوویی جوولاَنه وه ی پرۆلیتاریا له سه رده می سه رمایه داری دا. کێشه ی سیاسیانه ی حیزب کێشه یه کی قووڵه بۆ پرۆلیتاریا له گه ڵ سه رمایه دار و نیزامه که یدا. ( به ته ئکید مه به ستم حیزبێکی ته واو کۆمۆنیسته) نه ک به ناونیشان کۆمۆنیست.

لێره دا به شێک له و فۆرمۆڵه ئیکۆنۆمیستانه ی مه نسوری حیکمه ت ئه خه مه ڕوو که ده ڵێت: (( خه بات بۆ یه کگرتوو کردنی چینی کرێکارو لێک هه ڵپێکانی کرێکاران به هه ر شکڵ و شێوه یه ک ئیمکانی هه بێ. که ڕێکخراوبوونی حیزبی ته نیا یه کێکه له و شکڵانه. به شێکی جیانه بووه وه ی کاری کۆمۆنیستی یه. مه رجێکی حه یاتی یه له ڕێکخستنی کۆمۆنیستی کرێکاراندا له لایه ن حیزبه وه، دابڕانێکی قه تعی یه له سکتاریزمی سوونه تی چه پی وورده بۆرژوازی له ئێران" سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا " ل٤-٥)). ئه بێت یه کگرتووکردنی ته واوه تی و لێک دانه براوی پرۆلیتاریا له چ جۆره ڕێکخستنێکدابێت؟ بێ گومان ته نها ڕێکخستنی حیزبی سیاسی پرۆلیتاریا به هێزترین یه کگرتن دروست ده کات له نێوان پرۆلیتاریادا. چونکه حیزب که ئاسۆی ڕۆشنی کۆمۆنیستی هه ڵگرتبێت ئیتر له لای پرۆلیتاریا ڕۆشنه که کۆتایی هێنان به کۆتی جه ورو سته می نیزامی سه رمایه داری یه له سه ر پرۆلیتاریا. ته نها به له ناوچوونی نیزامی سه رمایه داری به ده ست دێت.

به لاَم ڕێکخراوبوون له سه ندیکا یان له نه قابه دا یان یه کێتی یه کرێکاریی یه کاندا ڕێکخستنێکی پیشه یی له ڕشته جیاجیاکاندا. هه ر ڕێکخراوه و به ئاسۆی ڕشته که ی خۆی که ئه و سه ندیکایه یان نه قابه یان یه کێتی یه کرێکاریی یه ی تێدا دروست بووه واته ئاسۆکه ی کاتی و لێک پچڕاوه. وه پرۆلیتاریا له میانه ی ئه م جۆره ڕێکخراوه پیشه بیانه دا ڕێکخستنێکی کاتی و به پێی داواکاریی یه کاتی یه کان ڕێکخراو ده بێت یان یه کگرتوو ده بێت. هه روه ها له ناوه ندی ئه م ڕێکخراوانه دا چه ند جۆری بڕواوبۆچوونی جیاوازی تێدایه، هه

ربۆیه کاره کان له گه ڵ یه کتریدا به یه کگرتنێکی کاتی و پچڕ پچڕو بێ هێزه. کاتێک ئه م هه موو شتانه ئاوا ڕۆشن بێت. نابێت ده ست به رداری ئه وه بین که کرێکاران ڕێکخستنی پیشه یی به ڕێکخستنی سیاسی حیزبی له قه ڵه م بده ن، یان بیکه نه کاری هه میشه یی و ڕۆژانه ی کاری سیاسی خۆیان.

(("هه ل په رسته کان و شۆڕشگێڕه کان" خۆیان ئه ده نه ده ستی کاره پیشه یی یه بڵاوه کانه وه و بڕوایان نی یه ڕزگاریان بێت له ده ستی و هه ست به ئه همیه تی کرداری یه که می ئێمه یان نی یه" واته کۆمۆنیسته کان له حیزبی کۆمۆنیستدا و" که توانای دواخستنی نیه" که ئه ویش پێکهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانه که توانای خه باتی سیاسی به هێزو نه گۆڕو به رده وام بێت." ماالعمل لینین– دارالتقدم– ص١٣٨" )). وه له مێژووی نیزامی سه رمایه داریدا پێش ئه وه ی که حیزب هه بووبێت. ڕێکخراوی پیشه یی کرێکاران هه بووه. ئیتر یه که م کاری کۆمۆنیستی بۆ پرۆلیتاریا دامه زراندنی حیزبی سیاسی خۆی بووه. ئه گه ر حیزب یه کێک بێت له و ڕێکخستنانه و هه مان کاروکرداری هه بێت، ئیتر دامه زراندنی حیزب بۆخۆی کارێک ده بێت دوور له ئسوڵ کاری کۆمۆنیستی ده بێت. وه به پێچه وانه وه کاتێک ئه و ڕێکخراوه ووجوودی ده بێت و حیزب داده مه زرێت ئیتر گه ڕانه وه بۆی و دروست کردنیان دوور ده بێت له ئسوڵ کاری کۆمۆنیستی. به ڵکو حیزب که دامه زرێنراوی ئه و ڕێکخراوه پیشه ییانه بن ده بێت حیزبی کۆمۆنیست نفوسی کۆمۆنیستی خۆی بباته ناو ئه و ڕێکخراوانه وه، وه له ناوه نده دا به پێی مه نهه ج و ستراتیژی خۆی کاره کانی خۆی به رجه سته ده کاته وه، وه سکتاریزمی حیزبی که ئه بێته جیاکردنه وه ی به رژه وه ندی پرۆلیتاریا و حیزب به وه هه ڵده وه شێته وه که کاری سیاسی حیزبی تا چه ند کاری بۆ په یامه مێژوویی یه که ی پرۆلیتاریا کردووه. سکتاریزم به وه هه ڵناوه شێته وه که ڕێکخراوی پیشه یی بۆ پرۆلیتاریا دابمه زرێت به هه موو ناوه ڕۆکێکی بۆرژوازی خۆیه وه، یان شیعارات و بلات فۆڕمی و پلاکارتانی وورده بۆرژوازی یه وه. سکتاریزم ئه و تێڕوانینه یه که کۆمۆنیزمی کرێکاری مه نسوری حیکمه ت ده ری ده بڕێت و کاری پێ ده کات.

حیزب ده کاته سه ندیکایه ک و سه ندیکایه ک به حیزب له قه ڵه م ده دات. ئه م ناوه ڕۆکی حیزبی یه ی مه نسوری حیکمه ت یه ک ناوه ڕۆکی وورده بۆرژوازی دیموکرات خوازه که سکتاریزمی تیادا به رجه سته یه. چونکه ناوه ندی داواکاری وورده بۆرژوازی یه به ناوی داواکاری پڕۆلیتاریاوه. بۆ وورده بۆرژوازی ڕیفۆرم کاکڵه ی داواکاری یه کانی پڕۆلیتاریایه له نیزامی سه رمایه داری دا. که ئه مه ش جیاوازبوونی به ڕژه وه ندی پڕۆلیتاریایه له گه ڵ حیزبدا. ئه م کاره سکتاریزم دروست ده کات له ناوه ندی حیزبدا. ئیتر دروست کردنی ڕێکخراوی پیشه یی نابێته شکاندنی به سته ڵه کی سکتاریزم له نێوه ندی حیزبدا. که وه ک مه نسوری حیکمه ت کاری بۆ ده کات، به ڵکو به به رگاکردنی گیانی داخوازی وورده بۆرژوازی یه به گیان و کرداری پڕۆلیتاریادا به رته سک کردنه وه ی داخوازی یه گه وره و مێژوویی یه که ی پڕۆلیتاریایه بۆ داخوازی ڕیفۆرمیستی، ئه مانه ن دروستکه ری گیانی سیکتاریزم له حیزبدا.

حیزب نابێت بدرێته ده ست ڕابه رایه تی عه مه لی کرێکاری، به ڵکو ڕابه رایه تی عه مه لی کرێکاری ئه بێت حیزب ڕێنوێنی ته واوه تیان بکات. له به ر ئه وه ی که دیدی ڕابه رانی عه مه لی له زۆر حاڵه تی دا دیدێکی تریدیۆنیسته که تریدیۆنیستێک بیکات. کارێک له ڕیفۆرم زیاتر هیچی تری لێ هه ڵناکرێت. که واته نابێت حیزب ته بدیل بێت به حیزبی ڕابه رایه تی عه مه لی، به ڵکو ئه بێت حیزب حیزبی ڕابه رانی عه مه لی کۆمۆنیستی بێت له ناو جه رگه ی کرێکاراندا.

دیدی مه نسوری حیکمه ت به سه ندیکا کردنی حیزبه له ڕێگه ی ئه و جۆره په یوه ست بوونه ی حیزب به کرێکاران. مه نسوری حیکمه ت ئه ڵێت: (( هه ڵسووڕان و حه ساسیه تی ئێمه له زه مینه ی خه باتی ئابووری دا، ده بێ زۆر له مه زیاتربێ. ئه م لایه نه یه کێک له خاڵه لاوازه سه ره کی یه کانه له کاری تا ئێستاماندا بووه دیسانیش نه ک به مانای ئه وه که" ئه همیه تی" مه سه له ده رک نه کرابێ و ته ئکیدی له سه رنه کرابێ، به ڵکو به مانای ئه وه که ده ورو جێگا و شوێنی حه یاتی و چاره نوس سازی ( ته ئکید هی مه نسوره) ئه م مه یدانی هه ڵسوڕانه له کرێکاری بوونه وه ی حیزبدا و له ته بدیل بوونی حیزب به حیزبی ڕابه رانی عه مه

لی کرێکاراندا، به ڕاده ی کافی   زه ق نه کراوه ته وه. په ره پێدانی ده خاله ت و به شداری حیزب له خه باتی ئابووری دا وه هه روه ها توندوتیژکردنه وه ی حه ساسیه تی گشتی و هووشیاری هه موو حیزب به گشتی ده رهه ق به مه سه له کانی ئه م مه یدانه ی خه بات، یه کێکه له میحوه ره سه ره کی یه کانی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان له ده وره ی داهاتوودا." سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا" ل٨ )).

ئه مه به شێکی دیدی مه نسوره. ئه بێت له و دیده زیاتر که گیانی ستراتیژی حیزبی بگۆڕێت به گیانی ستراتیژی سه ندیکایه ک هیچی تری تیادا به رجه سته بووبێته وه..؟

بۆ ئه وه ی که حیزب بتوانێت زۆرترین نفوسی کرێکاران بۆ خۆی به ده ست بهێنێت.

(مه به ست کرێکارانی کۆمۆنیسته) هه روه ها ئه م دیده له باری تاکتیکی یه وه ناتوانێت کارێک بۆ ستراتیژی کۆمۆنیستی بکات.  هه روه ها که حیزب هه موو کارو ستراتیژی، به خه باتی ئابووری یه وه په یوه ست کرد یان جووت کرد. ئیتر حیزب ده رکێشه ری هه موو ئه و نهێنیانه نی یه بۆ پرۆلیتاریا له په یوه ندی کۆمه ڵایه تی له نیزامی سه رمایه داریدا. له لای مه نسوری حیکمه ت کاتێک که ده ورو جێگاو شوێنی حه یاتی و چاره نووس سازی حیزب له مه یدانی خه باتی ئابووری دا ده بینێت. له و هه ڵه بێ مانایه ی مارتینۆف واوه تر ناچێت که مارتینۆف له کاتی خۆیدا ئه وه ی دا به ده سته وه که بره ودان به شێوه ی سیاسی له سه رخه باتی ئابووری خۆی. ئه م ده سته واژه یه ی مارتینۆف به تاڵه و زۆریش بێ ناوه ڕۆکه جگه له وه نه بێت که هه موو کاروکرداری حیزب له پێناوی ڕیفۆرمدا نه بێت. مه نسوری حیکمه ت لێره دا هه مان ڕاو بۆچوونی له گه ڵ مارتینۆف هه یه. که مێک به ترش و خوێوه.

ئه بێت ( اتحات عمل ) چ مانایه ک بدات به ده سته وه بێجگه له و کاره ئیئتیلافی یه نه بێت که هه ر یه که له لایه نه کان پارێزگاری به بوونی ڕاوو بۆچوونه کانی خۆیانه وه بکه ن ئه م اتحادعمله جگه له کاری بۆرژوازییانه هیچ مانایه کی تری نی یه. که واته نابێت کاری حیزبێکی ته واو کۆمۆنیستی اتیحادعمل بێت. به ڵکو دارشتنی نفوسی مه عنه وی بێت له نێوه

ندی کرێکاراندا. ئه ویش به و جۆره ی که بتوانێت ڕێبازی سیاسیانه ی حیزب بکاته کاروکرداری ڕۆژانه و ئاستی بیرکردنه وه ی کرێکاران به ستراتیژی حیزبه وه په یوه ست بکات. مه نسوری حیکمه ت " اتحادعمل" یکی بۆرژوازیانه نه بێت هیچی تر به یان ناکات که وه ک لێره دا ئه ڵێت: (( کرێکارانی کۆمۆنیست ده بێ بزانن خه لاقیه ت و ئیبتیکاری عه مه ل،به ده سته وه بگرن بۆ پێک هێنانی په یوه ندی" تووند و پته و" و ڕیزکردن و هاوفکری و هاوکاری کردن و اتحادعمل له گه ڵ باقی جه ره یاناتی تێکۆشه ری نێو چینی کرێکار به تایبه ت جه ره یانی سه ندیکالیستی." سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا" ل١١ )). هاوکاری کردن بۆ حیزبی کۆمۆنیست چی بێت؟ ئه بێت ئه و ناوه ندانه ی که کرێکاری تێدابێت حیزبی کۆمۆنیست هاوکاری نه کات له گه ڵ جه ره یاناته کاندا، به ڵکو ده بێت کاری خۆی به رجه سته و پراکتیک بکات. ئه گه ر هاوکاری کردن له گه ڵ جه ره یاناتی سه ندیکالیستی و جه ره یاناتی تری ناو بزووتنه وه ی کرێکاری هێشتنه وه ی هه مان ناوه ڕۆکی ئه و جه ره یاناتانه بێت. ئیتر حیزب نابێته ئه وه ی که ده ووری کاریگه ری هه بێت له سه ر پرۆلیتاریا بۆ ووشیارکردنه وه ی ته واوه تی پرۆلیتاریا به ستراتیژی سیاسی حیزبێکی کۆمۆنیستی. واته نابێت هاوکاری بکرێت به ڵکو ده بێت ئێمه نفوسی سیاسی خۆمان زاڵ بکه ین به وه ی که پرۆلیتاریا ئاگاداری بارو گوزه رانی کۆمه لایه تی بکه ین. به لام کاتێک مه نسوری حیکمه ت هاوکاری ده کات یان ئه یه وێت حیزبێکی کۆمۆنیستی هاوکاری له گه ڵ ئه و جه ره یاناتانه بکات، هیچی ترنیه جگه له ئه وه ی که حیزبێک بێ ئه وه ی به خۆی بزانێت یان نه زانێت یه ک پراکتیکی بۆرژوازیانه ی تیۆریزه و پیاده کردووه که بۆرژوازی ڕۆژانه به دوای ته جسیدکردنی ئه و پراکتیکه یه له ناو پرۆلیتاریادا. واته بۆ کۆمۆنیسته کان هاوکاری کردن نی یه، به ڵکو بردنه پێشه وه ی بۆچوونی زانستی کۆمۆنیستی خۆیان له ناو پرۆلیتاریادا بۆ ئه وه ی نفوسی هه موو سه ندیکالیسته کان تێک بشکێنێت، نه ک بیهێڵێته وه و نفووسی سه ندیکالیسته کان زیاد بکات. هه روه ها ڕیزکردنیش که یه ک ڕیزکردنی سیاسیانه ی پرۆلیتاریا نه بێت ئه وا سه روه ڕ ڕیزکردنێکی ناجۆر و جیاجیایه له ناو پرۆلیتاریادا، که هه روه کو

ئێستا ئه م جۆره ڕیزکردنانه له سه ر ده ستی بۆرژوازی و سه رمایه داران ووجوودی هه یه. ڕیزکردنی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا ڕیزکردنی سیاسیانه یه له نێوه ندی حیزبێکدا که ئه ویش حیزبی سه ربه خۆی خۆیان بێت. هه ر وه ک ئه نگلس ده ڵێت: ئه بینینه وه کرێکاران به زه رووری ڕێکخراوبوونی خۆیان له حیزبێکی سه ربه خۆدا" نظام العمل الماجور- دار تقدم ص ٤٤ .

له به ر ئه وه ڕیزبوونی کرێکاران له حیزبی خۆیاندا زه رووره نه ک ڕیزبوونێکی جۆراوجۆر. له به ر ئه وه ی ئه م جۆره ڕیزبوونانه خۆش خه یاڵی جۆراوجۆری بۆ پرۆلیتاریا تێدایه. که زۆرانێک له و خه یاڵاتانه هه مووی کارکردی بۆرژوازی یه له سه ریان. هه روه ها ئه بێت ئێمه فکری سیاسی خۆمان وه ک کۆمۆنیستێک په خش بکه ین و کرێکارانیش به ڕاو بۆچوونه کانمان ووشیار بکه ین بۆ ئه وه ی کرێکارانیش به ووشیاریی یه وه کارو هه ڵسووڕانی خۆیان و ستراتیژی خۆیان بزانن له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا، یان له و ناوه نده ی که کاری تێدا ده کات.

ئێمه ده بێت هاوفکری کۆمۆنیستی بۆ خۆمان زیاد بکه ین نه ک ببینه هاوفکری سه ندیکالیستێک یان ڕیفۆرمیستێک، به ڵکو ئه بێت ئه وان له گه ڵ ئێمه یه ک کاربن و هاوفکربن. حیزبی کۆمۆنیست ئه بێته یه ک حیزبی سیاسی بۆ پرۆلیتاریا که ده ست به هه موو خه باته کانی پرۆلیتاریاوه ده گرێت. حیزب نابێته یه ک ڕووی دیاری کراو، به ڵکو حیزب یه ک جۆر ڕێکخستنی سیاسیانه ی پرۆلیتاریایه که ئه یه وێت نفووسی کۆمۆنیستی خۆی یان ستراتیژی کۆمۆنیستی خۆی له هه موو شێوازه کانی خه باتی ڕۆژانه ی پرۆلیتاریادا له گیانی هه ڵسوڕانه ی پرۆلیتاریادا به رجه سته و ته جسید بکات. مه نسوری حیکمه ت ئه ڵێت: (( خاڵێکی تر که ده بێت باس بکرێت، جێگای حیزبه له نێو دڵی ئه م خه باته به رده وام و زیندووه دا. حیزب و حیزبایه تی یه ک ڕووی دیاری کراو و یه کێک له شێوه دیاری کراوه کانی ئه م خه باته به رفراوانه کۆمه ڵایه تیه یه نه ک" دوا ئه ڵقه ی کامل بوونی ئه م خه باته" به لای چه پی سوونه تی یه وه حیزب دواپله ی په یژه یه کی به رزه له م حقله وه بۆ نه قابه و ڕێکخراوی

ڕشته یی و دواتریش بۆ حیزب." ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان " ل ١٦ )).

ناتوانرێت حیزبایه تی بخرێته ئاستی خه باتی ئابووری یه وه، یان وه ک مه نسور ئه ڵێت هاوتایه له گه ڵ حیزبایه تی دا، یان کاری حیزبێک و نه قابه یه ک یان ڕێکخراوێکی کرێکاری ئیسلاحی به رامبه ره. ئه م دیدوبۆچوونه سه رومڕ دیدێکه که پاساودانی کارێکی بۆرژوازیانه بۆ پڕۆلیتاریا ئه کات، به وه ی که نه قابه وه ک حیزب وایه یان سه ندیکا به رز که ره وه ی ستراتیژی حیزبێکه. به ڵام ئه م حیزبایه تی یه ی که مه نسور تیۆریزه ی ئه کات له وه به ولاوه ناچێت که ئینسانێکی بۆرژوازی له سه ر ده ستی بۆرژوازی بانگه وازی دروستکردنی سه ندیکایه ک ئه کات.

ئه بێت حیزبی کۆمۆنیست ده رخه ری به رزترین ستراتیژی پڕۆلیتاریا بێت له مێژووی مرۆڤایه تی دا. حیزبی کۆمۆنیست وه سیله ی ووشیارکردنه وه ی پڕۆلیتاریایه به هه موو داخوازی یه کانی ڕێنوێنی که ری هه موو جۆره کانی خه باتی پڕۆلیتاریایه به وه ی که بتوانێت کارێک له گه ڵ ستراتیژی حیزبدا به نه تیجه بگه یه نێت. هه روه ها حیزب وه سیله ی به ده سه ڵات گه یشتنی پڕۆلیتاریایه. دامه زراندنی حیزب په یوه ست نیه به مه رجی بوونی مه حفه ل و نه قابه و سه ندیکا و ڕێکخراوی پیشه یی یه وه. حیزب و حیزبایه تی پڕۆسیسێکه بۆ به رجه سته کردنه وه ی داخوازی سیاسی پڕۆلیتاریا.

هه روه ها ئه گه ر ئه و ڕێکخراوه پیشه یی و ڕشته ییانه ش نه بوو، وه ئاستی پڕۆلیتاریا گه یشتبووه ئه وه ی که ئه توانێت ڕابه رایه تی حیزبێکی سیاسی بۆ بکرێت ئه وا دروست کردنی له هه ر هه ل ومه رجێکدا بێت پێویسته.

مه نسوری حیکمه ت له شوێنێکی تریدا ئه ڵێت: (( حیزبایه تی ڕوویه که له یه ک خه بات و له یه ک واقعیه تی چه ند لایه نه. واقعیه تێک که ڕووه کانی تری بریتین له مه حفه له کرێکاریی یه کان و نه قابه کان و شوراکان و....هتد." ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل ١٧ )).

له م ووته یه ی مه نسوردا ئه وه ده رده كه وێت په ره نسیپی حیزبێكی كۆمۆنیستی له گه ڵ په ره نسیپی نه قابه یه ک لێک جیاناكاته وه چونكه په ره نسیپی حیزب په ره نسیپێكی فراوان و به شداری كه ره له هه موو لایه نه كانی خه باتدا.

به ڵام په ره نسیپی رێكخراوه یه كی پیشه یی په ره نسیپێكی به رته سكه و په یوه سته به كاری پیشه یی ئه و رێكخراوه وه. له به ر ئه وه حیزبایه تی نابێته ڕوویه كی خه بات له یه ک واقعیه تی چه ند لایه ندا. ئه گه ر به م بۆچوونه ی مه نسور بێت كه ئه ڵێت ڕوویه كه له یه ک خه بات و له یه ک واقعیه تی چه ند لایه نه ئه وا حیزب ده بێت په ره نسیپی خۆی نه باته ناو رێكخراوێكی پیشه یی یه وه، چونكه ئه م خه باته چه ند ڕوویه كی هه یه. ئه وا حیزب به ته نها ده توانێت، یه ک ڕووی به ده ست بێنێت كه ئه م ڕووه ی وه ک ڕووی چوارگۆشه یه كسانه كان وابێت.... .

واته حیزبایه تی یه كسانه به كاری نه قابه یی، له گه ڵ ئه وه شدا كه خه باتی ئابووری به شێكی خه باتی پرۆلیتاریا پیشان ئه دات وه خه باتی حیزبایه تی هه موو خه باتی پرۆلیتاریا، پیشان ده دات. كه ئه م حیزبایه تی یه ده ست بۆ هه موو خه باتی پرۆلیتاریا ده بات و كاری كارامه ی ده بێ تێدا بكات. مه نسوری حیكمه ت له به شێكی تریدا ئه ڵێت:

(( ئه م حیزبه نوێنه ر و رێكخه ری هه ڵسووڕانی هه میشه یی و كاری به رده وامه بۆ مه سه له ی شۆڕشی كۆمه ڵایه تی و هه موو جۆره كانی تری خه بات له چوارچێوه ی ئه م خه باته گشتی یه دا بۆ شۆڕشی كۆمه ڵایه تی لێک هه ڵده پێكێت. به م پێ یه ئه م حیزبایه تی یه هه رگیز ئه لته رناتیف و به دیلێک نی یه له به رامبه ر باقی شێوه كانی تری هه ڵسووڕانی چینی كرێكاردا." ده رباره ی سیاسه تی رێكخستنی كرێكاریمان". ل١٧ )). ئێمه ئه گه ر سه یری خه باتی ئابووری پرۆلیتاریا بكه ین ئه وا ده بینین خه باتی ئابووری به شێكی خه باتی پرۆلیتاریایه. كه واته گشت خه باتی چینایه تی نیه یان كۆڵه كه ی حه یاتی خه باتی چینایه تی نیه. به ڵام حیزب ده بێت، ده ست به رێته ناو ئه و خه باته وه یان به شێوه یه كی تر ده بێت حیزب داواكاری رۆژانه ی پرۆلیتاریا بۆ ریفۆرم به شێكی داواكاریه كانی بێت. یان كاتێک

که ئیسلاحێک به ده ست دێت نابێت حیزب بیکاته کاکڵه ی کاروکرداری ڕۆژانه ی خۆی وه ئه گه ر هاتوو ئه و داواکاریه ڕۆژانه یه کرێکاران به ناڕۆشنی به یانیان کردبوو یان سوودێکی زیاتری بۆ بۆرژوازی تێدابوو ده بێت حیزب و کۆمۆنیسته کان به ئاسۆیه کی ته واو ڕۆشنه وه ئه و داواکاریانه به یان بکه ن. ڕێگای ئسوولیان پێ پیشان بده ن که نه ک وه ک مانگرتنی کرێکارانی ئه ڵمانیا که له ساڵی ١٩٩٣ ز دا ڕووی دا که ٩٠% ی کرێی { ٦ } ملیۆن کرێکاریان زیادکردوو، ده وڵه تی ئه ڵمانیا نرخی که لووپه لی{ ٧٥ } ملیۆن زیاتر له ئه ندامانی ئه ڵمانیا به رزکرده وه.

حیزبی کۆمۆنیست کاتێک به دیله بۆ باقی ڕێکخراوه کانی تر که بتوانێت ئاینده ی شۆڕشی کۆمه ڵایه تی پڕۆلیتاریا نزیک بکاته وه له ساتی ته قینه وه ی شۆڕش.

هه روه ها به شێوه یه کی تایبه تی حیزب کاری سیاسی له ناو کرێکاراندا به رجه سته کات یان هاندانی ئابووری و کاری خه باتی ئابووری کاری تایبه تی ئه م ڕێکخراوه پیشه یيانه یه.

به ڵام لای مه نسوری حیکمه ت حیزب حیزبی ئیسلاحاته و به س.

وه خه باتی ئابووری میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕانی ئه و حیزبه یه که مه نسوری حیکمه ت به حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری له قه ڵه می ئه دات. به ڵام ئه م حیزبه ی که مه نسور باسی لێوه ئه کات یه کسانه به سه ندیکا. مه نسوری حیکمه ت ئه یه وێت وه ک برنشتین هه مان کار و بۆچوون به رجه سته بکاته وه، که برنشتین ئه یووت: { پێویسته سۆشیال- دیموکراته کان" واته ئه و سۆشیال دیموکراتانه ی له کاتی نوسینی ووتاره که ی دا" بگۆڕین له حیزبێک بۆ شۆڕشی کۆمه ڵایه تی بۆ حیزبێکی دیموکراتی بۆ ریفۆرمی کۆمه ڵایه تی.به ڵام لینین ئه م تێڕوانینه ی برنشتین ئاوا باس لێ ده کات و ده ڵێت: (( ئه مه ئه و داواکاری یه سیاسی یه که برنشتین به کۆمه ڵێک له سه لماندن و ده سته واژه ی تازه ی داده نا. هه روه ها نکوڵی له توانای پشتگیری کردنی سۆشیالیزمی به شێوه یه کی زانستی و توانای سه لماندن له سه ر پێویست بوون و حه تمی بوونی له دیدگای تێگه یشتنی ماتریالیزمی مێژوویی یه وه ده کرد. نکوڵی له ڕاستی زیادبوونی ناڕه حه تی و ئازاری پڕۆلیتاریا و تیژبوونه وه ی ناکۆکی یه کانی

سه رمایه داری ده کرد، ڕایگه یاند که تێگه یشتنی مه به ستی کۆتایی ( الهدف نهائی ) خۆی له خۆیدا به تاڵه و، به ڕپه ڕچی بیروباوه ڕی دیکتاتۆرییه تی پرۆلیتاریاری به ڕپه ڕچدانه وه یه کی ته واو ی ئه دایه وه. نکۆڵی له دژایه تی بیروباوه ڕی به ینی لیبراڵیه کان و سۆشیالیسته کانی ئه کرد و نکۆڵی له تیۆری خه باتی چینایه تی کردووه. ئه یفه رموو له سه ر کۆمه ڵ دیموکراتیه تی ته واو کاتێ زۆربه ده وری هه بێت ئه بێته جینایه ت... "ماالعمل- لینین". دارتقدم ص٨-٩ )). ئه م ڕوونکردنه وه یه ی لینین به رامبه ر به و حیزبه کۆمۆنیسته کرێکاریه ی، که مه نسور باسی لێ ده کات ته واو ڕاسته ئه م دیده ی برنشتین که له دیدی مه نسوردا به رجه سته یه که به ڕووپۆشێکی تره وه ده ری بڕیوون. که واته کاری کۆمۆنیسته کان ڕیسواکردنی ئه و حیزبه کۆمۆنیسته کرێکاریی یه که به ناو حیزبی کۆمۆنیسته. به ڵام به ڕاستی سه ندیکایه که.

به ته واوه تی دوورخستنه وه ی پرۆلیتاریا له و جۆره حیزبانه له گه ڵیدا په یوه ستن، کاری سه رشانی کۆمۆنیسته کان بۆ ڕۆشن کردنه وه ی زیاتری ماهیه تی ئه و جۆره حیزبه ی که مه نسور له بیروکاریدایه. ئه گینا با ئه و جۆره حیزبانه هه ر پیرۆزی وورده بۆرژوازی بێت.

*********************************************************************************************

## ئه ڵقه ی کرێکارانی کۆمۆنیست و شێوه ی ڕێکخستنیان

---

ئه ڵقه ی کرێکارانی کۆمۆنیست بریتی یه له و ئه ڵقانه ی که زنجیری حیزب پێک ده هێنن. واته په یوه ندی سیاسی و فکری و کرداری ته واو په یوه ندیدار به یه که وه پێک ده هێنن که له ڕێگه ی ئه م ئه ڵقانه وه ئه توانرێت حیزب به شێوه یه کی به رین و به پانتایی یه کی زیاتره وه کاروکرداری سیاسی و فکری خۆی له و ناوه ندانه ی که خودی ئه و ئه ڵقانه ی تێدا ئه ژین و کارامه ن، به رجه سته بکاته وه.

واته ئه بێت ئه و ستراتیژه ی ئه ڵقه كان هه یانه یه ک ناوه ڕۆک و یه ک دیسپلینی ته واو گرێدراو به یه كه وه یان هه بێت. واته ئه و ئه ڵقانه ی كه حیزب پێک ده هێنن. وه ک یه ک ڕووته خت وایه حیزب و هه موو خاڵه كانی ناو ئه و ڕووته خته بریتی ده بێت له و ئه ڵقانه ی كه په یوه ستن به حیزبه وه" مه به ستم حیزبێكی ته واو كۆمۆنیسته. واته زانستیانه كۆمۆنیست".

لێره دا چه ند مه به ستێكی ئیكۆنۆمیستانه بۆ ئه ڵقه ی كرێكارانی كۆمۆنیست ده خه مه ڕوو كه مه نسوری حیكمه ت به یانی كردوون ئه ڵێت: (( ئه گه ر له ئه وروپا" اتحادیه" قاڵب و قه واره یه كی ئاسایی بۆ ئه وه ی كرێكاری ئه ورووپایی تێدا كۆببێته وه و خه بات بكا. له ئێران ئه ڵقه كان و ووشه به ئه ڵقه یی یه كان، ئه و قاڵب و قه واره یه ن." سیاسه تی ڕێكخستنمان له نێو كرێكاراندا" ل ١١ )).

به ووردی سه رنج بده نه ئه و ڕسته یه ی سه ره وه كه به یانی چ جۆره ئه ڵقه یه كی كرێكاری ئه كات و چۆن یه كسان ده كرێت به و ئه ڵقانه ی كه ئه ڵقه ی پێكهاتنی حیزبن. لێره دا مه نسوری حیكمه ت كه باس له ئه ورووپا ئه كات و ئه و یه كێتیانه ی ئه ورووپا یه كسان به و جۆره ڕێكخستنانه ی ئه ڵقه ی حیزب ئه كات ئه بێت چ دیدێک به یان و به رجه سته بكات؟

ئه گه ر به ته واوی بڕوانینه یه كێتی یه كانی ئه ورووپا له و یه كێتیانه زیاتر كه كاری تریدیۆنیستی تێدایه و سه رچاوه ی بیری یه كێتی له بۆرژوازی یه وه سه رچاوه ی گرتووه و كراوه به به دیلی حیزبی سیاسی پرۆلیتاریا. وه كاری ڕیفۆرمی تێدا ده برێت به ڕێوه سه رچاوه ی بیروكاری ئه و یه كێتیانه یه. واته وه ک له پێشه وه باسمان كردن كه تریدیۆنیه ت له سیاسه تێكی بۆرژوازیانه زیاتر هیچی تر نابێت بۆ كرێكاران.

واته ئه و ئه ڵقانه ی مه نسوری حیكمه ت باسی لێ ئه كات و یه كسانی ئه كات به یه كێتی یه كانی ئه ورووپا، له ئه ڵقه یه كی پیاده كه ری سیاسه تی بۆرژوازی هیچی تری لێ ره چاو ناكرێت. وه مه نسور به ئه ڵقه ی كرێكارانی كۆمۆنیستی له قه ڵه م ئه دات. لێره وه ئه كه

وینه شوێن ئه و کاره ی که مه نسوری حیکمه ت به دواوه یه تی، ئه یه وێت چ جۆره په یوه ندیه ک بۆ ئه ڵقه کان و حیزب بهێڵێته وه؟ به ته ئکید له و په یوه ندیه ئیکۆنۆمیستی یه زیاتر هیچ په یوه ندیی یه کی تر به خۆیه وه ناهێڵێته وه.

ئه گه ر ئێمه چه ند برگه یه کی به شی پێشوو بهێنینه وه یان که له سه ر حیزب و په یوه ندیی یه کانی هێناویه تی یه وه، که ئه و حیزبه ی مه نسوری حیکمه ت نه خشه دارێژه بۆی، چ جۆره حیزبێکه و ئه و په یوه ندیی یه ی که ئه یه وێت له گه ڵ ئه ڵقه کاندا ببه سترێت چ جۆره په یوه ندیی یه ک بێت؟

حیزب حیزبێکی به پراکتیک و تیۆر ڕیفۆرمیست بوو، ئه وا بڵاوکردنه وه ی ستراتیژی حیزبی و گه یاندنی به ئه ڵقه کان له و په ره نسیپه زیاتر هیچی تر نابێت که له حیزبدا بوونی ئه بێت. یه کێتی یه کان له ئه ورووپادا کاری سیاسی میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕانیان نی یه یان به جۆرێکی تر ئه گه ر کاری سیاسی یان به رنامه ی سیاسیشیان هه بێت له به رنامه یه کی سیاسی ئیسلاحی به ولاوه ناچێت. واته ئه و په ره نسیپه ی که حیزب هه ڵگریه تی" مه به ست حیزبێکی به زانستی کۆمۆنیست بێت" په ره نسیپێکی زۆر زۆر به ر فراوانترو سیاسی تر ئه بێت له و یه کێتی یه ی که ئه گه ر به رنامه یه کی سیاسیش بێت.

ئه و بۆ چوونانه ی که له ناو یه کێتیه کاندا هه یه ئه وه یه که سه رمایه داری ڕه فز نی یه و سۆشیالیزمیشی پێ خراپ نی یه. واته بانێکه و دوو هه وا!

بۆ په ره سه ندنی حیزبێکی کۆمۆنیست بانێک و دوو هه وا نی یه. بێجگه له حیزبێکی وورده بۆرژوازی نه بێت. واته یه کێتی یه ک کاری به ئیسلاح کردنی دژایه تی ڕۆژانه ی نێوان کرێکاران و خاوه ن کار بێت یان ده وڵه ت. ئیتر ئه ڵقه کانیش که ئه چنه پای ئه و کارو کردارانه ی که یه کێتی یه کان هه یانه. له وه وه بۆمان ده ر ئه که وێت که ئه م ئه ڵقانه ی که پێک هاتی حیزبی پێک ده هێنن له گه ڵ حیزبه که شیاندا له کاری ئیتحادییه ک که کارێکی تریدیۆنیست پیاده ئه کات به ولاوه ناچێت. واته ئێمه له پێک هێنانی ئه ڵقه کانی ده وری حیزبدا هیچمان نه کردووه. بۆ ئه وه ی که ئه و ئه ڵقانه ی که په یوه ستن به ناوه ندی

کارکردنه وه واته به پرۆلیتاریاوه که بتوانێت ته جاوزی ئه و کارانه بکات و کاری سیاسی زیندوو به یان بکات له ناو کرێکاراندا و وه بتوانێت په خشێنه ری بیروبڕوای سۆشیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی بێت.

مه نسوری حیکمه ت له به شێکی ڕاوبۆچوونه کانی له باره ی ئه ڵقه کانه وه ئه ڵێت:(( ده بێ ئه وه له به رچاو بگیرێت که له لای ئێمه وه پێکهێنانی ئه ڵقه کرێکاریی یه کان نابێ به و مه رجه وه ببه سترێته وه که ئه و ئه ڵقانه به شێوه ی ڕه سمی لایه نی حیزب بگرن."سیاسه تی ڕێکخستنمان له نێو کرێکاراندا" ل ١١ )). ئه م بۆچوونه ی مه نسور ئه وه ده رده خات که ئه و په یوه ندیی یه ڕێکخراوه یی یه ی که ئه ڵقه کان به حیزبه وه هه یانه بخاته پای په یوه ندیی یه کی زۆر بێ سه ره و به ره وه که ئه ویش په یوه ندی کرداری لێک ده پچڕێ و ئه ڵقه کان به سه ربه ست له دید و ستراتیژی حیزب کاری خۆیان له نێو کرێکاراندا به ره و پێش ده به ن، ئه گه ر حیزبێکی زانستیانه کۆمۆنیست هه بێت ده بێت ئه م ئه ڵقانه به ڕه سمی لایه نی حیزب بگرن. ئه گینا بۆ ئه م ئه ڵقانه ی که په یوه ست نابن به حیزبێکه وه له دیدی ئه م ئه ڵقانه وه حیزب حیزبێکی بۆرژوازی ده بێت، ئه وا له هه مان کاتدا ئه بێت ئه م ئه ڵقانه په یوه ندیی یه کی ئسوولّی و کارامه بۆ په یوه ندی دروست کردن له گه ڵ یه کتریدا بدۆزنه وه و بتوانن هاوکاری باشی یه کتری بکه ن. هه روه ها بتوانن کاری سیاسی زیندوو له ناو کرێکاراندا ببه نه پێشه وه و بتوانن کرێکاران له بیری مارکسیزم ئاگادار بکه ن و وه لێکۆڵینه وه ی ساته وه ختی ژیانی خۆیانی تیادا هه بێت و هه ڵسوڕانی سیاسی ئێستایان به باشی له ناودا ته جسید بکه ن.

هه روه ها ئه بێت به وه ئاشنابن که ئه بێت بۆ پێکهێنانی ئه ڵقه یه ک دیسپلینی ڕێکخراوه یی ڕه چاو بکرێت و کاری جدی له گه ڵدا بکرێت. وه ئه گه ر ئه ندامێکی حیزب هه وڵی دروست کردنی ئه ڵقه یه کی کرێکاری کۆمۆنیستی دا ئه بێت ئه و ئه ڵقه یه په یوه ندی دارو پێکهێنه ری به شێکی حیزب بێت بۆ به یان کردن و بڵاوکردنه وه ی په ره نسیپه کانی حیزب. ئه وه ی که مه نسور ئه ڵێت نابێت به و مه رجه وه ببه سترێته وه که ئه و ئه ڵقانه به شێوه ی ڕه

سمی لایە نی حیزب بگرن لە ووتە یە کی بۆرژوازیانە زیاتر بۆ لێک دابڕان و بێ سە رە و بە رە یی دروست کردن لە کاری ئە ڵقە و حیزبدا هیچی تر نی یە. مە نسوری حیکمە ت لە بە شێکی ووتە کانیدا ئاوا ئە فە رموێت: (( لە پێکهێنانی ئە م ئە ڵقانە دا تا ڕادە یە کی زۆر دە بێ پشت بە و سوونە ت و نە ریتانە ببە ستێرت کە لە نێوکرێکارانی پێشرە ودا هە ن. بۆ پێک هێنانی ئە م ئە ڵقانە پلاتفۆرم و پە یرە وی ناوخۆی لە پێشە وە دیاریکراو و پێویست نی یە." سیاسە تی ڕێکخستنمان لە نێو کرێکاراندا" ل١٢ )).

لێرە دا دە بێت تیشکێک بخە ینە سە ر ئە و بڕواوبۆچوونە جیاوازانە ی کە لە نێو کرێکاراندا هە یە. لە نێو کرێکاراندا لە هە موو جۆرە قووماشێکی بڕواوبۆچوونە کان هە یە. هە ر لە مە زهە بی و  ناسیۆنالیستی و سە ندیکالیستی و ڕیفۆرمیستی و تردیۆنیستی و ڕاسیستی و دیدی هە مە جۆری تر...   . کە ئە مانە بۆ خۆی هە رهە مووی دیدێکی بۆرژوازیانە ی نیزامی سە رمایە داری یە و لە ئە شکالی جۆراوجۆردا خۆی نواندووە، کە هە ر هە مووی لە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازییە وە سە رچاوە یان گرتووە.

وە ئە و ڕابە رانە ی کرێکاران کە لە خە باتی ئابووری ڕۆژانە ی کرێکاراندا بوونیان هە یە ناتوانرێت بە تە واوی کاری ئە ڵقە یە کی کرێکارانی کۆمۆنیستی پێ بسپێردرێتوو بتوانێت ڕێنوێنی تە واو کۆمۆنیستانە ی ئە و ئە ڵقانە بکە ن. ئیتر لە کوێوە ئە توانرێت پشت بە و نە ریتانە ببە سترێت کە لە ناو ڕابە راندا هە یە. کاتێک کە کۆمۆنیستە کان بە دوای دامە زراندنی ئە ڵقە یە کی تووند و تۆڵی کۆمۆنیستی یە وە بن. پشت بە و نە ریتە ئسوولیانە دە بە ستین کە تە واو بە قازانجی کاری کۆمۆنیستیانە ی پرۆلیتاریاوە ن. چوونکە کۆمۆنیستە کان جیهان بینی فراوان تریان هە یە بۆ سوود گە یاندنی زیاتر بە پرۆلیتاریا. کاتێک کە پرۆلیتاریایە کی ناووشیار ئە بێتە ڕابە ری کرداری بزووتنە وە ی کرێکاری ئە ویش لە وانە یە لە زۆر کاتیدا لە ڕێگە ی چاو نە ترسی خۆیە وە بێت. چونکە داواکاری ئە و ڕابە رە هە موو کرێکاران پێی ئاشنان و بە تە واوی چە سپیوە لە نێوانیاندا. کە واتە کام کار بە قازانجیانە؟ کام سوونە ت بە قازانجە بۆچوونە پێشە وە ی بزووتنە وە ی کۆمۆنیستی، ئێمە دە بێت ئە و کارە بکە ین نە

ک سۆزێکی کوێرانە بە ری چاومان بگرێت و دە زگای بیرمان کۆنترۆڵ بکات، کارێک بە قازانجی سە رمایە داران بیکە ین. بە لاّم زۆر جار لە کاروبیری ئە و مرۆڤانە ی کە ئاشناشن بە مارکسیزم کە کارێکی زە رە رمە ند بە بزووتنە وە ی کۆمۆنیستی بە رجە ستە ئە کە ن. بیە وێت و نە یە وێت کارێکە سە روە ڕ بە قازانجی سە رمایە داران و بۆرژوازیی یە. هە روە ها لە بزووتنە وە ی کرێکاریدا ئە و جۆرە ئە ڵقانە بوونیان نی یە. کە مە نسوری حیکمە ت مە بە ستیە تی بە ئە ڵقە ی کرێکارانی کۆمۆنیست لە قە ڵە میان بدات. بە لاّم ئە م ئە ڵقانە ئە وە یان کە مە کە بتوانن کارێکی ئە ڵقە یی کرێکارانی کۆمۆنیست بە رنە پێشە وە.

واتە ئە وە ی لێرە دا جێی کارکردنی کۆمۆنیستە کانە بۆ دروستکردنی ئە و ئە ڵقانە دروستکردنی ئە ڵقە ی کرێکارانی کۆمۆنیستە بە دید و کارکردن کۆمۆنیست.

وە بە پە یوە ستبوونێکی حە یاتی یە وە بە حیزبێکی تە واو کۆمۆنیستە وە کە کاری تێدا ئە کە ن یان جێگە ی مە بە ستیانە. ئە بێت چ شتێک دە ستنیشانی جە وهە ری کارێک بکات لە ئە ڵقە یە کدا کە ئە م ئە ڵقە یە بە تیۆر و پراکتیک ئە ڵقە یە کی کرێکارانی کۆمۆنیست بێت. بێگومان پە یڕە وی ناوخۆ کە ئە م ئە ڵقانە لە سە رە تای دامە زراندنیانە وە قسە و باسی جدی لە سە ر دە کرێت بۆ ئە وە ی جێگا و شوێنی ئە و ئە ڵقانە وە ک ئە ڵقە یە کی کرێکاری کۆمۆنیستی ڕە چاو بکرێت بتوانێت ڕووانگە ی کارە کانی ساتی دامە زراندنی و ساتە کانی دواتری لە بە رچاو بێت.

ئە ڵقە ی کرێکارانی کۆمۆنیست بە ر جە ستە ی کاری سیاسی حیزبێکی کۆمۆنیستە لە چوارچێوە یە کی بچووکتردا. واتە بە هە موو ئە ڵقە کانی پێکهێنە ری حیزب و کاری حیزب، پانتایی یە کی کاری حیزبی بە خۆیە وە دە گرێت. لێرە دا پرسیارێک دێتە بە ردە ممان کە، ئە بێت چ پە یڕە وییە کی ناوخۆیی لە ناو ئە ڵقە ی کرێکارانی کۆمۆنیستدا بێت؟ بێگومان ئە بێت ئە و ئە ڵقانە پە یڕە وی ناوخۆیی ئە و ئە ڵقانە ش بێت.

لە بە ر ئە وە ی کە ئە و کارە ی هە موو حیزب دە یکات ئە بێت بە رجە ستە بێت لە هە موو ئە ڵقە کانی حیزبدا. هە روە ها کاری ئە ڵقە کان پە یوە ندی بە پە رە نسیپی حیزبە وە هە

بێت وه هه روه ها پلاتفۆڕمی حیزبیش پلاتفۆڕمی ئه م ئه ڵقانه ش ئه بێت. چونکه کاری حیزبی کاری ئه ڵقه ی کرێکارانی کۆمۆنیستی حیزب یه ک کاروکردارو یه ک سیسته می فکری هاوتایه هه روه ها ئه بێت ئه و ئه ڵقانه به پێی ئه و ناوه ندانه ی که تێیدا کارده کات بتوانێت کاری ستراتیژی خۆی تێدا بباته پێشه وه ئه ویش به ڕه چاوکردنی هه لومه رجی مه وجوودی ئه و ناوچه یه. به ڵام لێره دا هه لومه رجه کا ن چه نده له یه کتریش جیاوازبن نابێت ئه و ستراتیژه و ئه و په یڕه ویی ناوخۆیی یه که حیزب و ئه ڵقه ی کرێکارانی کۆمۆنیست هه یانه لێک نه چوو جیاواز بێت.

وه هه روه ها بوونی په یڕه وی ناوخۆی جیاواز ده ست نیشانی لێک جیاوازی ستراتیژو سیسته می فکری ئه و ئه ڵقانه ده کات که پراکتیکیش ده کرێت. له به ر ئه وه ده ستنیشان کردنی پلاتفۆڕم و په یڕه وی ناوخۆ پێویسته بۆ دروستکردنی ئه و ئه ڵقانه ی کرێکارانی کۆمۆنیست.

*********************************************************************************************

## باش بوونی واقعی ژیانی پرۆلیتاریا

ئه گه ر تۆزێک به ووردی  له کۆمه ڵگای سه رمایه داری ووردبینه وه و هه موو ئه و دیارده و کێشانه ی که تێیدایه، هه ر هه مووی له جیاوازی دوو ووزه ی جیاوازی ئابووری دوو چینه که ی کۆمه ڵگای سه رمایه داری یه وه سه رچاوه ی گرتووه. واته هه ر چینه و یه ک سه رچاوه ی ئابووری خۆی هه یه له کۆمه ڵگای سه رمایه داری دا. یه کێکیان که سه رمایه داره سه رچاوه ی ئابووری خۆی له هێزی کاری کرێکاره وه ده ست ده که وێت و ئه بێته  که ڵه که ری سه رمایه که ی و زیادکردنی سوود و قازانج بۆی. ئه ویش  له ڕێگه ی به کارهێنانی هۆی به رهه مهێنان که سه رمایه داران خاوه نه که یه تی و گۆڕینی ئه و مادده خامانه ی که ئه بنه کاڵای به رهه م هێنراو و فرۆشتنیان له بازاڕی سه رمایه داریدا. وه چینه که ی تریشیان که پرۆلیتاریایه  له سه ر به کارهێنانی  هێزی کاری خۆی به شێکی زۆر که می له کرێ حه قیقی

یه که ی خۆی ده ست ده که وێت و ژیانێکی خراپی مه مره و مه ژیی یه ی خۆی پێ مسۆگه ر ده کات. ئه م دوو چینه له به هره مه ندبوون له هه موو توانا مادییه کانی ژیانی واقعی خۆیان جیاوازی گه وره یان هه یه که ئه و جیاوازیی یه ئاسمان و ڕێسمانیان فه رقه.

که واته بۆ باش بوونی واقعی ژیانی پڕۆلیتاریا ئایا ڕیفۆرمێک به ده ستی ده هێنێت؟

بێگومان نه خێر. چونکه باش بوونی واقعی ژیانی پڕۆلیتاریا به هره مه ندبوونه له هه موو توانا به ده ست هاتووه کانی مرۆڤایه تی. ئه گه ر ئێمه له سه ره تای دروستبوونی ئه م دوو چینه و له پێکهێنانی کۆمه ڵگای سه رمایه داری یه وه تێبڕوانین ده بینین گۆڕانکاری بچووک و تاک و ته را گۆڕانی ڕیشه یی هه بووه، که ئه ویش ماوه یه کی که می به سه ر بردووه. واته ڕیفۆرمێک که له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داریدا کرابێت، له چاو ئه و سه رده مه ی که پڕۆلیتاریا له و ساته دا تێیدا ژیاوه کارێک بووه، بۆ ڕیفۆرمیسته کان کارێکی زۆر به نرخ و بووه. به ڵام بۆ پڕۆلیتاریا هیچ شتێک نه بووه که ببێته جێگای خۆشحاڵی و گۆڕانکاری واقعی ژیانی پڕۆلیتاریا. واته شتێک بووه له هیچ باشتربووه.

پڕۆلیتاریا له لایه ک خه باتی ئابووری ده کات و داوای کرێی زیاد ده کات و سه عات کاری که م ده هێنێته ئاراوه. وه له لایه کی تریه وه چه ندان ملیۆن کرێکار بێکار ده کرێت چه ندانی تر ڕه وانه ی تیاترۆخانه کان ده کرێت و چه ندانی تری له سه ر جاده کان ڕۆژ ده که نه وه و هه ندێکیان منداڵه کانیان ده فرۆشن و.... هتد.

له زۆرێک له ووڵاته کانی جیهاندا و به تایبه ت له ئیتاڵیادا هه ندێک خێزان وه ک، کارگه یه ک خۆیان به کار ده هێنن بۆ ئه وه ی بتوانن ساڵانه منداڵیان ببێت و ئه م منداڵه یان وه ک به رهه می کارگه ی خێزانی خۆیان بخه نه بازاڕی سه رمایه دارانی گه وره ی ووڵاته که یان تا بتوانن به م به رهه مه گۆشتینیه ی خۆیان بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکه ن. که باشترین نموونه ن ئه و خێزانه ئیتاڵیانه ی که حکومه تی ئیتاڵیا هێرشی کرده سه ریان له ساڵانی١٩٨٧ ز دا وه باشترین نموونه ی کرده ی خه باتی ئابووری پڕۆلیتاریایه بۆ به ده ست هێنانی ژیانی واقعی خۆی که ئه م ژیانه ته نها ژیانی غۆرێلایه که له سه رده مێکی نوێ دا.

**ئه گه ر ئێمه به راووردی کارامه یی به کارهێنانی ئه لکترۆن بکه ین له به کارهێنانی له کارگه و شه ریکاته کاندا. ئه وا ده یبینین که کرێکاران له سه ر ده ستی سه رمایه داران و ده وڵه ته که یاندا سوود له ئه لکترۆن کردنی پیشه سازی وه رناگرن.**

**وه به ده ست هێنانی ئه م داهێنانه گه وره یه ی مرۆڤایه تی، پرۆلیتاریا زیاتر و خراپتر ژیانی ناخۆشی خۆی به سه ر ئه بات. ئه م به ده ست هێنانه ی مرۆڤایه تی بۆ نیزامی سه رمایه داری ئاوه هایه، که پرۆلیتاریا به هره مه ند نه بێت لێیان.**

**به ڵام له په یوه ندی کۆمه ڵایه تی کۆمۆنیزم دا هه موو مرۆڤایه تی له داهێنانه کان به هره مه ند ده بن. به ڵام ئه م داهێنانه له نیزامی سه رمایه داریدا ته نها بۆ سه رمایه داران سوودمه ند ئه بێت.**

**بۆ به ده ست هێنانی زیاتری قازانج بۆ سه رمایه داران. ئه مڕۆ هه تا یاری منداڵانیش یاری ئه لکترۆنی یه. که بۆ منداڵانی پرۆلیتاریا قه ده غه یه و بڤه یه، بۆ منداڵانیسه رمایه داری هه موو شتێک له خزمه تیاندایه!**

**که واته به ده ست هێنانی ژیانی واقعی شیاو بۆ پرۆلیتاریا، به ده ست هێنان و به هره مه ندبوونی پرۆلیتاریایه له هه موو ئه و داهێنانه ی که مرۆڤایه تی پێی گه یشتووه.**

**له ئه ڵمانیادا (٦) ملیۆن کرێکار هه قده ستی خۆیان زیادکرد به ڕێژه ی له (٩٠%) ی هه قده سته کانیان. ئه م زیادکردنه نه بووه ئه وه ی باشبوونی واقعی له ژیانی کرێکاراندا به ده ست بهێنێت. چونکه هیچ خێزانێکی کرێکار ناتوانێت ساڵی یه ک ژه م باینجان بخوات. هه روه ها ئه وه بوو ده وڵه تی ئه ڵمانیا ڕێژه ی نرخی که لوپه لی له بازاڕی ئه ڵمانیادا زیادکرد. ئه مه ش بووه هۆی ئه وه ی که ئه و کرێکارانه ی که به هره مه ند بوون له به ده ست هێنانی زیادی کرێکه ی به ڕێژه ی له (٩٠%) ی کرێکه ی هیچ گۆڕانێکی بچووک و ئه وتۆی له ژیانی دا نه کردووه. هه روه ها هه ر له دوای ئه و داواکاریی یه ی کرێکاران له ئه ڵمانیادا نرخی که لوپه له کان له بازاڕ بۆ١٠٠ ملیۆن ئینسان له ئه ڵمانیادا به رزبووه وه. وه باش بوونی واقعی ژیانی پرۆلیتاریا له لای ڕیفۆرمیسته کان وه ک ئه و بۆچوونه ی مه نسوره که ئه ڵێت: (( وێنه یه ک**

له كۆمه ڵگا ده ده ن به ده سته وه كه تیایدا به هۆی هاتنه سه ركاری ئه م سۆشیالیسته خێرخوایانه وه، ئه م نه داری و بێ به شییه له نێو ده چێ. به ڵام له هه مان كاتیشدا به ئاشكرا یان به ئیشاره تدان وا لێك ئه درێته وه كه تا ئه م خۆی نه یه ته سه ركار یان تا "شۆڕش" نه كرێت، باش بوونی واقعی له ژیانی جه ماوه ردا نابێت چاوه ڕێ بكرێت."ده رباره ی سیاسه تی ڕێكخستنی كرێكاریمان" ل١٤)). هه روه كو له وه و پێش باسم لێ كرد ڕیفۆرمێك له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داریدا نابێته ئه وه ی كه كاری به كرێ هه ڵبووه شێته وه. ئه بێ چۆن ژیانی واقعی بۆ پڕۆلیتاریا به ده ست بهێنێت؟ لێره دا ئه وه دێته به رچاومان كه مه نسوری حیكمه ت ئه یه وێت به ڕیفۆرمێك له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا كرێكاران ڕازی بكات به وه ی كه ژیانی واقعی پڕۆلیتاریا به ده ستدێت. ئه مه بۆ ئه و كه سه ی كه بۆماوه( وراثه) ی سه رمایه دارانه ڕێك و ڕوون ڕاسته. به ڵام بۆ ئه و كه سه ی كه پڕۆلیتاریا وه ك كائینێكی كارامه و كاركه ر له سه ر هه موو به رهه مه كۆمه ڵایه تی یه كان ده بینێت ڕازی نابێت پێی، كه ڕیفۆرمێك له هه قده ستی دا بكرێت به باش بوونی واقعی ژیانی كۆمه ڵایه تی پڕۆلیتاریای له قه ڵه م بدات.

ئه بێت چی له وه قێزه وون و شه رم هێن تر بێت كه ئه ڵێت ڕیفۆرمێك ئه بێته هۆی باش بوونی واقعی ژیانی پڕۆلیتاریا. هه روه ها ئه وه ش سۆشیالیستێكی خێرخوایانه یه كه ڕیفۆرمێك ئه كاته ئه وه ی كه ژیانی واقعی پڕۆلیتاریای تیا به ده ستدێت.

هه روه ها ئه و سۆشیال– دیموكراته(بۆرژوازی) یه ئه م دیدوبۆچوونه ی هه یه. به ڵام لێره دا، مه نسوری حیكمه ت ئه یه وێت ئه و عیباره ته به ته واوی پراكتیك بكات كه ئه ڵێت خه باتی ئابووری كۆڵه كه ی حه یاتی خه باتی چینایه تی پڕۆلیتاریایه.

ئه ویش به هێنان و بردنی كۆمه ڵێك عیباراتی له وه بێ ناوه ڕۆك تر، وه یان به هه ر شێوه یه ك بێت بتوانێت كارێك بۆ ئاغاكانی بكات، ئه گه ر پێی بزانێت یان نه زانێت.

ئه بێت ئه وه ش ڕوون بێت بۆ كۆمۆنیسته كان كه كاتێك ئیسلاح به ده ستدێت له سه ر ده ستی پڕۆلیتاریا یان بۆرژوازی، كه ئه یكات ئه وه بزانێت كه باش بوونی ژیانی واقعی له

ژیانی پڕۆلیتاریادا به ده ست نه هاتووه. ئه گه ر به ده ست هاتووه ئه بێت ئه وه سۆشیالیزم بێت، نه وه کو نیزامی سه رمایه داری!

به ڵام مه نسوری حیکمه ت ئه یه وێت ناوه ڕۆکی سۆشیالیزم وه ک په یوه ندیی یه کی سۆشیالیستانه ی به رهه م هێنان بۆ پڕۆلیتاریا یه کسان بکات به په یوه ندی سه رمایه داری به هه ندێک ووردە ده ستکاریی ئه ملاو ئه ولای که م بایه خ.

ئه بێت ئه وه بۆ کۆمۆنیسته کان ڕۆشن بێت که سۆشیالیزم ئه و په یوه ندیی یه کۆمه ڵایه تیه یه که باش بوونی واقعی ژیانی پڕۆلیتاریای تێدا به ده ستدێت. ئه گه ر ئه م په یوه ندیی یه له ڕێگه ی شۆڕشه وه نه بێت ئه بێت له ڕێگه ی چی یه وه به ده ست بێت؟ بێگومان له ڕێگه ی شۆڕشه وه به ده ستدێت ئه ویش شۆڕشی سۆشیالیستانه ی پڕۆلیتاریایه. به ڵام، سۆشیال- دیموکرات ئه ڵێت ئێمه له ڕێگه ی ڕیفۆرمه وه سۆشیالیزم یان ئاینده ی سۆشیالیزم به ده ست دێنین که ئه ویش فریودانی پڕۆلیتاریایه به دوای ڕێچکه ی بۆرژوازیانه ی خۆیاندا بۆ ئه وه ی ته مه نی ده سه ڵاتی سه رمایه داری درێژ بکه نه وه.

که واته شۆڕشی سۆشیالیستی پڕۆلیتاریا مسته لزه ماتی یه که می به ده ست هێنانی باش بوونی واقعی ژیانی پڕۆلیتاریایه. ووڵاتی سوێد یه کێکه له ووڵاتانی سۆشیال- دیموکرات که توێژوو چینه جیاوازه کانی ناو کۆمه ڵی به ڕۆشنی تیادا ده بینرێت که هه ر یه که یان جۆرێک له ژیان به سه رئه به ن ئه وه ی بیمه ی بێکاری هه یه له پڕۆلیتاریای سه رکار خراپتر ئه ژی و ئه وی دوکانداریشه یان ووردە بۆرژوازی یه باشتر له پڕۆلیتاریا ده ژی و ئه وی سه رمایه داری گه وره شه له ووردە بۆرژوازی و پڕۆلیتاریا زۆر باشتر ئه ژی. ئه مه یه خاسیه تی ووڵاتانی به ناو سۆشیالیست، یان ووڵاتانی سۆشیال- دیموکرات. ئه م سۆشیالیزمه سۆشیالیزمی خێرخوایانه یه.

*************************************************************************************

# ماركسيزم و شۆڕشی كرێكاران

----------------------------------

ماركسیزم وه ک تیۆری پرۆلیتاریای ووشیار بۆ ده ستنیشان كردنی ئێستا و داهاتووی تیۆرێكی زانستی یه. تیۆری ماركسیزم كه بنیادی فه لسه فه ی خۆی له سه ر ته وه ری بیری ماتریالیزمی دیالێكتیكی دارشتووه و ماددییه تی مێژوویی كۆمه ڵگای مرۆڤایه تی به چه ند قۆناغێكی ڕابردوو ده ستنیشان كردووه و لێكۆڵینه وه ی له سه ر هه موو په یوه ندیی یه جیاجیاكانی ئه و سه رده مه هه بووه. جیاوازی داراو نه دار و كۆیله و كۆیله دار و .. ده ره به گ و جووتیار و كرێكار و سه رمایه دار. به پێی بارو زرووفی بابه تی یه كانی ئه و سه رده مه و ئێستا لێک داوه ته وه. وه تیۆری ماركسیزم له هه مووی گرنگیتر ئه وه یه كه گۆڕانی كۆمه ڵایه تیشی بۆ ئه م سه رده مه ده ستنیشان كردووه( واته سه رده می سه رمایه داری ) كه واته ئه ڵته رناتیڤی ماركسیزم بۆ سه رده می سه رمایه داری. سۆشیالیزم و ڕۆشتن بۆ كۆمۆنیزمه.

واته سۆشیالیزم چۆن به ده ست دێت؟ بێگومان لای ماركسیزم گۆڕانی بنه ڕه تی په یوه ندی ئابووری كۆمه ڵایه تی سه رمایه داری یه،به په یوه ندی ئابووری هاوبه شی. لێره دا ئه وه دێته گۆڕێ و پرسیارێک خۆی قوت ده كاته وه له به رده ماندا چۆن ئه م په یوه ندیی یه ئابووریی یه سه رمایه دارپی یه ئه گۆڕێت به په یوه ندی ئابووری هاوبه شی؟ بێگومان به هه ڵوگێڕكردنی نیزامی سه رمایه داری ئه ویش له ڕێگه ی شۆڕشی سۆشیالیستی كرێكارانه وه، به دامه زراندنی دیكتاتۆریه تی پرۆلیتاریا و ڕێگه خۆش كردنی ته واوه تی بۆ دامه زراندنی په یوه ندی كۆمۆنیستی له سه رده می كۆمۆنیزم دا.

كه واته كه ڕیفۆرمێک له ساتێكدا ده كرێت ئه م ڕیفۆرمه خاڵی سه ره كی ده ستپێ كردنی كاری كۆمۆنیستێک نی یه. به ڵام به شێكی بچووكی كاره كانیه تی. ئه وه ی كه مه نسوری حیكمه ت مه به ستیه تی دابڕاندنی پرۆلیتاریایه له خۆ سازدانی بۆ شۆڕشی كۆمه ڵایه تی خۆی.

مه نسوری حیكمه ت بیر له خۆی و ده رووپشته كه ی ئه كاته وه بیر له نه وه یه كی دواتر ناكاته وه. مه نسوری حیكمه ت له به شێكی نوسینه كه یدا ئاوا باسی لێ ده كات ئه ڵێت:

(( بیرۆکه ی شۆڕش و تیئۆری مارکسیانه ی شۆڕشی کرێکاری بۆ ئه م ڕه ووتانه ده بێت بیانوویه ک بۆ بازدان به سه ر خه بات له پێناو چاکردنی خێرای بارووِدۆخی چینی کرێکار و حه واڵه کردنی کرێکار به داهاتوو و به سووک دانانی خه باتی کرێکار له پێناو ڕیفۆرمه ئابووری و کۆمه ڵایه تیه کاندا به وه ی که گوایه نیشانه ی لادانه له مه سه له ی شۆڕش. به ڵگه نه ویسته که له م دیدگایه دا کرێکار بۆ سه ندنی حه قی خۆی  هان ده درێت. به ڵام هه زار جار ئه و تێبینیه دووپات ده کرێته وه که ئه م خه باته نابێت" سه ره کی" بکرێته وه و له م جۆره شتانه بۆ چینی کرێکار و مارکسیزم ئه مه له بنه ڕه ته وه بێ مانایه. چونکه خوودی بوونی چینی کرێکار له کۆمه ڵگادا به ستراوه به خه بات و کێشمه کێشی هه موو ڕۆژه له گه ڵ بۆرژوازی دا بۆ باش کردنی بارووِدۆخی کرێکاران." ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان". ل١٤)). بۆ که سێک که کۆمۆنیست بێت بازهه ڵدان به سه ر ئه وه ی که کرێکاران له کێشمه کێشی ڕۆژانه ی خۆیاندا له گه ڵ سه رمایه داراندا بۆ به ده ستهێنانی ڕیفۆرمێک ئه وه ئه گه یه نێت که له کۆمه ڵگای سه رمایه داری تێنه گه یشتووه که ئه م کۆمه ڵگایه به بوونی دوو چینی جیاواز تیایدا سیمایه کی صراعی هه یه.

به ڵام به وه ی که به و جۆره خه ست بکرێته وه که کاری سه ره کی و حه یاتی یه ئه مه ش بۆ خۆی  که ووتنه داوی ڕیفۆرمیستیه وه یه. چونکه به ده ستهێنانی ڕیفۆرمێک که وه ک مه نسوری حیکمه ت کردوویه تی به هه مووشتێک به و خه ستیه نیه.

واته لێره دا ئه بێت ده ست ڕابکێشین ئایا بۆ به ده ستهێنان و نزیک بوونه وه مان له شۆڕش له چی یه وه ده ست پێ ده کات بێگومان وه ک ئه نگلس ده ڵێت: به ته وعیه و ته وحیدی پرۆلیتاریا. ئه م کاره به کردار ده کرێت. بێگومان که مێژووی سه رمایه داری بێنینه به رچاوی خۆمان پڕه له به ده ستهێنانی زۆرێک له ڕیفۆرم. له چوارچێوه ی ئه م نیزامه دا، بێ ئه وه ی هیچ له نگی و ناهاوسه نگی یه کی بۆ به ڕێوه بردنی ئیداراتی ئابووری سه رمایه داری دروستکردبێت. که واته ووشیاری بۆ پرۆلیتاریا ده ستنیشان که ڕیشه  بۆ یه کگرتنی کرداری کرێکاران. بۆ به ده ستهێنانی دیکتاتۆریه تی پرۆلیتاریا. بۆ سه لماندنی ئه م بۆچوونه ئێمه

نزیکترین نموونه مان ئه ورووپایه، که ئه ورووپا مێژوویه کی درێژتری هه یه له گه شه کردنی سه رمایه داری تیایدا له چاو ڕۆژهه ڵاتدا. هه روه ها ئه وه ش به ئاشکرا ده بینین له ناڕه زایه تی چه ند ملیۆنی کرێکارنی وولاته جیاجیاکان و چه ند جار دووباره بوونه وه و ده باره بوونه وه یان ڕوون و ئاشکرایه بۆمان وه هه روه ها له زۆرجاریشدا ڕیفۆرمیش به ده ستهاتووه. به ڵام له ئه ورووپای ته یاری نه ته وه یی و جووڵانه وه ی دینی و هه روه ها نیوونازیسم و فاشیسم و ڕاسیستی و جیاکردنه وه ی مرۆڤی ئه ورووپایی و ڕۆژهه ڵاتی ودروستکردنی جیاوازی قژ ڕه ش و قژ زه رد و سوورپێست و سپی پێست و ڕه ش پێست و چاو ڕه ش و چاو شین. هه روه ها دروستکردنی تاوان بۆ ئه و کۆچکردوانه ی که له وولاتانی شه رقه وه یان هه ر له ئه ورووپاوه چوونه ته چه ند وولاتێکی تری ئه ورووپا، کردنیان به هۆی سه ره کی بۆ ده ردوو ناخۆشیه کانی باری ژیانی پرۆلیتاریا له وێدا. واته له ئه ورووپای گه شه کردووی سه نعه تیدا هه موو شتێک له باره ی ڕیفۆرمه وه هه یه. به ڵام هه تا ئێستا سۆشیالیزم به ده ست نه هاتووه.

ئه بێ ئه م گیانه به چ ڤایرۆسێک تووشی نه خۆشی کرابێت و له په لوپۆ خرابێت؟

بێگومان ئه وه یه که مه نسوری حیکمه ت ئه ڵێت: ئه بێ خه باتی ئابووری سه ره کی بکرێته وه و داواکاری ڕیفۆرمیش یه کێک بێت له کاره هه ره سه ره کی یه کانی خه باتی پرۆلیتاریا.

وه ئه مه دابڕاندنی ووشیاری سۆشیالیزمی زانستی یه له پرۆلیتاریادا. بۆ ئه وه ی به رچاوی خۆی به واقعی نه بینێت. وه چاره سه ری نه خۆشی سه ره کی خۆی نه زانێت که چ ده رمانێک چاره سه ری ده کات. واته ده رمان بۆ چاره سه رکردنی ئه م نه خۆشیه کوشنده یه ووشیاربوونه وه ی پرۆلیتاریا یه به حاڵ و گوزه رانی تایبه تی خۆی وه به ده ستنیشان کردنی په یوه ندیی یه کۆمه ڵایه تی یه کانی خۆی له نیزامی سه رمایه داری دا.

ئه وه بۆ مارکسیزم شه رمه که کاری سه ره کی خه بات بێت له پێناو ڕیفۆرمدا یان ڕیفۆرم هه ره کاری سه ره کی پرۆلیتاریا بێت. ئه وه مارکسیزم نی یه به ڵکو ئیکۆنۆمیزمه.

کارێک که بۆ مارکس و ئه نگڵس زۆر به کارێکی جدی و سه ره کیش له قه ڵه م ده درێت ئه ویش ئه و به یان کردنه یه که له " خێزانی پیرۆزدا" ده ڵێت: ووشیاری بۆ پرۆلیتاریا ئه و ووشیارییه یه که حه قیقه تی خۆی وه ک ئینسان له سه رده می سه رمایه داری دا بناسێت و پێی بزانێت و جۆری په یوه ندیی و ئه ساسنامه ی په یوه ندی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی و، سه رمایه داری بناسێت و له سه ر چ ئه ساسێک له کۆمه ڵگای چینایه تیدا په یوه ندیان به یه که وه هه یه. وه داماڵینی ئه نانیه ت" خۆ په رستی" له خۆی.

هه روه ها ئه وه ش ڕوون و ئاشکرایه که کێشمه کێشی هه موو ڕۆژه ی پرۆلیتاریا له گه ڵ سه رمایه داراندا ئه و کێشه بچووکه یه که به شێکه له هه موو کێشه کۆمه ڵایه تی یه کانی تری پرۆلیتاریا و سه رمایه دار. چونکه ئه م باره ی خه بات بۆ پرۆلیتاریا چاره سه ری بنه ڕه تی نی یه.

که واته نابێت ئه م خه باته به خه باتی سه ره کی یان سه ره کی کردنه وه ی ئه م خه باته بخرێته به رده م، پرۆلیتاریا. چونکه کارێک که له سه رشانی پرۆلیتاریای شۆڕش گێڕه گۆڕانی کۆمه ڵایه تی یه له په یوه ندی کۆمه ڵایه تی حازردا. که واته که له لای مارکس پرۆلیتاریا ده بێته که سایه تیه کی شۆڕشگێڕ. خه باتی ئابووری هه موو ڕۆژه ی پرۆلیتاریا ئه م شۆڕشگێڕیی یه به پرۆلیتاریا نابه خشێت. ته نها ئه وه نه بێت که ڕیفۆرمێک به ده ست دێنێت. پرۆلیتاریا نابێت ئه م کاره ی هه موو ڕۆژه ی خۆی به کارێکی شۆڕشگێڕی له قه ڵه م بدات یان ئه گه ر له لایه ن ڕیفۆرمیسته کانه وه به کارێکی سه ره کی و حه یاتی له قه ڵه م درا، نابێت پرۆلیتاریا دوای ڕێچکه ی بۆرژوازیانه ی ڕیفۆرمیسته کان بکه وێت. وه کاری سه ر شانی کرێکارانی کۆمۆنیست ووشیارکردنه وه ی پرۆلیتاریایه به به رژه وه ندی یه سه ره کی یه کانی خۆی.

ده ستنیشان کردنی ڕزگاری کۆتایی یه بۆ پرۆلیتاریا. وه ڕوونکردنه وه ی کاری بۆرژوازیانه ی ئیکۆنۆمیسته کانه بۆ پرۆلیتاریا که چ هه ڵوێستێکیان هه یه له به رامبه ر نیزامی سه رمایه داری و پرۆلیتاریادا، ئه ویش هه ڵوێستی خافڵ گیرانه ی بۆرژوازیانه یه و سه روه ڕ سوودگه

یاندنه به نیزامی سه رمایه داری. خه باتی ئابووری به رده وامی هه یه له نێوان پڕۆلیتاریا و سه رمایه داردا. که واته ئه م خه باته ده ستی تێوه رده یت و تێی وه رنه ده ی ئه م کێشمه کێشه و خه باته هه یه.

که واته ئه وه ی که مه نسوری حیکمه ت ته ئکیدی له سه رئه کاته وه و ئه یکاته میحوه ری سه ره کی بۆ هه ڵسووڕان، ئه و کاته خۆی له خۆیدا ئیتر هه ڵوێستگیریی یه کی ئیکۆنۆمیستانه یه. که واته ئه وه ی که پڕۆلیتاریا پێی گه یشتووه له سه رده می سه رمایه داریدا ئه و ووشیاریی یه تریدیۆنیه یه. ئه مه ش بۆچوونێکی تری ئیکۆنۆمیستی مه نسوری حیکمه ت که ئه ڵێت: (( مه سه له که به و جۆره نی یه که وایه کرێکار سه ریشکه له وه ی خه باتی ئابووری بکات یان نا، ئه م خه باته توندبکاته وه یان نا. کرێکار نه ک بۆ باشکردنی باروودۆخی خۆی به ڵکو بۆ ڕێگرتن له دابه زینی ئاستی ئێستای ژیانی خۆی بۆ پاراستنی حورمه تی ئینسانی خۆی له کۆمه ڵگای سه رمایه داری دا. به ناچاری و به رده وام ده بێ ده ست بداته خه بات بۆ وه ده ستهێنانی ڕیفۆرمه ئابووری و کۆمه ڵایه تی یه کان به م پێ یه چینی کرێکار بریار نی یه که له به رامبه ر خه باتی ئابووری دا" هه ڵوێست" ێکی تایبه تی وه ربگرێت. خه باتی ئابووری یانی چینی کرێکار و چینی کرێکار یانی خه باتی ئابووری. ئه م به شێکه له پێناسه و تایبه تمه ندیه کانی بوونی چینی کرێکار. هه روه کو چۆن ماسی ناتوانێت مه له نه کات، کرێکاریش ناتوانێت خه باتی ئابووری نه کات. ئاشکراشه که پێشڕه وی له م خه باته دا شۆڕشی کرێکاری پته وو ئاسانتر ده کات." ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل١٤-١٥ )).

مه نسوری حیکمه ت" ئاغای ئیکۆنۆمیست" ئه یه وێت به تێکه ولێکه کۆمه ڵێک ووشه ئه وه بسه لمێنێت که کرێکاران له نیزامی سه رمایه داری دا خه باتی ئابووری سه ره کی ترین خه باتی چینایه تیانه. به ڵام ئه و ئه رکه مێژوویی یه ی که سپێردراوه به پڕۆلیتاریا لێی ئه سه ندرێته وه له ڕێگه ی ئه و جۆره بۆچوونانه ی که مه نسوری حیکمه ت خه باتی ئابووری تێدا

ئه کاته میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕان. واته کارێک  به قازانجی بۆرژوازی ئه کرێت ئه بێته حورمه تی ئینسانی پڕۆلیتاریا لای مه نسوری حیکمه ت چی بێت؟

بێگومان بۆ به ده ستهێنانی ئه م حورمه ته ئینسانی یه لای مه نسوری حیکمه ت ته نها خه باتی ئابووری یه. بێگومان بۆ کۆمۆنیسته کان  خه باتی ئابووری به ده ستهێنه ری حورمه تی ئینسانی پڕۆلیتاریا نی یه. چونکه ئه و کۆت و به نده ی کاری به کرێ یه که حورمه تی ئینسانی خستۆته ژێر فشاره وه و ڕه وانه ی زێراب و له ش فرۆشی ده کات.

به خه باتی ئابووری کۆتایی نایه ت. حورمه تی ئینسانی بۆ پڕۆلیتاریا به ده ستهێنانی دیکتاتۆریه تی پڕۆلیتاریایه، بۆ ئه وه ی ئه و کاره ناڕه وایه ی که سه رمایه داران له نیزامه که یاندا به رامبه ر به پڕۆلیتاریای ده که ن بن بڕی بکه ن.

خه باتی ئابووری و ڕیفۆرمێک نابێته میحوه ری سه ره کی بنه بڕکردنی چه وساندنه وه.

کۆمۆنیسته کان ئه وه یان له به رچاوه که دنیایه کی بێ چه وساندنه وه دابمه زرێنن. نه وه کو هه مان نیزامی چه وسێنه ر به کۆمه ڵێک چاره سه ری ڕووکه شی یه وه که هیچی چاره سه ریش نی یه بۆ به ده ستهێنانی حورمه تی ئینسانی پڕۆلیتاریا.

سه ندیکا کان له ئه و ڕووپا خه باتی ئابووری ده که ن وه یان ئه و سه ندیکایانه ی که مه نسوری حیکمه ت به سه ندیکای شۆڕشگێڕ ناویان ده بات خه باتی ئابووری ده که ن، به ڵام حورمه تی ئینسانی کرێکاری تێدا نه پارێزراوه. به وه ی که ڕۆژانه بازاڕی ئازاد نرخی که لوپه له کانی به ره و سه ر ده چێت، یان له ئه نجامی ته کنیک له به رهه مهێناندا. ئه بێته هۆی زیادکردنی ڕێژه ی بێکاری له جیهاندا. له سه ر شه قام نوستن و ڕه ق بوونه وه یان.

هه روه ها له کۆمه ڵگای سه رمایه داری دا پڕۆلیتاریا به زه رووریه ت خه باتی ئابووری ده کات. نه ک ناچاربێت که وه ک مه نسور ئه ڵێت به ناچاری ده ست ئه داته خه باتی ئابووری.

کێشه ی ئه م دوو چینه  وه ک کێشه یه کی مێژوویی له سه ره تای ده ستپێکردنیانه وه ، پڕۆلیتاریا له هه وڵی به ده ستهێنانی کرێ یه کی باشتردایه و له لایه کی تره وه بۆرژوازی یان سه رمایه داران  له هه وڵی قازانجێکی زیاتردایه به ده ستی بهێنێت.

هه روه ک چۆن مارکس له " هه ژاری( کڵۆڵی) فه لسه فه دا" ده ڵێت: ( بۆرژوازی که ئه و خۆی پاشماوه یه که له پڕۆلیتاریای چاخی فیئۆدالی له گه ڵ پڕۆلیتاریادا، ده ستپێده کات و گه شه سه ندنی بۆرژوازی به پێویستی، له ڕه ووتی گه شه سه ندنی مێژووییدا سیما کێشمه کێشم کاره که ی که له سه ره تادا نزیکه ی له ژێر په رده وه ده بێ و ته نیا له حاڵی شاراوه دا مه وجووده و هه ر چه ند بۆرژوازی گه شه ده سه نێ، پڕۆلیتاریا یه کی نوێ، له ناو جه رگی یه وه گه شه ده سه نێ. ئه و ململانێ یه که پێش ئه وه ی هیچ لایه کیان هه ستی پێ بکه ن و پێوه ری بکه ن و تێی بگه ن و ئاوا ڵه ی که نه وه و بیخه نه ڕوو به ئاواڵه یی ململانێ یه کی مۆقه ت و لاوه کی کارهایه کی تێک شکێنه رانه پێک ده هێنێ. وه له لاکه ی تره وه ئه گه ر ئه ندامانی بۆرژوازی یه نوێ یه که هه مان به رژه وه ندیان هه بوو، وا ئه وان چینێک له دژی چینێک پێک ده هێنن و، ڕووه و ڕوو له به رده م چینه که ی تردا ده وه ستنه وه. ئه و له به رامبه ر یه ک وه ستاندنه وه یه له به رژه وه ندی دا له هه لومه رجی ئابووری ژیانی بۆرژوازیانه وه هه ڵده هێنجرێ و ڕۆژ له ڕۆژ زیاتر ڕوون ده بێته وه. ئه و په یوه ندی یه به رهه مهێنه رانه یه ی که بۆرژوازی تیایدا ده جووڵێته وه خاوه ن، سیمایه کی ئاسان و یه ک لایه نه و به ڵکو خاوه ن سیمایه کی جووت لایه نه یه. ئه وه ش له په یوه ندیی یه کان خۆیدا که سه روه ت وه به رهه م دێنێ، هه روه ها هه ژاریش وه به رهه م دێنێ، ئه وه ش له په یوه ندیی یه کان خۆیدا که تیایدا جووڵانه وه ی هێزه به رهه مهێنه ره کان مه وجووده هه روه ها تیایدا هێزێک هه یه سه رکوت وه به رهه م دێنێ، له ڕێگه ی به رده وام بوونی داماڵینی سه روه تی ئه ندامانی تاکه که سی ئه و چینه و له ڕێگای وه به رهێنانی چینێکی پڕۆلیتاری نه ش ونماکاره وه.

وه هه رچه ند سیمای ململانێ که زیاتر و زیاتر ڕوون بوویه وه ئیکۆنۆمیستانێک که نوێنه ری زانستیانه ی به رهه مهێنانی بۆرژوازین خۆیان له ململانێدا ده بیننه وه له گه ڵ تیئۆره تایبه تیه که یان وه قوتابخانه هایه کی جیاواز سه ر هه ڵده ده ن. " هه ژاری فه لسه فه" ل ١١٦- ١١٧).

**هه روه ها ده مه ویت بیمه سه ر باسکردنی ئه وه ی که پرۆلیتاریا ناچاره خه باتی ئابووری بکات یان به زه رووریه ت خه باتی ئابووری ده کات؟**

**بێگومان که له کایه یه کی کۆمه لایه تی دا که دوو جه مسه ری جیاواز بوونیان هه بێت بێگومان پێکدادان و دژایه تیش هه یه. نیزامی سه رمایه داری وه ک خاسیه تی کۆمه لایه تی خۆی له سه ر بناغه ی درووستبوونی دوو چینی جیاواز درووستبووه و بنیادنراوه به دوو به رژه وه ندی جیاوازه وه.**

**ئه م به رژه وه ندیانه له هه رلایه کی یه وه به رێگه یه ک له گه ڵ یه کتریدا له دژایه تی دان . واته پرۆلیتاریا له رێگه ی ئه وه وه که بتوانێت کرێکه ی زیادبکات و بۆرژوازیش ئه یه وێت زیاتر که ڵه که ی سه رمایه بکات و زێده بایی زیاتری ده ست بکه وێت. که واته ئه م دوو جه مسه ره بێ یه کتری ناتوانن ناوه ندی سه رمایه داری پێک بهێنن. واته که به زه رووریه ت قۆناغی مێژوویی مرۆڤایه تی گه یشتووه ته ئاستی نیزامی سه رمایه داری و کێشه کانی ئینسان کۆتایشی نه هاتووه.**

**واته ئه و جووڵه ماددیی یه مێژوویی یه ی که به رده وام کار و کاردانه وه ی خۆی تێدایه. خه باتی ئابووری یه کێکه له و دیارده سروشتیانه ی دژایه تی نێوان پرۆلیتاریا و سه رمایه داران له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داری دا. واته خه باتی ئابووری به زه رووریه ت ووجوودی هه یه له کۆمه ڵگای سه رمایه دایدا له نێوان کرێکاران و سه رمایه داران دا. نه ک که مه نسور واباسی لێ ئه کات و بیه وێت ئه وه بکات به کارێک که والێکی بداته وه که گوایه مه نسوری حیکمه ت په یامی له ئاسمانه وه بۆ دابه زیبێت و ئه و بیه وێت ئیمامی رابه ر بێت ئه و په یامه به کرێکاران بگه یه نێت. که خه باتی ئابووری ئه بێت پرۆلیتاریا بیکات. خه باتی ئابووری ئه بێت له نیزامی سه رمایه داریدا بوونی نه بێت له نێوان کرێکاران و سه رمایه داران دا. ئه گینا مه نسوری حیکمه ت نه یئه ووت بۆ رێگرتن له دابه زینی ئاستی ئێستای ژیانی خۆی بۆ پاراستنی حورمه تی ئینسانی خۆی  له کۆمه ڵگای سه رمایه داریدا به ناچاری و به**

رده وام ده بێ ده ست بداته خه بات بۆ وه ده ستهێنانی ڕیفۆرمه ئابووری و کۆمه ڵایه تی یه کان.

ئه مه له بنه ڕه ته وه نه فی کردنه وه ی بیری ماتریالیزمی مێژوویی یه ناچاری و زه روریه ت له بیری ماتریالیزمی مێژوویی مارکسیزم دا بۆ گۆڕانکاری یه کانی مرۆڤایه تی جیاوازیه کی بنه ڕه تیان هه یه. واتا ناچار ئه وه یه که کارێک له لایه ن که سێکی تره وه پێ سپێردرابێت و ئه بێ بیکات، وه زه روریه تیش ئه وه یه که هه ر ده ستێک هه بێت یان نه بێت ئه م به زه روریه ت ڕێچکه ی تایبه تی خۆی ئه گرێت.

که واته پرۆلیتاریا به زه روریه ت خه باتی ئابووری ئه کات له به رامبه ر بۆرژوازی دا. واتا ئه وه نی یه که ناچاربێت ئه م خه باته بکات یان ئینسانێکی وه کو مه نسوری حیکمه ت بیه وێت ئه م کاره به پرۆلیتاریا بکات و بیکاته گه وره ترین داهێنان بۆ خۆی و بیکاته پێشڕه وایه تیه کی گه وره بۆ چوونه پێشه وه ی شۆڕش. ئه و بۆچوونه ی مه نسوری حیکمه ت له دیدێک زیاتر که ئینکاری له زه روریه تی گه شه ی مێژوویی مرۆڤایه تی بکات هیچی تر نی یه.

هه روه ها ئه وه ی که ده سته واژه یه کی ته واو بێ مانا و ناوه ڕۆک و ده سته واژه یه کی بۆرژوازیانه زیاتر نه بێت هیچی تر نی یه.

وه مه نسوری حیکمه ت ئه یه وێت ئه وه ش تجریدبکات له کرێکاراندا که وه ک خاسیه ته شۆڕشگێڕیی یه که ی ئه بێت ده ربببینێت له نیزامی سه رمایه داری دا.

ئه ویش به وه ی که ئه ڵێت"خه باتی ئابووری یانی چینی کرێکار چینی کرێکار یانی خه باتی ئابووری" . ئێمه ئه وه ده زانین که مارکسیزم ده ستنیشانی پرۆلیتاریا ده کات به وه ی که ده وری شۆڕشگێڕی خۆی له نیزامی سه رمایه داریدا ده بێت ببینێت. چونکه پرۆلیتاریا له نیزامی سه رمایه داریدا تاقه چینی شۆڕشگێڕه. که ده توانێت گۆڕانکاریه کۆمه ڵایه تی و سیاسی و ئابووریه کان به ده ست بهێنێت.

ئه و ده سته واژه یه ی مه نسوری حیکمه ت له وه زیاتر هیچی تر نی یه که ئه یه وێت پرۆلیتاریا بکاته دیلی خه باتی ئابووری و دوابخرێت له شۆڕشی کۆمه ڵایه تی خۆی.

وه ئه مه ش وه ک خاسیه تی ئیکۆنۆمیسته کان که خزمه تکاری دڵسۆزی بۆرژوازین، وه به رگری کارن له نیزامی سه رمایه داری.

واته ئێمه که بزانین پڕۆلیتاریا ئه رکی شۆڕشگێڕی له سه ر شانه له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داریدا، ئیتر هه ر هه موو کاروکرداری ڕۆژانه و نوسینه کان ده زگا حیزبی یه کان بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی پڕۆلیتاریا ده خرێته کار. واته ئێمه ده گه ینه ئه و ده سته واژه یه ی که خاسیه تی تایبه تی کرێکار ده ستنیشان ده کات له نیزامی سه رمایه داریدا ئه ویش ئه وه یه که شۆڕشی سۆشیالیستی مانای چینی کرێکار و چینی کرێکار مانای شۆڕشی سۆشیالیستی.

ئه مه ئه و ده سته واژه یه یه که خاسیه تی سیاسی و کۆمه ڵایه تی یه کانی پڕۆلیتاریا ده رده خات، به جیاواز له و خاسیه ته ی که ئیکۆنۆمیسته کان ئه یده نه پاڵ پڕۆلیتاریا له نیزامی سه رمایه داری دا.

هه ڵه یه ک که چه پی سوونه تی ئێران ئه یکات و باڵێک که خۆی به باڵی ئه سڵی بۆ بردنه پێشه وه ی بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی له قه ڵه م ئه دات به هه ڵه یه کی تر هه ڵه ی پێشووی ڕاست ده کاته وه مانای وایه هیچ. که واته مه نسوری حیکمه ت ڕه خنه له باڵی چه پی سوونه تی ئێران ده گرێت و ئه ڵێت: (( تیئۆریی یه کانی چه پی سوونه تی ئێران گه یاندینیه ئه م به ره نجامه ی که کرێکاران به پله یه ک خۆشگوزه رانی" گه نده ڵ" ده بن وه یان ئه وه ی که هه ژاری و فشاری ئابووری ده بنه هۆی شۆڕش ئه مه تێڕوانینێکی پووچ و دژی کرێکاری یه" ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل١٥ )).

له هیچ شوێنێکدا باری زیاتری هه ژاری نه بووه ته شۆڕشی ته واو کرێکاری یان نه بووه ته شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکاران چونکه هه ژاری باری ووشیاری زیاتر نادات به پڕۆلیتاریا له زۆرێک له باره کانیاندا. واته ووشیاری پڕۆلیتاریا ده توانێت ده ستنیشانی چوونه پێشه وه ی شۆڕشی کرێکاری بکات نه وه ک هه ژاری.

باشترین و نزیکترین نموونه ئه و کاره ساته ی سۆماڵ بوو که چه ند ملیۆن ئینسان له برساندا مردن و بێ ئه وه ی بچووکترین جووڵانه وه ی شۆڕشگێڕێتی پڕۆلیتاریای تیادا ده رکه

ویت، به ڵکو چه ندین ته یاری کۆنه په رستی و بۆرژوازی ده ستی کیشاوه به سه ر ناخی دژایه تی چینایه تی له سۆماڵ دا!

ئه ویش ده گه ڕیته وه بۆ نه بوونی یان که می ڕه گه زی به ئاگای کۆمۆنیستی یه له سۆماڵدا که نه یتوانیوه ڕیچکه ی حه قیقی ڕزگاربوون پیشانی پڕۆلیتاریا بدات له سۆمال دا.

واته پڕۆلیتاریا له سۆماڵدا ووشیار ببوایه به ووشیاری چینایه تی خۆی ڕیکخراو حیزبی خۆی هه بوایه ئه وا ڕزگاری به ده ست ده هات. ئه گه ر برسیتی به و شیوه دزیوه هه بوایه یان نه بوایه. که واته ئه وه ی که چه پی ئیرانی و دیدی مه نسوری حیکمه ت ئه یکات به چاره سه ری بۆ به ده ستهینانی شۆڕش ئه وه یه که پڕۆلیتاریا ووشیار نه که نه وه به به رژه وه ندیی یه میژوویی یه کانی خۆی. هه روه ها مه نسوری حیکمه ت له به دیلی هه ڵه ی خۆیدا ئه ڵیت:

(( ئه وه هه ژاری یه که خه باتی کریکاری ڕووه و تیکشکان و بنبه ست و گه نده ڵ بوون ده بات. نه ک خۆشگوزه رانی و چاک بوونی بارووده خی ئابووری چینه که." ده رباره ی سیاسه تی ڕیککستنی کریکاریمان" ل١٥ )).

ئه م هه ڵه یه ی مه نسوری حیکمه ت که هه ڵه ی پیشووی چه پی ئیرانی پێ ڕاستکردۆته وه. له وه زیاتر ناڕوات که ئه یه ویت بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی له ئیراندا له و ئاسته دا بهیڵیته وه که بزووتنه وه ی کریکاری تیدایه. چونکه ئه م بۆچوونه سه روه ڕ به رگری کردنی ته واوه تی یه له وه ی که هه رده بیت خه باتی ئابووری میحوه ری سه ره کی خه باتی پڕۆلیتاریا بیت بۆ کۆمۆنیسته کان. ئه مه ش ئه وه یه که مه نسوری حیکمه ت دژایه تی له گه ڵ سه رمایه دارانداا( دژایه تی یه له پیناو مانه وه دا) ئه مه ش بۆ کۆمۆنیسته کان کاریکی شه رم هینه. چونکه جووڵانه وه ی کۆمۆنیستی سه روه ڕ به دوای ئه وه وه یه که دژایه تی بکات له پیناو گۆڕانکاری بنه ڕه تی دا.

(ته ئکید هی خۆمه) هه روه کو له پیشه وه باسم لیکرد خه باتی ئابووری نابیته ئه وه ی که شۆڕش بهینیته پیشه وه.

باشترین نموونه شمان ئه ورووپایه كه غه رقی خه باتی ئابووری بوون بێ ئه وه ی گۆڕانكاریش له ژیانی ئابووریاندا به ده ست بهێنن.

كه واته ووشیاری بۆ پڕۆلیتاریا واته ووشیاری سیاسی كۆمۆنیستی به ده ست هێنی زووترو باشتری شۆڕشی پڕۆلیتاریایه. نه وه ك ئه و دوو جۆره تیۆروانینه سه روه ڕ بۆرژوازیانه یه ی مه نسوری حیكمه ت و چه پی ئێرانی و عێراقی بۆته میحوه ری كار و هه ڵسووڕانیان.

*****************************************************************************************

## ڕێكخستنی سیاسی و شوێنه كان له جیهان دا

بیری ماركسیزم بۆ ڕێكخستنی بزووتنه وه ی كۆمۆنیستی له جیهاندا یان له شوێنه جیاجیاكاندا بیری لێك جیاواز و قۆناغ به قۆناغ نی یه. مه به ست له جیاواز نه بوون به و شێوه یه یه كه ده بێت ئێمه ڕێكخستنی كۆمۆنیستانه ی پڕۆلیتاریا به ده ست بهێنین ئه گه ر ئاستی كۆمه ڵگای سه رمایه داری له ئاستێكی پیشه سازی له سه ره وه شدا نه بێت. چونكه ئێمه ده زانین كه ئه م نیزامه گه شه ده كات به هۆكاری سه ره كی چونكه سه ره وه ی گه شه ی سه رمایه و ته كنیك و زیادبوونی هێزی كاره.

كه واته هه ردواخرانێك بۆ جێ به جێ كردنی ئه و جۆره ڕێكخستنه كارێكی بۆرژوازیانه یه.

هه روه ك ئه نگڵس له مه سئه له ی جووتیاران له فه ره نسا و ئه ڵمانیادا ده ڵێت: كاری كۆمۆنیستی ئێمه نه به ستراوه ته وه به وه ی كه ئه م كۆمه ڵگایه چه ند گه شه ی كردووه یان نه یكردووه له باری چینایه تی یه وه.

كه واته كه كاتێك هه لومه رجێك ده هێنرێته به رچاو بۆ ووردە بۆرژوازی خۆ دزینه وه یه له وه ی كه كارێكی سیاسی له و ناوه نده دا به جێ بهێنرێت، یان هیچ نه بێت دواخستنێكی كه میش بێت بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی كارێكی باش به قازانجیان ده گه ڕێته وه.

مه نسوری حیكمه ت ئاوا ئه ڕوانێته ئێران ئه ڵێت: (( باروودۆخی تایبه تی ئێران ته ئكید له سه ر زه رووریه تی ئاماده بوونی كۆمۆنیزم ده كات له دڵی خه باتی ئابووری دا. له ووڵاته

کانی تردا، له وانه یه که لێنی کۆمۆنیسته کان یان چه په کان به گشتی له گه ڵ خه باتی ئابووری به ڕاده ی ئێران قووڵ نه بێت. ئه م که لێنه هه رده بێت پڕبکرێته وه. به ڵام له ئێرانێکدا که چه پ هه ر له بنه ڕه ته وه له باڵی چه پی ناسیۆنالیزمی چینه غه یره کرێکاریه کانه وه شکڵی گرتووه و سوونه ته کانی ده گه ڕێته وه بۆ دکتۆر مصدق، و سه ربه ستی خوازی ئابووری چه پێک که ئاسۆی خه باته که ی بریتی بووه له ئه نجامدانی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمه ڵایه تی له " نیشتیمانی خۆدا" کرێکاری وه ک هێزی زه خیره ی خه باتی بۆرژوازیانه و ڕیفۆرمیستانه ی خۆی سه یر کردووه. له وڵاتێکدا که خه باتی ئابووری کرێکاری به رده وام، له لایه ن چه په وه به سووک سه یرکراوه و کراوه به به شێک له خه باتی دژی ئیستیبدادی. له وڵاتێکی ئاوادا. کۆمۆنیستێکی کرێکاری ده بێ به ڕاده یه کی زۆرتر ڕوو له خه باتی ئابووری بکات

ئه مه نیشانه یه کی بنه ڕه تی لێک جیایی پڕۆلیتاریی یه کان و بۆرژوازیه کانه. " ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل ١٨)). ئێمه ئێران به راوورد بکه ین له چاو ئه ورووپادا بێگومان ئێران له ئاستی پیشه سازیدا له چاو ئه ورووپا که م تا زۆرێک دواکه وتووتره. هه روه ها به گشتی زۆرێک له وڵاتانی ڕۆژهه ڵات له چاو ئه وروووپادا دواکه وتوترن. ئه مه ش به و مانایه نی یه که له ئه وروووپادا کارێک کراوه وه ک کاری سیاسی پڕۆلیتاری، به ڵام له ڕۆژهه ڵات ئه مه نه کراوه. یان کۆمۆنیسته کان له ئه وروووپادا که م تا زۆرێک کێشه کانیان که م بووه ته وه. لێره دا کێشه کان له سه ر ئه وه ڕاوه ستاون تا چه ند توورانراوه سیاسه تی کۆمۆنیستی ببێته ڕێچکه ی سیاسیانه ی زۆرێک له پڕۆلیتاریا له ئه وروووپادا.

ئێمه ده بێت به هه ر شێوه یه ک بووه و تێچوونه که شی چه ندی بوێت ئێمه په یوه ست بین به پڕۆلیتاریاوه. واته ده بێت کاره کانمان له ناوه ندی پڕۆلیتاریادا بۆ ووشیارکردنه وه یان جێ به جێ بکه ین و وه په یوه ستبین ڕاسته وخۆ پێیانه وه. هه روه ک له به شه کانی پێشووتردا باسم لێ کردووه که پڕۆلیتاریا له ئه وروووپادا ئاستی ووشیاری کۆمه ڵایه تی و سیاسی له و ئاسته دایه که بۆرژوازی پێ باشه و سۆشیالیزمیشی پێ خراپ نی یه.

واته ئه مه ووشياريی یه ک نی یه بۆ پرۆليتاريا. به ڵکو ئه وه ووشياريی یه بۆ پرۆليتاريا که ڕێچکه ی خه باتی سیاسیانه ی خۆی ده ستنیشان بکات. ئه م کاره له ئه ورووپادا که م تا زۆر به ر بلاو نی یه. که مینه یه کی زۆر که مه بیرکردنه وه ی کۆمۆنیستیانه ی هه بێت ئه مه ش یه کێکه له که لێنه هه ره گه وره کانی کۆمۆنیسته کان له ئه ورووپا و ڕۆژهه ڵات و.. دنیادا.
ئاماده بوونی کۆمۆنیزم له خه باتی ئابووری دا، ئه وه یه که ووشیاری ته واو به پرۆلیتاریا بدات که ڕێگاچاره ی سه ره کی به ده ستهێنانی دیکتاتۆریه تی پرۆلیتاریا و به ده ستهێنانی کۆمۆنیزمه.
ئه و دیده ی مه نسوری حیکمه ت که ئه ڵێت که لێنی کۆمۆنیسته کان یان چه په کان به گشتی له گه ڵ خه باتی ئابووری به ڕاده ی ئێران قووڵ نه بێت. ته نها ئه وه یه که ده یه وێت خه باتی پرۆلیتاریا که له ئه ورووپا چۆن میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕانیان خه باتی ئابووریه. هه روه ها له ئێرانیش ئاوابێت. خه باتی ئابووری له نیزامی سه رمایه داری دا خۆی بوونی هه یه ئیتر که لێنێک له کوێوه دروستده کات که ئه مه نه کرێت به میحوه ری سه ره کی هه ڵسووڕان. به ڵکو که لێنی سه ره کی له ئه ورووپادا نه بوونی بزووتنه وه ی سیاسی به هێزی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریایه.
که ئاپۆلیتیزم له لایه ن بۆرژوازیه وه، کراوه ته سه نگی مه حه ک بۆ خه باتی پرۆلیتاریا. وه به هه مان ده ستوور مه نسوری حیکمه ت ده یه وێت ئاپۆلیتیزم بخاته ده ستووری پرۆلیتاریای ئێرانه وه، که ئه مه ش که مترنی یه له و کارانه ی که باڵی چه پ ناسیۆنالیزمی غه یره کرێکاریه کان ومصدقیه کان و سه ربه ستی خوازی ئابووریه کان، ڕیفۆرمیسته کان و سه ندیکالیسته کان که ده رحه ق به پرۆلیتاریا و شۆڕشه که ی ئه یکه ن.
وه نیشانه ی بنه ڕه تی لێک جیایی پرۆلیتاره کان و بۆرژوازی یه کان ئه وه یه که تا چه ند پرۆلیتاریا ده ست بۆ دامه زراندنی په یکه ری سیاسی خۆی ده بات و تا چه ند خه باتی سیاسی خۆی توووند و تۆڵ ده کاته وه به وه ی که ئیتر کارێک به قازانجی بۆرژوازی نه کات.

نه وه كو به ڕاده یه ك كاری سه ره كی وه ك ئیكۆنۆمیستێک بكاته خه باتی ئابووری. چونكه ئیكۆنۆمیسته كان نوێنه ری زانستی چینی بۆرژوازین.

وه كۆمۆنیسته كان نوێنه ری تیئۆر و پراكتیكی چینی پرۆلیتاریان. ئه و پێشبینیه ی كه ماركس بۆ ئه وروپای ده كرد كه ئه بێته ناوه ندی شۆڕشی كرێكاران له جیهاندا هۆی چی بوو هه تاوه كو ئێستاش ئه م شۆڕشه به رجه سته نه بووه. به ڵام له ڕووسیایه كی دواكه وتووی پیشه سازیدا شۆڕش به ئه نجام گه یشت. ئه ویش ئه وه بوو كه ئه ورووپا جووڵانه وه ی سیاسی تیادا بێ هێزبوو. هه روه ها له ڕووسیادا له سه ر ده ستی به لشه فیكه كان و تحریفی سیاسیانه و ووشیاركردنه وه ی پرۆلیتاریا له ڕووسیادا شۆڕشی به ئه نجام گه یاند. كه واته هه روه كو ئێستاش له ئه ورووپادا ئه م كه لێنه به سیاسی نه بوونی پرۆلیتاریایه، كه هه ر موجووده و بۆرژوازی بۆ به رگرتن به خه باتی پرۆلیتاریا له ئه ورووپادا زیاتر و باشتر كاره كانی بۆ چووه ته پێشه وه.

ئه بێت بۆ كۆمۆنیسته كان ئه وه به ته واوه تی ڕۆشن بێت كاركردن له هه ر ناوه ندێكدا به یانكردنی دیدوبۆچوونی زانستیانه ی سۆشیالیزمه له ناو كرێكاراندا، هه روه ها شانه ی حیزبی كه له ناوچه كه دا دروستده كرێت پێویستی دروستكردنی له وه دایه كه ووشیاری سۆشیالیزمی زانستی بكاته ئه و ناوه نده و به و ڕێچكه یه كار بۆ ئاینده بكرێت. واته هه لوومه رجه كان له نیزامی سه رمایه داریدا شتی سه ره تاین و نابنه ڕێگر له به رده م ئه م جۆره كاركردنانه دا. هه رچه ند ئیستبدادیش زۆر بێت ئه بێت ئه م كاره به ئه نجام بگه یه نرێت. به ڵام داڕشتنی شێوه ی كاركردن به فرمانێكی ساده بۆ هێنانه سه ر ڕێگای پرۆلیتاریا به بیری كۆمۆنیستانه كارێكی حه یاتی یه بۆ چوونه پێشه وه ی بزووتنه وه ی كۆمۆنیستی له و ناوچه یه دا. ئیتر ئاستی كۆمه ڵایه تی سه رمایه داری له ئاستێكی له پێشدا بێت یان له پێشدا نه بێت.

مه نسووری حیكمه ت له باره ی شانه یه كی حیزبی و دروستكردنی له ناوچه یه كدا ئاوا باسی لێ ده كات و ئه ڵێت: (( ئه گه ر كه سێ داوام لێ بكات شانه یه كی حیزبی له ناوچه یه ك و

شارێکدا دروست بکه م پرسیاری یه که می من ئه وه یه بارووڎۆخ له و ناوچه یه دا چۆنه، پێشینه ی خه باتی کرێکاری له ناوچه که دا چیه؟ کام گرایشه له ناو کرێکارانی ئه م ناوچه یه دا به هێزتره و سۆشیالیزم و ڕێبازی ڕادیکاڵ له ناو ڕابه رانی کرێکاری ئه و ناوچه یه دا چ نفوسێکی هه یه؟ ئه گه ر ئه و وه ڵامانه ی که له م پرسیارانه وه ده ستم ده که ون گونجاو بن ئه و کاته پێشبینی ئاسۆیه کی گونجاو ده که م بۆ پێکهێنانی ناوه ندوو شانه حیزبی یه کان. ئه گه ر واش نه بێت ئه وا به حوکمی ئه م ئه نجامانه به دڵنیاییه وه کاره که م له ئاستێکی تردا ده ستپێ ده که م. گه شه ی حیزبی کۆمۆنیست هاو یه که له گه ڵ فراوانی ئه و ڕه ووته کۆمه ڵایه تیه ی که          به ڕامبه ڕێتی له نێو چینی کرێکاردا." ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل ٢١-٢٢ )). بێگومان گه شه ی حیزبی کۆمۆنیست هاویه که له گه ڵ گه شه ی تیئۆریاتی حیزب و چوونه نانه وه ی ئه و ناوه ندانه ی که پڕۆلیتاریای تێدایه. واته په یوه ستبوونی کاری ڕێکخراوه یی حیزب و ووشیاربوونه وه ی پڕۆلیتاریایه به کێشه ی کارکردنی سیاسیانه ی خۆی له گه ڵ بۆرژوازی دا. هه روه ها پێشینه ی خه باتی کرێکاری له پێشه وه بێت یان له پێشه وه نه بێت. پێویستی دروستکردنی ئه و شانه حیزبیانه و په یوه ستبوون پێیانه وه ئه وه ده هێنێته وه به رده ممان که ده بێت دروستی بکه ین. هه روه ها سیاسه تی کۆمۆنیسته کان ڕوون و ئاشکرایه که به ڕامبه ر به هه موو ڕێباز و هه ر جۆرێکی ڕابه ری کردنی بزووتنه وه ی کرێکاری. که واته گرایشی سۆشیالیستی ئه گه ر هه بێت ده بێت ئێمه زیاتر و باشتر به هێزیان بکه ین به دید و بۆچوونی مارکسیزم بۆ سۆشیالیزم، هه روه ها نفوسبوون یان نه بوون کاره کانی ئێمه ده ستنیشان ناکات به ڵکو دروستبوونی تێڕوانینی ئێمه، واته واقعی بوونی تێڕوانینی ئێمه ده بێته ئه وه ی که ئه بێت ئێمه زۆرترین نفوسی کرێکارانی شۆڕشگێڕ له ده وری خۆمان کۆبکه ینه وه.

هه تا ئه گه ر کرێکارانێک که له سه ر ته وه ره ی بڕواو بۆچوونه بۆرژوازیه کان بێت ئه وه یان بۆ ڕۆشن بکرێته وه که ئه م ته وه ره یه ی ئه وان گرتوویانه ته وه ره یه که دژ به به رژه وه ندی چینایه تیانه، هه روه ها هێنانه ڕیزی خۆمانه وه یه، هه تا ئه گه ر بارووڎۆخیش له

و شوێنانه دا له ژێر ئیستبدادی پۆلیس یشدابێت، ئه وا ده بێت ڕێگایه ک بگرینه به ر هه م کاری سیاسی خۆشمان بکه ین و هه م گورزی گه وره ی خۆشمان بوه شێنین.

ئیستبدات خاسیه تی نیزامی سه رمایه داری یه به رامبه ر هه ر حیزبێکی واقعه ن کۆمۆنیست و پرۆلیتاری، له به ر ئه وه ناکرێت که ئیستبدادیش هه بوو ئێمه کاره که مان دوابخه ین، به ڵکو ده بێت ڕێگه ی وورییایانه و کۆمۆنیستانه بدۆزینه وه بۆ گه شه کردنی نفوسی خۆمان وه ک " کۆمۆنیست" له ناو کرێکاراندا. به ڵێ گه شه ی حیزبێکی کۆمۆنیست هاویه که له گه ڵ ئه و په یوه ستبوون و کارکردنه دروستانه یه له ناو پرۆلیتاریادا وه گه شه ی حیزب وه ک مه نسوری حیکمه ت باسی لێ ده کات به شێوه میتافیزیکیه که ی که ئه ڵێت گه شه ی حیزبی کۆمۆنیست هاویه که له گه ڵ فراوانی ئه و ڕه ووته کۆمه ڵایه تیه ی که به رامبه ریه تی له نێو چینی کرێکاردا.

ئه مه سه روه ڕ بۆچوونێکه له بنه ڕه ته وه بێ مانایه. چوونکه ڕه ووتی کۆمه ڵایه تی له چوارچێوه ی نیزامی سه رمایه داریدا ئه نواع و ئه شکاڵ جۆراو جۆری له خۆیه وه گرتووه. که هه رهه موویان یه ک ڕه ووتی بۆرژوازین بێجگه له تاک و ته رای ڕێکخراوه و گرووپ و هه ندێک لایه نی کۆمۆنیستی نه بێت ئیتر ئه وه زۆر بێ مانایه که هاویه ک بوونی حیزبی کۆمۆنیست له گه ڵ فراوان بوونی ڕه ووتی کۆمه ڵایه تیدا ببینینه وه.

بێجگه له و بۆ چوونه نه بێت که مه نسوری حیکمه ت له سه ری ته وه ره ی گرتووه که بۆچوونی ئیکۆنۆمیستانه یه. ئه م کاره ناده نه ده ست قه زا و قه ده ر و ڕێکه وت. به ڵکو کۆمۆنیسته کان کاری بۆ ده که ن و ڕه ووتی کۆمه ڵایه تی بۆرژوازی ده خه نه ژێر فشاره وه.

************************************************************************************

# کۆمۆنیزم یان ئیکۆنۆمیزم

کۆمۆنیزم به تێڕوانینی مارکسیزم ئاڵووگۆڕێکی بنه ڕه تی یه  له په یوه ندی کۆمه لایه تی وه گۆڕانی په یوه ندی به رهه م هێنانی کۆن به په یوه ندی به رهه مهێنانی تازه. واته لێک پچڕاندنی په یوه ندی کار و سه رمایه وه ک په یوه ندی بۆرژوازیانه ی ئه م په یوه ندیه. که واته کۆمۆنیزم به ڕیفۆرمێک به ده ست نایه ت بێجگه له شۆڕش نه بێت که به ده ست هێنی ئه م په یوه ندی ئابووری کۆمه لایه تی یه تازه یه یه که پێی ئه وترێت کۆمۆنیزم. وه ئیکۆنۆمیزم تێڕوانینی بۆرژوازیانه یه، گۆڕانێکی جوزئی ئابووریه بێ ده ست کاری کردنی ناوه ڕۆکی په یوه ندیه کۆمه لایه تی یه که ی.

واته ڕیفۆرمێک به مانا گشتی یه که ی. واته ئه ساسی کارنامه ی ئیکۆنۆمیست خه باتی ئابووریه. خه باتی ئابووریش  بچووکتر له شۆڕشی کۆمه لایه تی یه. واته ئیکۆنۆمیسته کان، هێڵه ره وه ی هه مان نیزامی کۆمه لایه تین. به ده ستکاریه کی ڕووکه شی یه وه. به لام کۆمۆنیزم لای ئه نگڵس" شه رتی ڕزگاری پرۆلیتاریایه " واته ڕزگاربوونی ته واوه تی له کۆت و به ندی سه رمایه داری. لێره دا به شێک له و بۆچوونه ئه خه مه ڕوو که مه نسوری حیکمه ت به یانی ئیکۆنۆمیستانه ی خۆی تێدا ئه کات و ئه ڵێت: (( باسی سیاسه تی ڕێکخستنمان هه ڵێنجانێکه له باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئه م سیاسه ته بۆ ئه وه بوو که ئامرازێک  بێت تواناما‌ن بداتێ تا ته کانێکی کۆمه لایه تی گرینگ له ئێراندا شکڵ پێ بده ین، ته کانێکی کۆمۆنیزم له کلکایه تی مێژوویی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی و ناڕه زایه تی میلی ڕیفۆرمیستیه وه بۆ مێژووی ناڕه زایه تی کرێکاری و گۆڕینی کۆمۆنیزم به ئامرازێک و هه ڵگری ناڕه زایه تی کرێکاری، ناڕه زایه تیه ک که هه میشه هاوڕێک و هاوکات له گه ڵ بزووتنه وه ی میلی ڕیفۆرمیستی دا له ئارادا بووه. گۆڕانی کۆمۆنیزم به ئالای ئه م به شه ی کۆمه ڵگه. ئه م سیاسه ته شێوه و نوسخه یه که بۆ شوێن که وتنی ئه م ئامانجه له مه یدانی ڕێکخستن و ڕێکخراو دروست کردن دا. " ده رباره ی سیاسه تی ڕێکخستنی کرێکاریمان" ل ٢٩)).

ئه وه ی له م به شه ی سه ره وه ی تێڕوانینه که ی مه نسوری حیکمه ت دا ده رده که وێت ئه وه یه که مه نسوری حیکمه ت ئه یه وێت هاوشان له گه ڵ سه رمایه داری دا کاربکات بۆ شێواندنی ڕێچکه ی به ده ستهێنانی کۆمۆنیزم ئه ویش به وه ی که ئه یه وێت ناڕه زایه تی کرێکاران به کۆمۆنیزم ناوببات. به حسابی خۆی گوایا داهێنانی له مارکسیزم دا کردبێت. واته ئه و داهێنانه ی که کۆمۆنیزم به ڕیوایه تی بۆرژوازی به یان ئه کات و سه روه ڕ له خزمه تی بۆرژوازیدا به کاریان ئه بات. هه روه کو له وه و پێش به یانی کۆمۆنیزم به تێڕوانینی مارکسیانه کرا. کۆمۆنیزم شۆڕشه، گۆڕانکاری بنه ڕه تیه ، ژێره و ژوورکردنی نیزامی سه رمایه داری یه. له بنه وه ده رهێنانی ڕه گ و ڕیشه ی په یوه ندی سیاسی و کۆمه ڵایه تی و ئابووری بۆرژوازی یه. به ڵام به دیدی ئیکۆنۆمیستێک، کۆمۆنیزم یه کسانه به ناڕه زایه تی کرێکاران. که ئه مه سه روه ڕ بۆچوونێکی بۆرژوازیانه یه. واته که ئێمه ناڕه زایه تی کرێکاران بهێنینه به رچاوی خۆمان هه ر له سه ره تای دروستبوونی کۆمه ڵگای سه رمایه داریه وه هه تاوه کو ئه م کاته ی ئێستا. مانگرتنی کرێکارانی شیکاغۆ له ساڵی ١٨٨٦ ز دا و خوێناوی کردنی ئه و مانگرتنه له لایه ن سه رمایه داران و ده وڵه ته که یانه وه. ئه م هه موو ناڕه زایه تی یانه نه بووه هۆی به رجه سته بوونی کۆمۆنیزم. هه روه ها مانگرتنی (٧) ملیۆن کرێکاری ئیسپانیا، و مانگرتنی (٦) ملیۆن کرێکاری ئه ڵمانیا له ساڵی ١٩٩٣ ز دا وه چه ندان مانگرتنی تر. که هه ر هه موویان به ئیسلاح گه یشتن له گه ڵ بۆرژوازی دا. ئه م هه موو ناڕه زایه تی یه که ی بووه ته کۆمۆنیزم یان چۆن ئه بێته کۆمۆنیزم. واته ئێمه که ناڕه زایه تی کرێکاران به ووردی شیبکه ینه وه هه ر ئه و کێشه یه یه که له نێوان پڕۆلیتاریا و خاوه ن کار و ده وڵه تدا هه یه. ئه ویش کێشه ی سه عات کاری که م و هه قده ستی زیاده یه. واته ته نها کێشه یه کی جوزئی ئه گرێته وه له نێوان پڕۆلیتاریا و سه رمایه داردا.

به ڵام کۆمۆنیسته کان کێشه یه کی فراوانتر و قووڵتر و ڕیشه دارتر ئه خوڵقێنن له نێوان پڕۆلیتاریا و نیزامی سه رمایه داری دا. واته کێشه که هه ر هه موو نیزامی سه رمایه داری ئه گرێته وه نه ک ئه م به ش و ئه و به شی ڕشته یه ک یان کارگه یه ک یان سه ندیکایه ک و یه

ک ده وڵه ت. هه روه ها بزووتنه وه ی میلی بۆخۆی بزووتنه وه یه کی ناڕه زایه تی یه له کۆمه ڵگادا. هه روه ها به هه مان ناڕه زایه تی کرێکاران له سه رمایه داران هاوتایه. که واته کاتێک که کۆمۆنیزم له گۆڕانکاری یه کی بنه ڕه تی یه وه ئه بێت به گۆڕانی جوزئی یان به ناڕه زایه تی نێوان کرێکاران و سه رمایه دار. ئه مه سه روه ڕ یه ک تێڕوانینی ئیکۆنۆمیستانه یه و کارکردنی ته واوه تی یه له گه ڵ بۆرژوای دا. که واته بۆ کۆمۆنیسته کان ئیکۆنۆمیسته کان ده بنه نوێنه ری ڕه سمی بۆرژوازی. چونکه ناڕه زایه تی کرێکاران نابێته هۆی به ده ست هێنانی کۆمۆنیزم. به ڵام شۆڕشی پڕۆلیتاریا ده بێته هۆی به ده ستهێنانی دیکتاتۆریه تی پڕۆلیتاریا و به ده ستهێنانی کۆمۆنیزم. که واته نابێت کۆمۆنیسته کان دڵ به وه خۆش بکه ن که ناڕه زایه تی هه بوو ئیتر بڵێین بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی هه یه، یان خۆش باوه ڕ بین به وه ی ناڕه زایه تی کۆمۆنیزمه. چونکه ئه گه ر بزووتنه وه ی کۆمۆنیستیش نه بێت له نیزامی سه رمایه داری دا، بزووتنه وه ی کرێکاری بوونی به زه رووریه ت هه یه. که واته ئه وه ی له سه رشانی کۆمۆنیسته کانه دروستکردنی یان جووڵاندنی بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی یه له ناو کرێکاراندا.

ئه وه ی که ناڕه زایه تی به کۆمۆنیزم له قه ڵه م ئه دات و ئه یکاته سیاسه ت و له مه یدانی ڕێکخستن و ڕێکخراو دروستکردندا به رجه سته ده کاته وه سه روه ڕ کاری ئیکۆنۆمیسته کانه و پارێزه رانی سه روه ت و سامان و نیزامی سه رمایه دارانه. ئیتر هه ر لێره شه وه یه که بیری کۆمۆنیزمی کرێکاری مه نسوری حیکمه ت یه کسانه به ئیکۆنۆمیزمی کرێکاری.

**********************************************************************************************

## پاشکۆیه ک

------------

بۆ هاوڕێی به ڕێز هاوڕێ جه مال .

ئه م کاته ت شاد به ئومێدی سه رکه وتن و سه رفرازیتانم. ده ستی هاوڕێیه تیت به گه رمی ده گوشم، هیوادارم هاوڕێ یه تیتان، سه ره تایه کی سه رکه وتووانه بێت بۆ هاوخه باتی خه باتێکی کۆمۆنیستیانه ی زانستی بزووتنه وه که. دووباره هاوڕێیه تیت بۆ من مایه ی خۆشحاڵیه کی گه وره و بێ پایانه.

هاوڕێی به ڕێز نامه که تم به ده ست گه یشت، که له ۲۸ / ۹ / ۱۹۹۸ دا نووسیبووت.

به ڕاستی نامه که ت ده رگای له سه ر زۆر لایه نی تر لێ کردمه وه. که بێگومان ئاگاداری هه موویانم. وه بۆ ئه وه ی که باست، له سه ر حیزب و ئه وانه ی که ئیستیقاله یان داوه و، هه روه ها تا حه دێک شتێکیان له سه ر ووتراوه له لایه ن تۆوه. که تا حه دێک له چوارچێوه ی مه فهوومی ئیستیقاله که یان گه یشتوویت. بێگومان بۆ هه موو ئه و شتانه ش زیاتر پێویستیان به ڕوونکردنه وه هه یه. بێگومان ئه م نزعه یه ی که ئێستا له چوارچێوه ی چه پی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ووردە بۆرژوازی بوونیان هه یه. به ڕاستی نزعه یه کی تازه ی" شوێن داخوازه". ئه مانه به دوای شوێن و به دوای ئه وه وه ن که له خوارخۆیانه وه گوێ یان لێ بگرن، یان ئه یانه وێت ناویان له سه ر له وحه ی ڕۆژنامه که یان و پلاتفۆرمه که یان، به ئه ندامی مه کته بی سیاسی یان سکرتێری گشتی ده ربکه وێت. ئه مانه هه رهه موویان بێجگه له وه ی که ووردە بۆرژوازی ده یه وێت به و مکاناته وه ده ربکه وێت. له ئاستی کۆمه ڵگاداو، چۆن ده یانه وێت که به شیان له ئابووری بۆرژوازی و سه رمایه داری گه وره دا، ده ست بکه وێت، هه ر به و ئاسته ش له حیزبه که ی، خۆیاندا ده یانه وێت ئاوا به شێکیان هه بێت.

بێگومان به له وه ی که ( ڕه ووتی به لشه فیک ) له ده ورانی پێشووتردا، جیابوونه وه و، ئیستیقاله یان دا. هه ر هه موو یان ، هه مان نزعه یان هه بوو. وه ئێستاش گۆڤارێک به ناوی ( بڵێسه ) وه ده رده که ن، هه تا کاتی نوسینی ئه م نامه یه دوو ژماره یان لێ ده ر کردووه که

خۆشیان نازانن چۆن و بە چ ڕێگایە ک مامە ڵە لە گە ڵ هە ڵسە نگاندنە کانی خۆیان لە بارە ی واقعی عە ینی و هە لوومە رجی مە وجوود باس و خواست بکە ن. بێگومان بە لە وە ی ، کە ئێستا، ئە حمە د معین و نزار عە بدوڵا و ئە مثالی وە کو ئە وانیش، هە ر هە موویان هە مان ڕاوبۆچوونیان هە بووە و هە یە. هاوڕێی ئازیز: پێم خۆشە لە ویۆە دە ست پێبکە م کە ئایا جیاوازی لە کوێوە سە رچاوە دە گرێت؟ یان چ شتێک جیاوازی کۆمە ڵایە تی و سیاسی پێک دە هێنێت؟ یان دە بێت چ شتێک هە بێت بۆ ئە وە ی جیاوازی لێوە دە ستنیشان بکرێت؟

ئە مانە هە موویان کۆمە ڵێک پرسیارن، کە پێویستیان بە وە ڵامێکی مادديیانە ی دیالە کتیکیانە هە یە تا بتوانین وە ڵامی زانستیان لێوە هە ڵبهێنجێنین. من لە ( جیاوازیم لە گە ڵ جیاوازیە کانی ئێمە) دا باسم لە جیاواز بوون کردووە. کە ئە ساسی بنیاتی جیاوازی دە گە ڕێتە وە، بۆ ئە ساسی جیاوازی فکری سیاسی کۆمە ڵایە تی، بێگومان بن لە وە ی کە جیاوازیە کان لە باری فکریە وە هە بوو، ئە وا لە باری سیاسی و کۆمە ڵایە تی یە وە دە بێت. بە ڵام بە پێچە وانە وە ڕاست نی یە کە بڵێین جیاوازی سیاسی و کۆمە ڵایە تیمان هە یە و بە ڵام جیاوازی فکریمان نی یە. وە کو ئە حمە د معین لە چاوپێکە وتنێکی دا کە لە گۆڤارێکی تازە یاندا کە دە ری دە کە ن بە ناوی( پە یامی کۆمۆنیزم) ە وە ، واتە لە ژمارە یە کیاندا ئە حمە د معین وا وە ڵام دە داتە وە کە ( گوایە ئە م دە ستە جیاوازی سیاسی و کۆمە ڵایە تیان هە یە بە ڵام جیاوازی فکری و میتۆدلۆژیان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری نی یە. ) واتە ئە مە ی ئە حمە د معین و هاودە ستە کانیان لە گە وجێتیانە وە ئیستنتاج دە کرێت و دە یانە وێت، کە دە ورو پشتێک کە هە یانە بە دوای خۆیاندا بە سیاسە تێکی دیماگۆجیانە، ساویلکە ئاسا ڕایان کێشن. <u>ئە مە میتافیزیکە.</u> واتە ئە مان بە هیچ میعیارێک و هیچ پێوە رێکی زانستی ناتوانن جیاوازی خۆیان ڕابگە یە نن، بە کۆمە ڵێک قسە و باسی بێ بایە خ و بێ توانا. بێگومان، هە ر نوسراوێکیان لە بارە ی جیاییانە وە دە رکە وتووە و هە ر هە موویانم خوێندووە تە وە. بێجگە لە وە ی کە ئە م کۆمە ڵە ، دە یانە وێت فریووکارانە وە ک ( ح. ک. ک. ع. أ) کار بکە ن

هیچی تریان تیادا ده رنه كه وتووه. ئه وان بۆ دامه زراندنی حیزبی خۆیان داوا له مه نسوری حیكمه ت ده كه ن كه مۆری ته ئید و ده ستخۆش و هاوكاریان بكات له دروستكردنی حیزبی خۆیاندا. به ڕاستی یاریه كی منداڵانه یه. هه روه كو خۆت باست لێوه كردووه بێجگه له وه ی كه ڕابه رایه تی یه كه یان به بێ لیاقه ده بیننه وه.

ئه گینا قسه یان له سه ر چۆنێتی پێكهاتنی حیزبه كه ش نی یه. چونكه خۆیان ده یانه وێت به هه مان ڕێگه حیزبی خۆیان پێک بهێنن و چونكه ئه مانیش هه روه كو له پێشووتریاندا، ئیلهامیان له مه نسوری حیكمه ته وه بۆ دابه زیه خواره وه و. واته ئه وان حیزبیان پێک هێنا بێگومان بێ كۆنگره ی دامه زراندنی حیزب (مۆدێلێكی تازه یه). بێجگه له وه ی كه قسه هه ر له سه ر به رنامه ش نه بوو، تا هه موو ده وروووپشت بزانێت ماهیه تی ئه و حیزبه ی كه پێک دێت چ ماهیه تێكی چینایه تی كۆمه ڵایه تی یه. ئه وان جدلی نێوان خۆشیان، له نێوان سه رنج و ڕه ووت و یه كێتی خه بات. به یه ک چركه كۆتایی پێهات.

كه ناوه ڕۆكی جدله كانیان بێجگه له وه ی كه ( پرۆلیتاریا) ی ڕه ووت دووباره و سێ باره كردنه وه ی بۆچوونه كانی برنشتاین و بۆچوونی زۆر لاوه كی و بێ بایه خ له سه رو دروستبوونی حیزب تێدابوو، هیچی تریان لێوه هه ڵ نه ده كرا. دوای ئه وه ی كه ئه م حیزبه پێک هات ئه وانیش به شێكی ڕابه رایه تی یه كه ی بوون، بۆ نه یان توانی له ئاستی پێویستی بزووتنه وه و جیاوازی یه كانی خۆیاندا هه ڵسوڕانێكی جدی و حه یاتی بهێنینه ئاراوه و تا بتوانن ئاڕاسته ی ڕابه رایه تی یه كه یان، به ئاڕاسته ی ڕابه رایه تی یه كی شیاو دروست دا به رن.

واته ئه مانه هیچی بۆ ئه وان و بۆ ئه مانیش جێ به جێ نه ده بوون، چونكه پێكهاته ی حیزب و ئه ندامانی ڕابه رایه تی یه كانیان، پێک هاتێكی فكری و سیاسی و كۆمه ڵایه تی ووردە بۆرژوازیان هه بوو. له به ر ئه وه ی هه موو شتێک به وه ده یان برِیه وه، كه مه نسوری حیكمه ت له فلان نامه ی دا، وای فه رمووه. بمانه وێت و نه مانه وێت ئه وه ی كه له ئاستی ڕابه رایه تی دا و، گونجاندن و هه ڵسووڕانیان له نێوان جه ماوه ردا، هه ر هه مووی ڕه

نگدانه وه ی بڕاوبۆچوونه کانیان بوو. ئیتر ئه میان ئه ڵێت، ئه وان دڵسۆزنین بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئه مان ئه توانن ئه و کاره به ئه نجام بگه یه نن. بێگومان هه مووی سیاسه تی فریوکارانه ی وورده بۆرژوازی یه. ئه گینا جیاوازیه کانیان له کوێوه یه. هه روه کو وه ختی خۆی جیابوونه وه ی به ناو فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری له مارکسیزمی شۆڕشگێڕی(ح. ک. أ) هه ر به هه مان تاودان و ئاڕاسته ی باوی ئێستایاندا تێپه ڕیوه. ئه گینا کوا قسه ی ڕۆشنی فکری و سیاسی و فه لسه فی ئه م باڵه له ناو حیزبدا. ئه مه ئه و گیانه یه که ئێستا له گیانی ئه واندابوونی هه یه. بێگومانبه له وه ی که سیاسه تی ئه و کاته و ئێستای(ح. ک. أ) هه ر هه مان سیاسه ت بووه که کۆمۆنیزمی کرێکاری هه ی بوون. چونکه ئه وان له و کاته دا ڕووبه ڕووی ئه زمه ی فکری و سیاسی خۆیان بوو بوون به و ئاڕاسته یه ی که گرتیانه به رو وویستیان تاودانی سیاسه تی وورده بۆرژوازی خۆیان بۆ کاتێکی تر و ساتێکی تر تاوبده ن. واته هه ر ئێستاش، ئه م کۆمه ڵه وورده بۆرژوازی یه ی که هه یه، نه یان توانیوه، له ئاستێکی نه زه ری و فکری و سیاسی و میتۆدی قووڵه وه جیاوازی خۆیان به ئه نجام بگه یه نن. بێگومان به له وه ی که جیاوازیه کان له جیاوازی سیاسی و میتۆدی و فه لسه فی قووڵه وه ئه توانێت جیاوازی کۆمه ڵایه تی و سیاسی و بزووتنه وه ی ئه و جیاوازیانه، ده ربخات نه وه کو به پێچه وانه وه واته باره جیاوازه کۆمه ڵایه تی یه کان و سیاسیه کان ناتوانن پێوه ربن بۆ باری جیاوازی فکری و سیاسی و چینایه تی قووڵ. بۆ نموونه ئه و جیاوازی یه ی که( پارتی و یه کێتی و ڕه ووتی ناسیۆنالیست و حیزبی شویعی کوردستان و عێراق) له لێکدانه وه کانیاندا هه یه. نه یتوانیوه له ئاستی فکری و سیاسیاندا و له ئاستی کۆمه ڵایه تیاندا که ناڵی گه وره بخاته نێوانیانه وه. چونکه هه ر هه موویان ئاوی سه رچاوه که یان، سیاسه تی سه رمایه داری و بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی یه. واته <u>ئه گه ر تۆ سیاسه ت و کۆمه ڵایه تی جیاواز ده بێت ده بێت بنه مایه کی فکری و چینایه تی جیاوازت هه بێت، که جیاوازی سیاسی و کۆمه ڵایه تی تۆ ده ستنیشان بکات</u>. چونکه بۆ هه ر جیاوازیه کی سیاسی و کۆمه ڵایه تی، تیئۆرێک و فکر و فه لسه فه یه ک جیاوازی یه که یان بۆ دروست ده کات.

چونکه لێکدانه وه کانی ماددییه تی دیاله کتیک بۆجیاوازی بوون ئه و جۆره لەکدانه وه و ده ربڕینه ی هه یه، نه وه ک میتافیزیک ، مامه ڵه بکرێت و به ترۆپکی ماددییه تی دیاله کتیک به یان بکرێت. واته نه جیاوازیان هه یه و نه ده توانن ئه مان خاڵی دره خشانی وه رچه رخانه کان له ئه ستۆبگرن.

توێژ گه لێکه و ده یه وێت له خوودی توێژه که ی خۆیدا به سیاسه تێکی فریوکارانه و فێڵ بازانه ی خۆیان په ڕووباڵ نه کرێن. ئه گینا ئه ندام مه کته بی سیاسی یه کانیان به ئه نواع و ئه شکاڵی حه مله ی شه خسی بۆ سه ر یه کتری هه وڵی به ده ستهێنانی پۆسته که یان ئه ده ن له مه کته بی سیاسی دا. واته ئه مانه نزعه ی تازه ی بۆگه ن بووی <u>وورده بۆرژوازی شوێن داخوازه.</u>

من لێره وه ده چمه سه ر کۆنگره ی یه که می( ح. ک. ک.ع) که ئه ویش بێ توانایی و، به ڕاستی هه ڕه مه کی ده ستدانه گرتنی کۆنگره یه. بێگومان، بۆ هه موو کۆنگره یه ک!

هه ر حیزبێک وه به تایبه تی( ح. ک) ده بێت ڕاپۆرتێکی حازرکردبێت که به ته واوی ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمه ڵایه تی تیادا هه ڵسه نگێنرابێت و به ته واوی، له هه موو لایه نه کانی بزووتنه وه که و ئاستی که م و کوڕیی یه کان و ئه و ئاسته ی که له ناوچه ی کۆمه ڵگادا بزووتنه وه که ی، پێ گه یشتووه و ئه و ئاسته ی که بزووتنه وه که و ڕه وه ندی ئابووری محه ل به جیهانه وه و، جێگه و پێگه ی کۆمه ڵایه تی و سیاسی ئه و چینه له کۆمه ڵگاو جیهاندا به کوێ گه شتووه ئه مانه ئه بنه ئه وه ی که کۆنگره به شۆڕ و شه وقێکی تره وه هه ڵبسوورێت. بێگومان ئه مانه هیچیان ڕوویانه دا له کۆنگره که یاندا. لێره وه ده مه وێت ئه وه بڵێم که من گلهییم لێیان نی یه، به ڵکو سیاسه تێکی شه خسی هه ڵیانده سووڕێنێت. که هه موو سیاسه ت و لێکدانه وه کانی ئه مانه، له ساته وه ختی شیره که یاندا شیرێکی ترشاو ده بێت.

هاوڕێی به ڕێز ده مه وێت بچمه سه ر ئه و باسه ی که کردووته له سه ر ئه وان. نوسراوی( ئیکۆنۆمیسته کان نوێنه ری زانستی بۆرژوازین) به ڕاستی پێم خۆشه که ملاحضه و

پێشنیاری وا بکرێت و یان لێکدانه وه یه کی له سه ر بکرێت. بۆ ئه وه ی که هه مووومان به باشی و به چست و چالاکانه تر کاری له سه ر بکه ین. بێگومان که تۆ له وه وه ده ستت پێکردووه و ده ڵێیت ئه وان ئه ڵێن: خه باتی ئابووری کۆڵه که ی خه باتی چینی کرێکاره و ( ئیکۆنۆمیسته کان......) زۆرتر ته رکیزی خستۆته سه ر، بێگومان ماهیه تی ئیکۆنۆمیسته کان به و ماهیه ته دێته به رچاومان که ته رکیزی بنه ڕه تیان له خه باتدا ده خه نه سه ر خه باتی ئابووری و به س. واتا به قه ولی برنشتاین که ده ڵێت: ( کردار هه موو شتێکه و ئه نجام هیچ شتێک نی یه ) خه باتی ئابووری له پرۆسه یه کی زه روری په یوه ندی کۆمه ڵایه تی چینایه تی ئه و دوو چینه دا، پرۆسه یه کی به ووجوودهاتووی په یوه ندی ئابووری سیاسی کۆمه ڵگایه. واتا به زه روریه ت ئه م پرۆسه یه، ده گات به و ئه نجامه ی که کرێکاران به ڕووی خاوه ن کاراندا بهێنێته سه ر داوای ئابووری ڕۆژانه ی خۆیان.

به ڵام ئه مه به و مانایه نی یه که کۆمۆنیسته کان به کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینایه تی چینی کرێکاری دابنێن. به ڵام هه روه کو خۆت ئه ڵێیت و ئێمه ش له ( ئیکۆنۆمیسته کان....) دا به و جۆره باسمان کردووه که چڵێکه له خه باتی چینایه تی چینی کرێکار( تکایه به ووردی بگه ڕێنه وه سه ر نوسراوه که!) به ڵام نابێته کۆڵه که ی حه یاتی خه باتی چینی کرێکار.

چونکه کۆڵه که ی حه یاتی، یان شاده ماری خه باتی چینایه تی، خه باتی ئابووری بێت، که له بنه ڕه تدا زۆر پێچه وانه ی لێکدانه وه کانی مارکس و ئه نگڵس و لینین و خوودی پێویستی بزووتنه وه که و، خه باتی شۆڕشگێڕانه ی مێژووی چینی کرێکار و واقعی عه ینی په یوه ندیه کانی کار و سه رمایه و چه وسانه وه و چه وساوه و چه وسێنه ر وه ک خۆی ده هێڵێته وه.

چینی کرێکار ده توانێت خه باتی سیاسی خۆی به ووجوودی سیاسی خۆی، بکاته کۆڵه که ی حه یاتی، خه باتی چینایه تی، چونکه ئه م خه باته ی چینی کرێکار خه باتێکی هه مه لایه نه و، به ئاگاهانه و به دیسپلینی خه باتی چینایه تی یه بۆ ئامانجی مێژوویی خه باتی چینایه تی و گۆڕانکاری مێژوویی یه ک سه رده می مێژوویی بۆ په یوه ندی بێ چینی ئینسانه کان. چونکه خوودی ئه م خه باته ئاسۆیه کی به ووشیارانه ی خه باتی له خۆیدا به رجه سته و

واقع كردووه ته وه و ده يكاته وه. ئه وه ی كه ئه وان باسی لێده كه ن و له وانه شه پێیان وابێت كه ئه توانێت له م ڕێگه يه وه چينی كرێكار شۆڕش به رپا بكات.

ئه م ده ربڕينانه ی ئه وان ته نها بۆ ئه وه يه، كه چينی كرێكار بێ ئاگا بكه ن له حاڵ و وه زعی خۆيان و ئاينده ی خه بات. چونكه خه باتی ئابووری پێ كووته ی چينی كرێكاره له خه باتی مێژوويی و گۆڕانكاری مێژوويی كه له سه ر شانی ئه م چينه جێ به جێ ده بێت.

ڕاستی و دروستی ئه م حاڵه تانه، هه موويان له عێراق و كوردستان و جيهانيشدا، به ڕۆشنی ده ركه وتووه و به رجه سته يه، هێشتا نه يانتوانيوه، ئه وه به ده ست بهێنن كه وه كو تۆ باسی لێوه ده كه يت و ئه وانيش كردوويانه به تۆپێكی زۆر پته وو به هێز له خه باتی چينی كرێكاردا كه له ئه ساسيشدا، ميزه لانێكی زۆر گه وره يه و به بچوكترين به ركه وتن قه باره ی ڕاستی و دروستی خۆی، واتا( قه باره ی هه وا تێكراوی) خۆی له ده ستده دات.

ئه و داواكاريانه و ئه و ڕێكخراوانه ی كه بوونيان هه بوو، هيچ ماكێكی شۆڕشگێڕانه و، داواكاری شۆڕشگێڕانه ی له خۆيدا به رجه سته نه كردبۆوه. واتا ئه وان ئه يانبێژا، له و ڕێگه يه وه زياتر كرێكاران ده سته مۆ و ڕامی سه رمايه داران نابێت.

به لأم به پێچه وانه وه ته نها بۆ ده سته مۆ و ڕام بوونی كرێكارانه.

لينين له ( دووتاكتيكی سۆشيال ديموكراته كان) دا و زۆر نوسراوی تری دا و هه روه ها ماركس و ئه نگلس يش زۆر زۆر سه رسه ختانه جه نگاون دژی ئه م سياسه ت و بۆچوونه ی ئيكۆنۆميسته كان. لێره دا يه ك تێڕوانينی لينين ده هێنمه وه كه له ( دووتاكتيكی سۆسيال ديموكراسی له شۆڕشی ديموكراتيدا... وه رگێڕانی: ف ئه سه سه رد) دا باسی لێوه كردووه و ده لێت: ( له جياتی ئه وه ی داوابكرێت به شێوه يه كی شۆڕشگێڕانه ڕۆژی كاری (٨) سه عاتی بێته دی، ( ئه وه بۆ ئه و كاتی نوسينه كه ڕاسته) برپارێكی تايبه تی به ناونيشانی زلی " ده رباره ی خه باتی ئابووری " ده رده كرێت كه ته نها دروشمی كۆنی هاندان به مه به ستی " په سه ندكردنی ڕۆژی كاری ٨ سه عاتی به شێوه يه كی ياسايی " دووپات ده كاته وه ( له دوای به كارهێنانی واتای كه ش وفشی و يه كجار نابه جێ ده رباره ی " ئه و پايه گرنگه ی كه مه سه

له ی کرێکار له ژیانی کۆمه ڵایه تی ڕوسیادا هه یه تی" ) که م و کوڕی دواکه وتنی ئه م دروشمه له م ڕۆژگاره دا، به ئه ندازه یه ک ڕوون و ئاشکرایه که هیچ پێویست به ساغ کردنه وه ناکات. ) واتا به پێی ئه م په ره گرافه ی سه ره وه ی لینین بۆ ( ٣٥ ) سه عات کار له هه فته داو دابین کردنی پێداویستی خێزانێکی پێنج نه فه ری به لایه نی که مه وه. هه ر هه مان سات و سه ودای ئیکۆنۆمیسته کانه له ئێستای مێژووی سه رمایه داری دا. واتا ئه وه ی ئه و کاته ی که له ڕوسیا و جیهاندا ئه گوزه را و ئێستاش به ئه شکاڵ و به ئه نواعیه وه هه ر هه موویان ، یه ک ناوه ڕۆکی وورده بۆرژوازی و پێکوته کردن به خه باتی پرۆلیتاریا ده هێننه وه ئارا. واتا ئه و نموونه یه ی لینین و ئه م قسه کورته ی ئێمه ش نموونه یه کی زۆر باشه به رامبه ر ئیکۆنۆمیسته کان.

واتا نه کۆڵه که ی حه یاتی یه و نه بووه ته ئه وه ی که زۆرترین که ناڵی خه باتیش بخه یته ژێر ڕکێفی ئه و خه باته وه. ئه وان بۆ سه لماندنی ئه م بۆچوونه ی خۆیان واتا ( ح. ک. ک. أ و ع ) بۆچوونێکی تر ده هێننه وه که ده یانه وێت خوودی کرێکاران و پێکهاته ی چینایه تیانه ی و ده ووری مێژوویی ئه م چینه پابه ند بکه ن به ڕیفۆرمه وه و ده ڵێن: ( چینی کرێکار یانی خه باتی ئابووری و خه باتی ئابووری یانی چینی کرێکار) ئه مه له مه قوله یه کی میتافیزیکی بۆ لێکدانه وه ی په یوه ندی چینایه تی چینی کرێکار به مێژوو، سیسته می ئێستای سه رمایه داری یه وه هیچ لێکدانه وه یه کی ترنیه. واتا ئه م ده سته واژه یه له و ده سته واژه یه ی هیگڵ وه پرۆسیس کراوه که غه رقی میتافیزیکه و ده ڵێت: ( هه موو شتێکی ڕاست واقعی یه و هه موو شتێکی واقعی ڕاسته ) واتا ئه م بۆچوونه ی هیگڵ له بۆچوونێکی ته سلیم کار و به شان و باڵ هه ڵدانی سیسته می چینایه تیدایه. بێگومان زۆر هه زیل و بێ ناوه ڕۆکه. چونکه، به پێی ئه م بۆچوونه ئه بێت ئێمه واقعی کۆمه ڵایه تی سیاسی چینایه تی سه رمایه داریمان له لا ڕاست بێت، چونکه ئێستا کۆمه ڵگای سه رمایه داری ئێستا واقعه. به ڵام له لای ئێمه واقعێکی ڕاست و دروست نی یه و به شه ر نابێت له ڕێگه ی واقع بوونی یه وه ده ست به رداری گۆڕانکاری نه بێت له بنه ره تی ئه م په یوه ندی یه چه وسێنه ره ی سه رمایه داری. له گه

ڵ ئه وه شدا یه ک سه رده مه له سه رده مه مێژوویی یه کان که له م ڕووه یانه وه ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت. واتا ئه و ده سته واژه یه ی کۆمۆنیزمی کرێکاری هه مان واتا و هه مان ناوه ڕۆکی فه لسه فی و چینایه تی و سیاسی و کۆمه ڵایه تی هه یه. ئه و هه موو بڕوبیانوانه ی که هێنراونه ته وه، هه ر هه موویان له به ر ئه وه ن که خوودی بزووتنه وه ی سیاسی چینی کرێکار له دوو توێی سیاسه تی به ڕیفۆرم کردندا غه رق بکه ن و به و سیاسه ته ش په رده پۆشیان بکه ن و له ڕاسته ڕێگه ی واقعی و خه باتی چینایه تی بۆ به ده ستهێنانی ڕزگاری چینی کرێکار و مرۆڤایه تی، خه باتی واقعی و عه مه لی و زانستی چینی کرێکار لابده ن.

چونکه ئه م ووتانه ی ئه وان ته نها له ئه بستراکت وه بۆ لێکدانه وه ی خه بات و مێژوویی به لێکدانه وه یه کی میتافیزیکیانه ی خۆیان ده یانه وێت سه رمایه داری له سه ر پێی خۆی ڕابگرن. واتا ئه مانه له مه هام و به های ڕێکخراوه و حیزبی وورده بۆرژوازی دا خاڵی دره خشانی بۆچوون و پایه ی فکری یانه. لێره دا ئێمه ده بێت له به رامبه ر میتافیزیکدا هه ڵوێسته یه ک بکه ین و به وه ڵامی مادده ییانه ی دیاله کتیکیانه ی خۆمان جوابیان بده ینه وه و بڵێین: چینی کرێکار واتا شۆڕشی سۆشیالیستی و شۆڕشی سۆشیالیستی واتا چینی کرێکار. ئه مه لۆژیکی کارکردنی مادده ییانه ی دیاله کتیکیانه ی ئێمه و په یوه ندی و هه ڵخڕاندنی چینی کرێکاره، له مێژووی خه بات و مێژووی مرۆڤایه تی دا. به م پێ یه له چوارچێوه ی ئه م خه باته ی که ئێمه ده یخه ینه ده ستووری چینه که مان و خۆمانه وه. خه باتی ئابووریش به شێکی یان ( جزء) ی خه باته که مان ده بێت. نه وه ک شاده ماری خه باتمان بێت. بێگومان هه موو ئه و دیدگایانه ی که به رجه سته یه له نه زه رو بۆچوونه کانیاندا هه ر هه مووی هه ڵهێنجراوی ڕیفۆرمیزم و ئیکۆنۆمیزمه.

لینین له ( دووتاکتیک....) دا ئه وه ده کات به مه هامی کۆمۆنیسته زانستی یه کان که پرۆلیتاریا به دووربگرن له خه باتی ئیکۆنۆمیستی ئیکۆنۆمیسته کان و ده ڵێت: ( کۆمۆنیسته کان ( به پرۆلیتاریا ده ڵێت) شۆڕشه که مان شۆڕشێکی گشت لایی یه بۆیه ئه بێت تۆش وه کو پێشڕه و ترین چینی تاکه چینی تا سه ر شۆڕشگێڕ هه وڵ و ته قه لای خۆت بخه یته گه ڕ بۆ

ئه وه ی نه ک ته نها به کاریگه رترین شێوه به شداری تێدا بکه یت به ڵکو بۆ ئه وه ی سه رکردایه تی کردنیشی بگریته ئه ستۆ. بۆیه نابێ به چوارچێوه ی خه باتی چینایه تی به مانا ته سکه که ی و به تایبه تی به مانای جوڵانه وه یه کی پیشه یی، ( هێڵی تأکید هی خۆمه) خۆت ببه ستیته وه به ڵکو به پێچه وانه وه ئه بێ تێبکۆشێ بۆ ئه وه ی سنوورو ناوه ڕۆکی خه باتی چینایه تی خۆت به ڕاده یه ک فراوان بێ (تأکید هی لینین)ه که نه ک ته نها هه موو ئه رکه کانی شۆڕشی دیموکراتی و گشت لای ئه مرۆی ڕوسیا، به ڵکو ئه رکه کانی شۆڕشی سۆسیالیستی داهاتووش بگرێته وه (تأکید هی لینین)ه. بۆیه به بێ ئه وه ی بزووتنه وه ی پیشه یی نه گریته به رچاو به بێ ئه وه ی له که ڵک وه رگرتن له بچووکترین مه یدانی چالاکی ئاشکرا ده ست هه ڵنه گرێ، ئه بێ له ڕۆژگاری شۆڕش دا ئه رکه کانی ڕاپه ڕینی چه کدارانه ، پێکه وه نانی سوپایه کی شۆڕشگێڕ و حکومه تێکی شۆڕشگێڕ وه کو تاکه ڕێگای هێنانه دی سه رکه وتنی یه کجاره کی به سه ر تزاریزم و هێنانه کایه ی کۆمارێکی دیموکرات و ئازادی سیاسی ڕآسته قینه له پله ی یه که می گرنگی دابنێ ی. (تأکید هی خۆمه).

ئێمه ش به هه مان ڕێگه و به هه مان ئاست له گه ڵ خه باتی چینی کرێکاردا ین ، نه وه کو ئه وه ی که خه باتی ئابووری به کۆڵه که ی حه یاتی سه یربکرێت و بخرێته پله ی یه که می هه موو لایه نه گرنگه کانی خه باته وه.

واتا هیچ کاتێک پێمان وانی یه که ڕه فزی ته واوی بکه ین. ده ڵێین ئه م په یوه ندی یه که خه باتی ئابووری هه یه تی به چینی کرێکاره وه به زه رووریه تی په یوه ندیه چینایه تی و کۆمه ڵایه تی و سیاسی یه که ی به کۆمه ڵگاوه هاتووه ته ئاراوه، واتا نه بۆ ئێمه ده بێته مایه ی ڕه فزو نه ده شبێته کۆڵه که ی حه یاتی. چونکه دنیای ئه مڕۆ به پێی پێشینه یه ک، که سیسته می سه رمایه داری هه یه تی ئه وه ی سه لماندووه که خه باتی ئابووری به هیچ جۆرێک پله ی یه که می نی یه، بۆ چینی کرێکار، چونکه ئه و هه موو خه باته ی که کراوه له پێناو سه عات کاری که م و کرێ ی زیاد دا، نه یتوانیوه ئاستی سیاسی و کۆمه ڵایه تی و ئابووری چینی کرێکار بباته ئاستی شۆڕش و پێگه یاندنی سیاسی ئه و چینه وه. ئه گه ر

بڕوانینه پێشکه وتنه کان، هه ر له به ئه له کترۆن کردنی پیشه سازی و تا ده گات به وه ی که ڕۆبۆت زۆر به رهه م به چاکی و به زۆری و به دیقه ته وه به رهه م ده هێنێت، بێجگه له وه ی، که ئه نته رنێت و ئێستاش ئه نترانێت، به کار ده برێت هێشتا ئاستی گوزه رانی ئه م چینه نه چوونه ته ئاستی ئه و پێشکه وتنه ی که به ده ست هاتووه و ده توانێت له ڕێگه ی ئه و پێشکه وتنه وه، په یوه ندیه کان به چاکی و به باشی و به پێی ئه و سه رده مه داواکاری یه کان بۆ کرێکاران به ئه نجام گه یه نرابێت و تیایدا به هره مه ند بووبن له زۆرترین داهێنانه نوێ کانی مرۆڤایه تی. که به شی سه ره کی ئه م داهێنانانه له هێزوبازوی ئه مان به ئه نجام ئه گه یه نرێت.

به م پێ یه له هه موو حاڵه ته کانی خه باتی ئابووری دا، له هیچ ساتێکی ئه م نیزامه دا، به ده ست هاتووه کانی خه باتی ئابووری به ئاستی پێشکه وتنی کۆمه ڵ و پێگه ی کۆمه ڵگا له زانسته کان نه بووه. هه تا ئێستاش نیزامی سه رمایه داری و بێژه ره کانیان له توێژگه لی ووردە بۆرژوازی ئه وه ی له گیانی کرێکاراندا به رجه سته کردووه و ده یکات، که بێ ئه همیه ت سه یری گۆڕانی سیاسی کۆمه ڵگا بکه ن، واتا گۆڕانی چینایه تی و مێژوویی کۆمه ڵگا. ئه مانیش له ڕێگه ی فه لسه فه که یانه وه، که به کۆمۆنیزمی کرێکاری به یان ده کرێت. هه مان کار به ئه نجام ده گه یه نن.

ئه نگلس له ساڵی ١٨٩٥ دا قسه ی له سه ر ( ستیڤان بورن ) که هاوڕێی نزیکیان بووه و ئه ندامی یه کێتی کۆمۆنیسته کان بوو له بروکسل و پاریس و ئه ندامێکی چالاکیش بووه، وه پێی ده ڵێت: که واتای یه کجار نه رم و پڕ پێچ و په نای به کار هێنا. واتا ئه م کۆمه ڵه کۆمه ڵێکیان دروستکرد به ناوی " برایه تی کرێکاران" زۆر په ره یان سه ند تا ساڵی ١٨٥٠. وه ئه نگلس له سه ری ده ڕوات و ده ڵێت: ( واتا مه به ستی له ستیڤان بورن)ه ده ڵێت:( به ڵام له سه ره تای ده ستپێکی چالاکی خۆیدا وه کو کابرایه کی سیاسی زیاتر له پێویست په له ی کرد. ئه و له گه ڵ مشتێک ناگونجاوترین چه قۆکێش و سه رسه ری په یمانی برایه تی به ست" ته نها بۆ ئه وه ی که سانێک له ده وری خۆیدا کۆبکاته وه. ئه و به هیچ جۆرێک له و که سانه

نه بوو كه ده توانن له واژه له گه ڵ يه ک ناكۆكه كان– يه كبوون و له تاريكی ڕووناكی بێننه كايه وه. بۆيه له بڵاوكراوه ڕه سميه كانی كۆمه ڵی برايه تی ئه ودا هه ميشه شێواويی يه كی ئه ندێشه يی ده بينين و بۆچوونه كانی " مانيفێستی كۆمۆنيست " له گه ڵ بيره وه ری و ئاره زووی پيشه يی و چه ند په ره گرافێكی لويس پلان و برودون و داكۆكی كردن له شێوه پاراستنی سه رمايه ی ناوخۆ و شتی تر تێكه ڵ و پێكه ڵ كراوه. به كورتی ئه و كه سانه ده يانوويست دڵی كه س نه ڕه نجێنن.

ئه وان به زۆری خه ريكی به رپاكردنی مانگرتن، ڕێكخستنی يه كێتی يه پيشه يی يه كان و كۆمه ڵه هه ره وه زی يه به رهه م هێنه ره كان بوون و ئه وه يان فه رامۆش كردبوو كه ئه ركی ئه وان پێش هه موو شتێک بريتی بووه له وه ی كه له سه ره تادا له ڕێگای سه ركه وتنی سياسی يه وه شانۆيه ک بۆ هه ڵسووڕانی خۆيان وه ده ست بهێنن شانۆيه ک كه ته نها تيايدا ده توانرێ ئه م جۆره كارانه به شێوه يه كی بنه ڕه تی و ئومێد به خشانه ئه نجام بده ين.

( تأكيد هی لينين) ه ).

وابزانم ئه وه نده به سه كه له سه ر ئه وان بدوێين له م نامه يه دا و پێيان بڵێين به ڕاستی سياسه تێكی ئيكۆنۆميستانه يان گرتووه ته به ر و جێگای ڕه خنه و سه رزه نشتێكی گه وره ن له لايه ن كۆمۆنيسته زانستی يه كانه وه.

خه باتی ئابووری ئه وه نده گه وره كراوه ته وه له لايه ن ئه وانه وه، هه تا به ده ست هێنانه وه ی كه رامه تی ئينسان ده به نه وه بۆ ڕيفۆرم.

واته له لای ئه وان ڕيفۆرم به ده ستهێنه ره وه ی كه رامه تی ئينسانی كرێكاره. ئه م ديدوبۆچوونه جارێكی تر و، فه لسه فيانه تر ده سته مۆی كرێكارانيان پێ ده كه ن بۆ سه رمايه داران. چونكه ئه مان ده يانه وێت دنيای سه رمايه داری نه گۆڕێت و يان كه رامه تی ئينسانی كرێكار له گۆڕانی دنيای سه رمايه داری يه وه نابيننه وه بۆ دنيايه كی بێ چين و توێژ. كه له بنه ڕه تدا شه رعيه ت پێدانی ئه م نيزامه يه به بڕوبيانووی خۆيانه وه و به بڕوبيانووی ئه وه ی كه ئۆكسجين له كرێكاران قه ده غه ده كه ن.

به بۆچوونی من پێم وانی یه كه سه رمایه داری بتوانێت ئه و كاره ئه نجام بدات له ڕێگه ی ڕیفۆرم خوازی وورده بۆرژوازی یه وه. واته بۆ ئه وه ی ئینسان كه رامه تی ئینسانی خۆی بپارێزێت و یان له ده ستی نه دات و ئه و بێ كه رامه ت سه یركردنه ی كه ئێستا هه یه بگۆڕێت.

هێشتنه وه ی په یوه ندی سیاسی و كۆمه ڵایه تی و ئابووری چینی كرێكار نی یه له هه مان چوارچێوه داو به كرێ دان و گرتنی بێت له لایه ن سه رمایه دارانه وه. به ڵكو سه ركه وتنه شۆڕشگێڕانه كانی ئه م چینه ئه توانێت زامنی به ده ست هێنانی كه رامه تی ئینسانی بێت.

چونكه شۆڕشی پرۆلیتاریا، یه كه ی په یوه ندی یه ئابووری یه كان له به ر یه ك هه ڵده وه شێنێته وه و، په یوه ندی چینی كرێكار به كۆمه ڵگاوه وه ك ئینسانێك كه له ڕێگه ی به كرێ دانی هێزی كاره كه یه وه بتوانێت ژیانێكی مه مره و مه ژی بۆخۆی دابین بكات و هێشتا پێشی ڕه وا نابینرێت كه له به ڕێوه بردنی كۆمه ڵگادا به شداری بكات. واتا كۆمه ڵگای بێ چین كه له سه ر بنه ڕه تی په یوه ندی ئینسان به كۆمه ڵگاوه په یوه ندی یه ك دروست ده كات، كه هه ر كه س به پێی توانا و هه ركه س به پێی پێویست، په یوه ندی خۆی و سروشت و خۆی و كۆمه ڵگا ڕاده گرێت.

ئه و هه موو فڕوفیشاڵانه ی كه ئه وان ده یكه ن ته نها بۆ ئه وه یه كه شه رعیه ت به تیئۆری ئیكۆنۆمیستانه ی خۆیان بده ن و بتوانن ئه وه له لای خۆیان دروستبكه ن كه خه باتی ئابووری ببێته كۆڵه كه ی حه یاتی خه باتی چینایه تیان و زیاتر بڕوبیانووی خۆیان بۆ ساویلكه یی ده ورویشتیان بهێننه وه و سوود و قازانجی سه رمایه دارانیش زامن و به رجه سته و له سه ر ڕپێی خۆی ڕاگیرو توندوتۆڵ بكه ن.

بۆ مه سه له ی خه باتی سیاسی و شۆڕش، كه گوایه له كۆنگره ی یه كه می حیزبیاندا، باسیان لێوه كردووه و گوایه ئه مان به هه وڵی به ئامانج گه یاندنی شۆڕشه وه ن.

ئه مه یان زیاتر له وێوه ڕه نگی داوه ته وه كه ئێمه قسه و باسمان له سه ر كردوون و پێشمان ووتوون كه ڕیفۆرمیست و ئیكۆنۆمیستن. له م كاری گه ریوه یه ئه م ده سته واژه یه یان

هێناوه ته ئاراوه و هه تا،ئه م کاره ش له ماهیه تی خۆیاندا ووجوودی هه بێت،هێشتا نه یتوانیوه تاکتیک و ستراتیژ به خزمه تی بزووتنه وه ی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار ئاڕاسته بکه ن هه تا له م کۆنگره یه دا ( موءید ئه حمه د و ڕێبوار ئه حمه د) قسه یان له سه ر ئه وه کردووه زۆر به کورتی و ووتوویانه گوایه ( کۆمه ڵێک ڕۆشنبیری کۆمۆنیست هه ن که ڕه خنه مان لێ ده گرن و پێمان ده ڵێن ڕیفۆرمیست) ته نها ئه وه نده یان درکاندووه و نه چوونه ته ناو فراوانی باسه که وه.

ئه وان ناتوانن له ژێر کاریگه ری ئه و ڕه خنانه ی ئێمه دا، به ته واوی ده ربچن و باس و خواستی جدی خۆیان له سه ر ئێمه بکه ن چونکه هه رکارێک ئه وان به شیاوی بزانن بۆ به ر په رچ دانه وه ی بۆچوون و کاره کته ره کانی که کاری گه ریان له سه رداناون ، به جدل و بحثی سیاسیش بێت ، ئیتر ئه وان زیاتر ده ستی له ناو ده ستکێشیان به باشی و به ڕوونی ده رده که وێت. وه له لایه ک بورکانێک که خۆی مه ڵاس داوه له هه ناوی ئه واندا، له وانه یه ترسیان له وه هه بێت که ئه م بورکانی ناڕه زایه تی یه، نه و ه کو گه یشتبێته نزیکترین شوێنی سه ر ده رهێنان و ته قینه وه ی. ئه و سیاسه ته دیماگۆجیانه ی که ئه وان گرتوویانه ته به ر، ناتوانێت یه ک تۆسقاڵ له ڕاستی و دروستی واقعی بۆچوونه کانمان کاڵ ڕه نگ بکاته وه.

ئه وان به رنامه که یان یان مشروعی به رنامه یی ڕۆژانه یان به ته نها به یاننامه یه کی حیزبه کوردی یه کان له ڕه گ و ڕیشه وه هه ڵده وه شێته وه. چونکه هیچ کارێکیان بۆ هووشیارکردنه وه ی ئه ندامان و ده ورویشتیان نه کردووه . بێجگه له وه ی سیاسه تی ئه و فکره ی ئه وان کاری به و جۆره ی هه تا ئێستا هه یانه ده گرێته ئه ستۆیان.

کامه بحثیان بحثی زانستی و واقعی بووه و کام هه ڵسه نگاندنه یان به ئاستی جیهان و ناوچه که دا هه ڵسه نگاندنێکی ڕاست بووه تا نه خشه کرداریان ، کار و په رچه کرداری هه بێت له سه ر سیاسه ت و ڕووه نده کانی جیهان. کام کاریان کاریگه ربووه بۆ سه ر جوغرافیای سیاسی له ناوچه که و له و شوێنه ی که کاری له سه ر ده که ن. یان کام ئه نجام گیریان له سه ر

سیاسه تی ئه مریکا و شه ڕی ناوخۆ و پیرۆزکردنی ڕه وه نده ئیسلامیه کان، به ئه نجامی تیئۆری و سیاسی دروستدا ڕۆشتووه تا بتوانن هه موو لایه نه کانی ئه م سیسته مه بخه نه ژێر کاریگه ری بڕواو بۆچوونه کانیان و له جیهاندا له سه رده ستی ئه مان دوای شکستی ڕه وه ندی سه رمایه ی ده وڵه تی ئه مان به ناوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمه وه کاریگه ریان هه بێت.

بۆ هه موو ئه م لایه نانه نه یانتوانیوه له وه بگه ن که کاریگه ری یه کۆمه ڵایه تی و سیاسی و ئابووری یه کان چ ده وریکیان له دروستبوونه وه ی ڕه وه ندی کۆنه په رستی قه ڕنه کانی پێشوودا هه بێت، ئه مان لێکیان دابێته وه،

بتوانن ده وور و نه خشی پراکتیکی خۆیان بۆ تێکشکاندنیان به ئه نجام گه یاندبێت.

ده وور و پشتیان و ئه ندامانیان ذهن یان ڕۆشن کردبێته وه و بتوانن ئه وانیش ده ووری کاریگه ریان هه بێت له سه ر ڕه وه نده کانی سیاسی و کۆمه ڵایه تی و ئابووری جیهان و ناوچه که. که ی توانیویانه شه ڕی ده سته و یه خه ی فکری و سیاسی خۆیان به ئه نجام گه یاندبێت.

ڕێبوار ئه حمه د و هه موو ئه ندامانی ڕابه رایه تیان، له لیستێک قسه وباسی زۆر ئاست نزم و کاڵ و کرچ نه بێت هیچ ئه نجام گیری یه کیان له سه ر ڕه وه ندی ئێستای سه رمایه داری به ئه نجام نه گه یاندووه. هه تا قسه و باسکردنیان له سه ر دین و سه رهه ڵدانه وه ی ڕه وته مه زهه بی یه کان. به قسه و باسی واقعی و هۆی سه رهه ڵدانه وه یان درک نه کردووه.

من پێم وایه هه تا لێکدانه وه یه کی ئابووری سیاسی و کۆمه ڵایه تی بۆ نه کرێت ناتوانین به و ئه نجامه بگه ین که چۆنێتی سه رهه ڵدانه وه و جارێکی تر دووباره بوونه وه ی مێژوو به ڕوویه کی مه هزه له ئامێز درک بکه یت. له به رامبه ریشیدا په رچه کرداری واقعی خۆت به ئه نجام بگه یه نیت. هه ڵبه ت ئه مه بحثێکی تر و جێگایه کی تر هه ڵده گرێت.

بێجگه له مانه به تاڵ کردنه وه ی دین، په یوه ندی به به تاڵ کردنه وه ی فکری دینی هه یه، ئه م به تاڵ کردنه وه یه ش به ڕێچکه ی مادديیه تی دیالە کتیکی ده بێت، نه ک کۆمه ڵێک

قسه ی هه رزه ی سیاسی و هه جوو ئامێز و قسه کردن له سه ر مه لایه ک بووترێت سیاسه تێکه ده ستی داوه ته به تاڵ کردنه وه ی دین. ئه مانه ئه و ڕێچکه یه ی ئه وان بوون که له مه کته بی سیاسی ( ح. ک. ک. أ ) وه پێیان ده ووترا، به یان نامه یه ک ئه توانێت ئیحساسی نه ته وه یی و مه زهه بی له جه سته ی کۆمه ڵگا ده ربکێشێت. ئه مه شیان بێجگه له خۆدزینه وه له بحثی سیاسی و کۆمه ڵایه تی و ئابووری کردن له سه ر ئه م جۆره جیاوازانه ی ڕه وه ندی کۆمه ڵگای سه رمایه دار هیچ ئاکامێکی لێ به ئه نجام ناگات. واتا برنشتاین ئاسا کار به ئه نجام ده گه یه نن که ( کردار هه موو شتێکه، ئه نجام هیچ شتێک نی یه ) واتا ئه مه کاروکرداری ئه وان بێت. ئیتر چ کاریگه ریه کیان له سه ر هه ستانه وه ی بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی هه یه له ئاستی ناوچه که و جیهاندا. بێگومان فکر و بۆچوونیان هه ڵهێنجاوی سیاسه ت و په یوه ندی کۆمه ڵایه تی وورده بۆرژوازی بێت، ئیتر ئێمه چۆن بڕوامان وایه، که ئه مان بتوانن ئه و کاریگه ره یان له سه ر ناوچه که و جیهان هه بێت. وورده بۆرژوازی به هیچ جۆرێک ناتوانێت له ده ورانه شۆڕشگێڕیه کان و ده ورانی هه ستانه وه ی ئه م بزووتنه وه ی کۆمۆنیستی یه دا. ده وور بگێڕن و کاراکته ری ئه و ده ورانانه له ئه ستۆبگرن. به بۆچوونی بێجگه له وه ی که هه موو شته کان به به رژه وه ندی خۆیان ئاوه ژوو ده که نه وه و سوود و قازانجی زیاتر به سه رمایه داران ده گه یه نن هیچ کارێکی تر بۆ پڕۆلیتاریا و بزووتنه وه کانیان ئه نجام ناده ن. بۆ به دیلی ( ئه لته رناتیڤ ) ی هه موو ئه و کاراکته رانه ی شۆڕشگێڕیتی. من به یه ک ووته ی مارکس ده ست پێده که م که ده ڵێت: ( هووشیاری ئیراده دروست ده کات، نه وه کو ئیراده هووشیاری دروست بکات ) شۆڕشیش ئیراده ی ئینسان دروستی ده کات، واتا هووشیاریه کاریگه ری جدی و حه یاتی له سه ر پێشخستنی شۆڕش هه یه. بێگومان، هه موو ئه و شۆڕشانه و گۆڕانکاری یه مێژووویانه که ڕوویانداوه و به نه تیجه ی جدی و حه یاتی و مێژوویی خۆیان گه یشتوون، ئیراده ی ئینسان تیایدا ڕاڤه کراوه و ئه ویش هووشیاری یه که ی ئه و ئیراده ی گۆڕانه ی تیادا دروست کردووه و به نه تیجه ی گۆڕانکاری گه یاندووه، وه ئه وه ی پێبه خشیوه مانه وه ی کۆمه ڵگایه ک، به و جۆره ی

بوونی ده بێت هیچ ناگه یه نێت بۆ که سی هووشیار ته نها گۆڕانکاریه که ی نه بێت. واتا بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، که ئه توانێت وه ڵامی جدی و حه یاتی به هه موو ئاسته کانی پێگه یشتنی په یوه ندی کۆمه ڵایه تی بیّ چین بداته وه، ته نها هووشیاری سیاسی پرۆلیتاریایه، ئه توانێت ئه و په یوه ندی یه به په یوه ندیه کی سه رکه وتوو به ئه نجام بگه یه نێت.

چونکه ئه و هووشیاریه ی که تۆ پێی گه یشتوویت هه ڵوێستی دروست و ڕاست و ڕه وان و به ئیراده ی بۆ دروست کردویت، له به رامبه ر هه موو ڕه وه نده جیاجیاکاندا، بۆ ئێمه و هه مووشمان هه ر وه هایه. واتا ئه م نموونه یه باشترین و ووردترین نموونه ی ئه وه یه که ئه رکی ئێمه هووشیارکردنه وه ی کرێکاران و سیاسی بوونیانه له سه ر ئاستی سیاسه تی جیهانی و به بڕوا و بۆچوونی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی زانستی.

ئۆردووگابوونی کوردستان، په یوه ندی داره به سیاسه تێک که تیایدا خه ڵکه که ی، به کاربه ره ( مستهلک ) و دووره له هه موو به رهه م هێنانێکه وه( بێجگه له هه ندێک به رهه م هێنانی بیّ کاریگه ر نه بێت).

ئه مه ته نها هه موو عێراقی داگرتووه ته وه نه وه ک به س ته نها کوردستان بێت. بێگومان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری له وه نه گه یشتوون یان له هیچ به ڵگه نامه و بڵاوکراوه یه کیاندا. که چ سیاسه تێک ئه م هه لوومه رجه ی دروستکردووه بحث نه کردووه. به ڵکو ئه وه له لای ئه وان بۆیه ئۆردووگایه، چونکه کوردستان سه ر به هیچ ووڵاتێک نی یه و به ناوی هیچ ووڵاتێکه وه ئیداره ی خۆی و ئاڵای خۆی نیه.

ئه مانه هه مووی لێکدانه وه یه کی بیّ به ها و زۆر پووچن، چونکه، نه بردنه وه ی ئه م سیاسه ته بۆ سیاسه ت و هه وڵه کانی ئیمپریالیزمی جیهانی و سه رمایه داری، له ناوه ڕۆکی خۆیدا دیفاع کردنه له م سیاسه ته ی ئیمپریالیزم. هه روه ها ئه م جۆره ش له په یوه ندیه هێناویه ته سه ر ئه وه ی که باس له جیابوونه وه ی کوردستان و ڕیفراندۆم بکه ن بۆ جیابوونه وه.

بێگومان بۆگه ن ترین بڕواو بۆچوونه. كه له ( مه سه له ی نه ته وایه تی و خۆش باوه ڕی ووردە بۆرژوازی) یه كه دا باسی زۆرمان له سه ری كردووه. چونكه خوودی ئه م دابڕآنه كه له بنه ڕه تیدا دابڕان نیه و پێكه وه گرێدراوی یه ك سیاسه ته كه له ده ست به سه راگرتنی ڕاپه ڕین و تێكۆشانی كرێكارانه له عێراقدا.

واتا ئه و كاته ی كه نه ده وێران ده ست له ڕژێمی به عس وه ربده ن و نه شده وێران دروستی بكه نه وه. چونكه سیاسه تی ئیمپریالیزمی جیهان و سه رمایه داری ناوچه كه ڕووبه ڕووی ناڕه زایه تیه كی گه وره ده بوونه وه له لایه ن جه ماوه ری عێراقه وه، به رامبه ر به وان داخوازیه كانی خۆیان، له به ر ئه وه ی ئه و كاته كه ده یانووت گه مارۆی فڕینی هه وایی له سه ره ه ر ئه و كاته ی كه زرووفی عێراق خه ریك بوو له ده ست سیاسه تی ئه مریكا و ئیمپریالیزمی جیهانی له ده ست بچێت له ناوچه كه دا. بێگومان ئه م واقعه ش له ڕابردوودا به ره نجامی ڕه وه ندی سیاسه تی ئابووری و له عێراقدا و ده ووری ئه زمه و په یوه ندی كرێكار به خاوه ن كاره و به ژیانی ڕۆژانه یه وه، هه ل و مه رجی ڕاپه ڕینی هێنایه ئاراوه له عێراقدا، بێجگه له وه ی كه جه نگی كه نداو كه لێنێكی باشی بۆ بركانی داخوازیه كانی كرێكاران و زه حمه تكێشان كرده وه. كاتێك كه بزووتنه وه ی مه زهه بی له ناوه ڕاست و خواروودا و هه روه ها بزووتنه وه ی شوورایی له كوردستاندا، ببوه جێگای نیگه رانی سیاسه تی ئیمپریالیزمی جیهان و ئه و دابه ش كردنه ی هێڵه كان له عێراقدا و له ڕێگه ی سوود وه رگرتن له ئیحسا سی نه ته وه یی له كوردستانداو كردنی حیزبه كانی كوردی به مۆته كه ی سه ر خه ڵكه وه و دانانیان له جێگاو ڕێگای گونجاو و سه ركوتگه ری بزووتنه وه ی ناوچه كه .

هه روه ها له لایه كیش بێ دیسپلینی بزووتنه وه ی شوورایی و بێ نفوس و نامونسجم و بێ پلان و تێڕوانینی شۆڕشگێڕانه و به ره نگاربوونه وه ی هه موو هێرشێكی دژ به ئاڕاسته ی بزووتنه وه ی شۆڕشگێڕانه وه ڵامیان بدرێته وه. كه بتوانن پارێزگاری له ده ستكه وته كانی ئه و چینه بكات و هه روه ها نه بوونی حیزبی كۆمۆنیستی زانستی، له ساتی ڕاپه ڕین و پێش ڕاپه ڕیندا تا بتوانێت ئاڕاسته ی ڕاپه ڕین به ئاڕاسته ی ڕاستی مێژوویی دا به رێت ئه مانه

بوونه هۆیه ک که نه یان ئه توانی له مپه ڕێک له به رده م سیاسه تی ئیمپریالیزم و ناوه ڕۆکی ئه و سیاسه ته ی که پێکهێنه ری باڵاترین ئاستی سه رمایه داریه، که سیاسه تی مۆنۆپۆلی و شه ڕی ئه م مۆنۆپۆلانه له سه ر مۆنۆپۆل کردنی سه ر چاوه ئابووریه کانی عێراق له ئێستاو ئاینده دا. که کاریگه رییه کی گه وره یان هه بوو له سه ر ئه م دابه شکردنه وه همیانه یه که زۆرێک له کرێکارانی پێ خۆشباوه ڕ کرا. به ره نجامیشیان ئه وه یه که حیزبه کوردیه کانی کردووه به وه ی که جارێک یه کێکیان تووشی شکست و ئه ویتریان ڕووبه رووی پیا هه ڵدان ده کاته وه .

ئه مانه کاری سیاسی سیاسه تێکن که ده یه وێت بۆ درێژ ماوه نه خش و کاریگه ریه کانی خۆی له سه ر ئه م ناوچانه بهێڵێته وه. ئه مانه سیاسه تی مۆنۆپۆلی جیهانه و، که کێشه و مل ملانێیان هه یه له سه ر ئه م ناوچانه و هه رده م به جۆرێک کاره کانی خۆی به ئه نواع و ئه شکاڵ چالاکی کۆنه په رستیان ئه بات به ڕێوه.

جارێک به ناوی ئه وه ی که ده ست درێژیه کانی ( صدام) جدی بوونه ته وه.........

ئه نواع و ئه شکاڵ بڕووبیانووی تر باس له کۆمه ڵگاو په یوه ندیه کانی به شه ر ده که ن. واتا ئێستا هه موو دنیای عێراق و زۆر وولاتانی تری خاوه ن ئاڵاو ناونیشان و ده ستوور و یاسای سه رمایه داری ئۆردووگای مرۆڤن و ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمه ڵایه تی به ڕێوه ده به ن.

ئیتر هه ر شاد و سه رکه وتووبن هاوڕێیان

تێبینی: هه ر پێشنیار و تێبینی و ڕه خنه یه کتان هه بوو هیوادارم بۆمی ڕه وانه بکه ن چونکه له ڕێگه ی پێشنیار و ڕه خنه کانی ئێوه وه هه موومان گه ڵاڵه ی بڕوا و بۆچوونێکی زانستی و مارکسیستی ده که ین.

darko_200@yahoo.com

هاوڕێتان.... ن. ف. عبدوڵا          ١٨ / ١٠ / ١٩٩٨